# بەیان

ژ(113)ی تشرینی دووەم 1985

chalakmuhamad@gmail.com



# بەیان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی یە

سەرەکی ئەنجومەنی کارگێری
وسەرنووسەر

مصلح جەلالی



دەستەی نووسەران
اکرم محمود سمین

سکرتێری نووسین

دکتور احسان فؤاد

دکتور کاوس قفتان

دکتور عزالدین مصطفی رسول

مصطفی نریمان

محمد مصطفی حمه بور

محمود زامدار

صلاح شوان

سگڤان عبدالحکیم

محمد سلیم سوآری

سەرپەرشتی هونەری و نەخشەکێشان

هناء صباح

مونتیف وخۆش نووس: نزار بەزاز


بەرگی یەکەم: ـ دیمەنێك لە رەواندووز

بەرگی دووەم: ـ مندالأنی باخچەی سلیمانی

## لەم ژمارەیەدا


● تۆماری جەنگ:
- وێران کردنی خەرج ..................... فؤاد حسین 2
- وێرانەی بەندیخانەو خومەینی ..................... هەلمەت محمد 5
- ئێران لە باروو دۆخێکی ناهەموار دایە ..................... ب. شەپۆل 6
- رۆژێك لە مێژووی شاری‌سنە ..................... سلام 9
- ئاورێك لە کوردستانی ئێران ..................... قرەداغی 11
- بیرەوەری ـ 5 ـ تەیلول ..................... محمد مصطفی حمەبور 12

● لێکۆڵینەوە:
- جیمس جۆیس ..................... ازاد حمه شریف 17
- رەفیق ئەفەندی خادم سجادە ..................... حسین بەرزنجی 26
- گرفەتلو یەهی ..................... اسماعیل رەفەندی 33

● شیعر:
- لە چوارینەکانی بابا تاهیری عوریان ..................... محمد بدری 37
- نامەیەکا ئارمانج بەر ..................... شکری سلمان 38
- هەڵم ..................... آراس عزیز 39
- وەنەوز ..................... فریدون سامان 40

● چیرۆك
- خۆشەویستی لە مردن بەهێزترە ..................... و. عبدالکریم شیخانی 41
- تەنیایی ژووریکی بێدەنگ ..................... دانا علی سعید 46
- ماوزن ..................... صباح عبدالله یدوعی 50
- زەلابەللاحە خۆپەرستەکە ..................... و. عارف عمر گوڵ 52
- مالگانە ..................... و. هیمداد حسین 56
- سوارە رەشی گارەش ..................... اسعد عدو 61

● رەخنە:
- هەریزی دختور ..................... عصمت محمد بدل 69

● فولکلور:
- چەند حەیرانێك ژفولکلوری کوردی ..................... سعید حسین بروارى 72

● بەرهەمی لاوان:
- هیڤا من ..................... غازی ئاکرەیی 74
- تەمەن ..................... صباح رەنجدەر 75
- شیعری تورخان ولی ..................... و. محسن احمد 76
- لێکدانەوە ..................... اسماعیل انور 77
- تەڤین ..................... حسن تەنیا 78
- خەوی سوور ..................... دلشاد عمر کاکی 80

● راپۆرتی رۆشنبیری:
- راپۆرتی هەولێر ..................... شیرزاد عبدالرحمن 82
- راپۆرتی سلێمانی ..................... بلوکی شه 89
- راپۆرتی بەغدا ..................... سعید زەنگنە 90

● پاتەی بەیان ..................... آسو 95

● دوا ووشە ..................... بەیان



دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی

.مەیدانی خەلانی ـ بەغدا ـ

ت 8875795 (5) خەت


**تکاوگلەیی: ـ**

تکـایـە هەر نووسـەرێ خەتـەکـەی خۆش و شاش و جوان نەبێ، نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ.


ئابوونەی سالآنە لەناو عیراقدا

7,000 دینار


chalakmuhamad@gmail.com

● فؤاد حسین ●




# وێران کردنی خەرج

رابوردنی پێنج ساڵ بەسەر جەنگی ڕەوامانداو سوربوونی ڕژێمی داخ لەدڵ لەسەر بەردەوامیی شەڕەکە گەلێ شتمان بۆ ئاشکراو ڕوون دەکاتەوە. . !! لەوانە ئاوات و ئارەزووو خەونەکانی ڕژێمی تاران و ئیمپڕیالیزمی زایۆنیزم و ئەو لایەنانەی کە دەستی یارمەتیی بۆ درێژدەکەن و هانی دەدەن، ئاواتی سەرەکیی دوژمنکاریی ڕژێمی قوم و کۆشش و هەوڵدانی بۆ ئەوەی ڕەورەوەی بنیاتنان و پێشکەوتنی شارستانیەتی عیراق ڕابگرێت کە شۆڕشی 17 - 30ی گەلاوێژ بناغەکەی چەسپاندووەو سەرکردایەتیی دەکات و لەبەرتیشك و ئامانجەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و بیروباوەڕەکانی و ئەو لایەنە سیاسیی و رامیاریانەی کەپێیانەوە بەندە. . بەو چەشنەی شۆڕشی تەممووزی ساڵی 1968 وای لێهات جێگاو پلەیەکی سەرکردایەتی وەربگرێت لە چالاکیی شۆڕشیی نیشتمانی و نەتەوایەتی دا لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی جەماوەرماندا. .

بەم جۆرە شۆڕشی بەعس و پەرەپێدانی و بڕواکردنی جەماوەری ناوچەکە بە بیروباوەڕو ئامانجەکانی و وەڵامدانەوەیان. . بووە هۆی ئەوەی ترس بچێتە دڵی دوژمنان و بە دوژمنی خۆیان دابنێن و مانەوە یان نەمانیان بە گوێرەی تەشەنەو پەرەسەندن و پێشکەوتنی ببەستنەوە. .

وەڵامدانەوەی توندی عیراق و وەستانی دژ بە دوژمنکاریی ئێران، تەنها بەرگری بۆ خاکی عیراق و پاراستنی نیشتمانی عیراق نیە. . بەڵکو بەرگریە لە مانی و بوونی نەتەوایەتیدا. . جا لێرەدا مافی ڕەوای وەڵامدانەوەی عیراق و شەرەفمەندیی لێپرسراوێتیی نیشتمانی و نەتەوایەتیی بۆمان ئاشکرا دەبێت. . کە شایستەیەتی و جێگای ڕێزلێنانی گەل و جەماوەرمانە. .

دیسان دژ بە یاسای دەوڵەتان نەبووەو لەگەڵ بیروباوەڕەکانی ئایینی ئیسلامیدا دەگونجێ و ڕەواو شەرعیەتی وەرگرتووە. . و مافی ئەوەی هەیە بە هەر جۆرە شێوەو جۆرێك بەرگری لە خاك و نیشتمان و گەلەکەی بکات و. . . لە هەر کات و جێگایەك چەکی شیاو و گونجاو بەکاربێنێت، لەوانە لێدان و بڕینی ئەو دەمارو ڕەگانە ئابوریی ڕژێمەکە بەهێز دەکات و دەبێتە هۆی بەردەوامیی جەنگە. .

عیراق هەر لەسەرەتاوە بە شێوازو ڕێگایەی ئاقڵانە شەڕەکەی لە قازانجی خۆیدا دەسوڕاند. . لە نێوان تێکشکاندنی ئامرازی سوپایی و کوشتنی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە سوپای دوژمنی . . بەڵام زیاتر گورزی توندی خۆی لە سوپاکەی دەوەشاند. . بەڵام دەستیوەشاندنی عیراق لە دام ودەزگا ئابوریەکانی ئێران دوای ئەوە دەستی پێکرد کە ڕژێمی تەڵەکەباز بەم کردەوەیە هەڵسا.

ئێران لە خۆشیەوە ئەمەی هەڵنەبژارد بەڵکو لە ئەنجامی سەرشۆڕی و تێکشانی سوپاو ئامرازی سوپاییەوە. .

بەنیازی ئەوەی بەڵکو بتوانێت لەم لایەنەوە کاربکاتەسەر لایەنی مەعنەوی و ئابوری و سەر لە عیراق بشێوێنی و سەرکەوتنێك وەدیبهێنێت. . ئەوە بوو عیراق وەڵامی دایەوە. . بەڵام بەتوندترو بەتیژی و چالاکی و قورستر. . بە جۆرێك هەتاهەتایە ئیتر ئێران و ڕژێمی بەڕێوەبەری نەتوانێت لەسەر قاچی خۆی ڕاوەستێت. . ئەوە بوو عیراق دوورگەی خەرجی دەست نیشان کرد. . کە بە شا دەماری باری ئابوریی ئێران دەژمێردرێت. .

بەڵام لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەداتەوە و پێویستی بە وەڵام دانە. . ئایا عیراق لە پێش 1985/8/15 بۆچی دوورگەی خەرجی وێران نەکرد. . ؟

لەڕاستیدا وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە بە ڕوونی لە قسەکانی سەرکردەی قارەمان صدام حسین کە لەگەڵ هەڵۆ ئاسمانیەکانماندا کردی لەکاتی بەخشینی مەوالیای ئازایەتی بەو پاڵەوانە بەجەرگانەدا. . سەرکردەی قارەمان ووتی ئیمە بەردەوام بەکورتی وەڵامیان دەداینەوەو ئەگەر قازانجی نیشتمانی یان نەتەوایەتی لە وێران کردنی دوورگەی

خەرج دا ببینین ،ئیمە پشت بە بازووی پیاوانی عیراق دەبەستین . . و توانای ئەوەمان هەیە ئەم دوورگەیە ویران بکەین» دیسان سەرۆکی قارەمان ووتی «شتی سەرەکیو بنچینەیی بۆ دواخستنی ویران کردنی دوورگەی خەرج ئەم ماوە دوورودرێژە چونکە ئیمە نیازی ئەوەمان نەبوو دوژمنمان لە هەمووشت بیبەش بکەین، بەجۆرێك هەموو شتێك وون ببێت و شتێکی گرنگ نەمێنیت، ببێتە یاریدەدەری بۆ بریاردان بەرەو هەنگاونان بەرەو ئاشتی» . .

لەبەرئەمە ویران کردنی خەرج بە بڕیارێکی دواخراو دانرا . . عیراق بەکاری ناهێنێت تەنها مەگەر لە حالەتێکی تایبەتیدا نەبێت . . وەکو سوربوونی رژێمی تاران لەسەر بەردەوامی جەنگ . . جا دەبێ لێپرسراوێتی ئەمەی هەلگرێت و ئەنجامی ئاکارەکانی بزانێت . . جا ئیتر سەرکردایەتی سیاسی عیراق بڕیاری ویران کردنی خەرجی دا . . ئەمەش لەپیناوی:-

1 - گەیاندنی رژێمی خوین رێژ کە سورە لەسەر بەردەوامی جەنگ بۆ حالەتێکی پەك کەوتوو ولاواز کە نەتوانێت جگە لە داواکردنی ئاشتی شتێکی تر بکات . . پەك کەوتنێکی سیاسیو سوپاییو ئابوری سەرتاپایی، کە دوورە پەرێز بێت لە دەولەتان و زیانێکی ئیجگار زۆر بە سوپاو ئامرازەکانی سوپایی بگەیەنرێت لە هەر هێرش و شەرێکدا . . برینی دەمارەکانی ئابوری کە پشتی رژێم دەگرێت لە شەرەکەیدا . .

2 - بەربەست کردنی رژێمی داخ لەدڵ بۆ ئەوەی گوێ لە هەق بگرێت و دان بەمافی رەوای عیراق دا بنێت و داوای ئاشتیبکات و واز لە چاوچنۆکیو هەرەشەوگورەشە بێنێت . .

بێگومان ویران کردنی دوورگەی خەرج کاردەکاتەسەر توانای ئیران بۆ جێبەجێ کردن و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی شەرەکە کە سورە لەسەر پەرەپێدانیو بەردەوامی . . دیسان کاردەکاتە سەر بارودۆخی ناوەوەی ئیران و زیاتر ئاژاوەو ناکۆکی دەکەوێتە ناو مەلاکان و تیژتردەبێت و بەرهەلستکارانیش چالاکیەکانیان زیاترو توندتر دەبێت جەوێکی پوختر بۆیان دەلوێ بۆ ئەوەی جەماوەر زیاتر بە دەوریاندا کۆببنەوەو دژی رژێمەکە ودژی ئەو رایانەی کە لە رژێمەکەوە دەردەچێ داوای بەردەوامی جەنگ دەکەن بوەستن . .

دیسان دەبێتە هۆی سەرهەلدانی کێشەیەکی تر هەرچەند ئەم کێشەیە ماوەیەکە پەیدا بووەو سەریەشەیەکی گرانی بۆ رژێمەکەی خولقاندووە ئەویش کێشەی نێوان دەزگاکانی سوپاو دەزگاکانی پاسدارانە بەتایبەتی دوای ویران کردنی خەرج رژێمەکە پەنجەی تاوان بۆ لێپراسراوانی سوپایی درێژکردووەو هێزێکیان لە پاسداران پێك هێناوە بە سەرکردایەتی «دۆست» لە جیاتی هێزی سوپایی ،گوایە پاسداران لە سوپا چاکترن و لە جێگای بروا دان . . جا ئەمە چ جورە ناکۆکیو کێشەیەکی ناخۆشی دروست کردووەو بووەتە هۆی پچرانی پەیوەندی و هاریکاری نێوان هەردوو لا . . بەلکو دوژمنایەتیەکی بێ هاوتاو بێ کۆتایی خولقاندووە، چونکە هەر لایەنێك دەیەوێت ئەویتر ببەزێنێت و لە جیاتی هەلسێت . .

هەروەها ئەوەشمان با لەیادنەچێت رژێمی نەفام ئیتر لەمەو دوا ناتوانێت داوای قەرز لەم و لەو بکات، چونکە لەم سالانەی دواییدا قەرزەکانی ئیجگار زۆر بوونە . . جا ئەوسا دەیگوت بە فرۆشتنی نەوت قەرزەکانم دەدەمەوە ، ئیستا چ بیانوو چ سەرچاوەیەك دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کومپانیاو بانقە جیهانیەکان پێیان قایل بکات بۆ ئەوەی قەرزی بدەنێ یان چەك لێیان بکرێت بە قەرز . .

لەراستیدا ئیستا گشت دەرگایەك لە رژێمەکە داخراوەو هیچ هەلبژاردنێکی بۆ نەماوە جگە لە بیرکردنی ئاقلانە نەبێت ئەویش وەستانی شەرەکەیەو رووکردنە ئاشتیە . . ئەگینا بۆ ماوەیەکی زۆر کەم هەم ئیران بەگشتیو هەم رژێمەکە دەخنکێن و هیچ فریارەسێکیان بۆ نامێنێت . . !!



# "ئێران"ی بەندیخانەو خومەینی ی دڕاو...

- هەڵمەت محمد -

ئەو کەسەی بە وردی ئەو ڕاپۆرتانە بخوێنێتەوەو گوێ لە هەواڵە تازەکانی ئێران بگرێت، بەتەواوی دەرك بەو بارە ئاڵۆزو شپرزە دەکات کە ئێرانی ئەمڕۆی تێدا دەژی، ڕۆژنامەنووسە بێگانەکان، هەریەك کە سەر لە وولاتی ئازیزمان دەدەن و بەچاوی خۆیان باری پێشکەوتنووی عیراقی مەزن دەبینن، کە دەچنەوە وولاتەکەیان، باسی ئەم وێنە راستەقینە شارستانییە دەکەن کە وولاتەکەمانی تێدا دەژی...

باسی ئەو هەموو پەرەپێدانە دەکەن کە لە هەموو لایەنێکی ژیانمان ڕەنگی خۆی داوەتەوە...

کە دەچن بۆ ئێران باسی زیندان و لە سێدارەدان دەگێڕنەوە کە بەشی گەلانی بەسەزمانی ئێرانە... باسی ئەو بارە شپرزە دەکەن کە ڕژێمی تێدا دەژیت...

کە دێنە عیراق، باسی خۆشەویستی گەل بۆ سەرکردەی بەوەفا صدام حسین دەگێڕنەوە، باسی خۆشەویستی کە مندال و پیرو لاو، ئافرەت و پیاو وێنەی صدام حسین لە دڵی خۆی دەکێشێ..

کە دەچێتە ئێران، باسی ئەوە دەگێڕنەوە، کە چۆن وێنەی ـ خومەینی ـ خراوەتەوە ژێر ـ پێی گەلان...

چونکە بێزاربوون لە دروشمی باق و بریقی دوور لە ڕاستی و رۆژ بە ڕۆژ دروو دەلەسەی ڕژێمەکە ئاشکراتر دەبێت.

مەلا مێزەر بەسەرەکان لە ئێران دەسەلاتی خۆیان بۆ ئازاردانی گەلانی ئێران تەرخان کردووە بە هەموو شێوەیەکی نامرۆڤایەتی...

بۆیە، ئەو کەسانەی کە سەردەمێك لەکاتی بەرپابوونی شۆرش، یان هاتنی خومەینی، چەپڵەیان بۆ ئەکوتی، ئێستا وێنەی دەخەنە ژێر پێ و دەی بڕزێنن. «خومەینی» هەموو پەیوەندیەکی لەگەل گەلەکەی‌دا دۆڕاندووە، چونکە لەماوەی دەسەلاتی‌دا هیچی بۆ گەلانی ئێران نەهێشتەوە، جگە لە ئێسك قورسی و دەستی ئاوانکاری و بەربوونە گیانی گەلانی ئێران کە چاوەڕوانیان دەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان بحەسێنەوەو لەژێر سێبەری خومەینی و دارو دەستەکەی‌دا هەموو سەربەستی و ئازادییەکیان لێ زەوت کراو بووە نیشانەو کابووسی ئەو پیاوەی کە مێژووی نوێ زۆر بەزەلیلی باسی دەکات.



# ئێران لە بارودۆخێکی ناهەموار دایە

**پاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر دەستدرێژیی بەسەر عیراق دا**

**ب. شەپۆل ئامادەی کردووە**

(ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانیای فیدراڵ [فۆڵف دیتەر شتاینباوەر] لە ڕۆژنامەی (دێرشپیگڵ)دا، ئەم ڕاپۆرتەی سەبارەت بەبارودۆخی ناهەمواری ناوخۆی ئێران نووسیوە، پاش پێنج ساڵ لەدەست پێکردنی دەستدرێژی یەوە بۆ سەرخاکی عیراق، ئێمەیش لێرەدا دەیخەینە پێش چاوی خوێنەرانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)ی خۆشەویست).

تاران کە (10) ملیۆن کەسی تێدا دەژێت، بەدەستی قەرەباڵغیی هات و چۆکردن و گیروگرفتیی گواستنەوەوە دەناڵێنێت.

ئەو بیگانەی بۆ یەکەمین جار سەر لەتاران دەدات وادەزانێت، ژیان و گوزەران کردن لە شاری پاتەختی ئاخووندەکان دا ئاسایی یە کەچی لەناکاو هۆڕنی ماتۆرسکلی پۆلیس لێ دەدات، کە کۆمەڵێك شەقام دەبەستن و، هەراوهوریا لەناوچەکەدا بەرز دەبێتەوەو گوێت لە هاوارو گریان دەبێت.

خەڵکی خێرا ڕادەکەن دوکان و دەرگای ماڵەکانیان دادەخەن، لەم جۆرە بارودۆخەدا ترس هەموو دادەگرێت، چونکە ژمارەیەك سەربازو پاسدارانی خومەینی بەرچاو

دەکەون، ئەو کاتە مەسەلەکە ڕوون دەبێتەوە، ئەوانە لە کەژاوەی کۆڵێك ئێرانی‌دا ڕێ دەکەن کە لە جەنگەکانی ئەم دوایی‌یەدا، لەگەڵ عیراق دا، کوژراوون، کوژراوانی ئێران هیچ کەسێك ناتوانێت بیانژمێرێت.

پاسدارەکانی خومەینی‌و کۆمەڵی مێزەربەسەرەکان، کە کەوتوونەتە تەك تەرمەکان، بەمۆنەوە تەماشای خەڵکی دەکەن، تەرمی کوژ راوەکان لەناو دارەتەرم دا نەبوون، بەڵکوو بەخامێکی چڵکن پێچرابوونەوە، وا دیارە بۆ چەندین جار بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنراوە.

پاش ئەوەی کەژاوەکە دوور دەکەوێتەوە، خەڵکی دەرگای ماڵەوەو دوکانەکانیان دەکەنەوە، بەم شتەڕاهاتوون کە ڕۆژی چەندجار دووبارە دەبێتەوە، لەتاران و، هەموو شارەکانی ئێران دا، کە لە یەکێك دەپرسیت هەستی بەرانبەر ئەو شتەچۆنە کەپێش نەختێك لەشەقامەکەدا ڕوویدا، پێت دەڵێت «هەورێکی ڕەشە وڵاتی داپۆشیوە، نازانین کەی دەڕەوێتەوە!!».

ئەمە وێنەیەکی بچووکی تارانە لە هاوینی ساڵی 1985دا، کە وێنەیەکی بەخوێن و ترس و ماتەمین و ئاژاوە سوورکراوەو، سەدان هەزار کەس کە ڕژێمی ئاخووندەکان لە سێدارەیان دان و بە گوللەی دەستەو تاقمەکانی پیاوکوژەکان کوژران، ئەو دەستەو تاقمانەی شەوو ڕۆژ و مانگ و ساڵ لەکار ناکەوون. لەوکاتەوە خومەینی هاتووەتە سەرکار، ژمارەیەکی زۆر کەس کەنازانرێت چەندن لە بەندیخانە ترسناکەکاندان. لەوانەیش بەشێکی زۆریان ئائێستا بە دادگا نەدراوون، کە دادگایش دەکەن هەر بە ناوە ئەگینا کەسی لە دەست ڕزگار نابێت، کەچی ئەو خەڵکە زۆرەی کە دژ بەڕژێمی وا دەکات کاری ئەودادگایانە لەسەر خۆبن.

لە شەقامەکان دا پاسدارەکانی خومەینی بەگوڕ دەکەوون دەستدرێژی دەکەنە سەر ئافرەت و دەڵێن گوایە ئەو ئافرەتانە لە (داوێن پیس)ە کانن ئەویش بەهۆی ئەوەوە کەل و پەلێکیان لەبەر کردووە خومەینی ڕای لێ‌نی‌یە، چەند تاقمێکیش هەن هات و چۆکەران ڕادەگرن تا بەشێوەیەکی نالەبار بۆنی دەمیان بکەن بەبیانووی ئەوەوە گوایە بۆ ئەوکەسانە دەگەڕێن شەراب و مەییان خواردووەتەوە.

ئەم وێنە تەڵخەی تاران، بەتەواوەتی لە وێنەی بەغدای پاتەختی عیراق جوداوازە، کە ژیانی تێدا ئاسایی‌یە بە هەموو شێوە جوانە کانیەوە، ئەگەرچی جەنگەکە ئێران ئەو پێنج ساڵە دژ بەعیراقی بەرپاکردووە.

باری ئەم پاتەختەی ئێران زۆر سەیرە کە ئەوسا پڕی شوێنی ڕابواردن و جێی گۆرانی چڕینی تێدابوو، چۆن بەم شێوە گۆڕاو بوو بە دیلی دەستی ئاخووندەکان یاری‌ی تێدا دەکەن و تێیدا بە تەنیا خۆیان ڕادەبوێرن بێ ئەوەی کەس پێیان بڵێت لەل، بەچەشنێك وای‌پیشان خەڵکی دەدەن کە مردن (ئەمانجی ژیانە!)و ساکارترین و بڵندترین نەریتی مرۆڤایەتی تێك دەدەن؟

لە خوارووی تارانەوە، کە گۆڕستانە گەورەکە هەیە، وێنەکە تەڵخ ترە، چونکە شوێنی ناشتنی هەزارەها کەسی‌تر نابێتەوە کە هەموو ڕۆژێك لە جەنگ دا دەکوژرێن، ڕۆژانە هەزاران کەس سەر لەم گۆڕستانە دەدەن و، بە ئۆتومبێل و لۆری‌ی گەورە دێن، ئافرەتان سینە دەکوتن و خۆیان بەسەر پاشماوەی لاشەی کوڕەکانیان دا دەدەن و کراسەکانیان هەڵ دەتلیشێنن، ئەو کوڕانەیان کە نارنجۆك پارچە پارچەی کردوون. هەموو ڕۆژێکیش سەدان پیرەمێردو پیرەژن بێ هۆش دەکەوون کە ماڵ ئاوایی لە جگەرگۆشەکانیان دەکەن بۆ ئەو گۆڕە تەنگ و تاریکانە.

سەیرتر ئەوەیە، دیمەنی ئەو ئاو پرژێنەی لە ناوەڕاستی گۆڕستانەکەدایە کە ئاوێکی بۆیەکراوی سووری لێوە دەردەچێت کە گوایە خوێنە. دیمەنێکی ترسناکەو بێزی مرۆڤ دەهێنێتەوە، بەپێچەوانەی دیمەنی ئاوپرژێنەکانی هەروڵاتێك لە وڵاتانی جیهان.

شتێکی سەیریش نی‌یە دیمەنی ئاخووندەکان ببینیت سواری ئۆتومبێلی گرانبایی ئەڵەمانی بن وەك ئۆتومبێلی (بێ ئێم دەبل یو) لە کاتێك دا کە هەزاران کەس بۆ سواربوونی

ئوتومبێلی گواستنەوەی گشتی کەڵەکە دەبەستن، لەژێر سایەی ڕژێمی خومەینیدا چینێکی نوێی دەوڵەمەند پەیدا بووە کە هەل بەرست و سوودوەرگرانی دروشمە ئایینی یەکان دەنوێنێت.

ئەوەی سەیرە ئەوانە هەموو شتێکیان هەیەو دەست لە پێداویستی یەکانی خۆش گوزەرانی هەڵناگرن، لەوانەیش خواردنەوەو جگەرەی بێگانە کە لەلایان دەست دەکەوێت و لای هیچ کەسانی تر دەست ناکەوێت، ئەوانە دەست وتاقمی خۆیان دەنێرن تاخەڵکی بگرن لەشەقامەکان دا بە بیانووی مەی خواردنەوە، کەچی خۆیان لەماڵەوە لە ئەمباری دەکەن و لە بازاڕی قاچاخ دا بە گران دەیفرۆشن، ئەویش بە هاریکاری کردن لەگەڵ پاسدارەکانی خومەینیدا.

ئەڵقە لەگوێو سیخوڕەکانی ڕژێم لەهەموو شوێنێک دا هەن و خەڵکی باسی هیچ شتێک ناکەن لە ترسان دا، چونکە ئەوە بەبێ هیچ هۆیەکی ئەوتۆ لەبەندیخانەیان توند دەکات، سیخوڕەکان چاودێریی ماڵەکان دەکەن ئەوماڵانەی کە ڕامیارەکانیان تێدایە کە بەوە ناسراوون دژ بە ڕژێمی خومەینین، بە چەشنێک هەرکەسێک سەریان لێ بدات دەیگرن و باش چاودێریی دەکەن، تائێستایش هەزاران ئێرانی بێ سەرو شوێن ماونەتەوە، بێ ئەوەی چەندین ساڵە کەس نازانێت چییان بەسەرهاتووە.

لە شەقام دا، پاسدارانی خومەینی کە لاوێک دەبینێ ڕیشی تاشیوەو کراسێکی خاوێنی لەبەر کردووە تەک بوینباخێک دا، شەڕی پێ دەفرۆشن کە گوایە لە بەرهەڵستکارانی ڕژێمی خومەینی یە، شتی سەیریش ئەوەیە ئەو ئێرانی یەی لە ئەڵمانیادایە، کە دەیەوێت بۆ تاران بگەڕێتەوە ئەوا ڕدێنی بەردەدات بە چەند هەفتەیەک بەر لە چوونەوەی بۆ ئەوێ تاڵەو تەنگە و چەڵمانە ڕزگاری بێت.

لە ئەم بارودۆخە نالەبارەدا، ئابووریی ئێران بەرەو خراپ تر دەچێت، بەتایبەتی پاش تێکدانی دوورگەی خارکی پترۆڵی لەلایەن عیراقەوە، چونکە ئێران ڕۆژی نیوملیار دۆلار بۆ ئەو جەنگەی دژ بە عیراق خەرج دەکات، بۆیە پارە بۆ پرۆژەو خزمەتگوزاری یە پێویستەکان نەماوەتەوە.

یەکێک لە بازرگانەکانی تاران دەڵێت: (مادامەکێ هەموو شتێک بە دەستی ئاخووندە کانەوەیە ئەوا ئەنجام سەبارەت بە پاشەڕۆژی گەلی ئێران زۆر ترسناکە).

کەمە کەمە کومپانیا بیگانەکان دەستیان بە داخستنی دەرگاکانیان کرد چونکە بوونیان و مانەوەیان لەئێران دا هیچ قازانجێکی ئابووری یانەی نی یە، هەروەها بڵاوبوونەوەی بەرتیل و بەرتیل کاری گەیشتووەتە پلەیەکی ترسناک بە شێوەیەک خەڵکی خۆزگە بەکات و سەر دەمی شا دەخوازن، چونکە بێ بەرتیل کەس ناتوانێت کاری خۆی لە دایەرەکانی دەستەڵات دا تەواو بکات، هەموو ڕۆژێکیش ڕژێمی خومەینی باجی نوێ بەسەر خەڵک دا دەدات.

هەروەها پاسدارانی خومەینی بە هەموو شێوەیەکی نامەردانە پارە لە بێگانەکان دەقۆزنەوە.

لەلایەکی ترەوە نزم بوونەوەی نرخی پارەی ئێرانیو بەرزبوونەوەی ڕادەی گرانی بارێکی ترسناکی ئاووسانی پارەیی دروست کردووە، ئێرانی یەکان دەڵێن، سووربوونی خومەینی لەسەر بەردەوام بوونی جەنگە کەی دژ بە عیراق و بوونی پیاوانی ناشایستەلە سەرکردەیی کردنی دەستەڵات دا، هۆی سەرەکیی ئەم کارەساتە هاوچەرخەی ئێرانە.

مەحموود کاشانی بە پیاوێکی گەورەی دامەزرێنەری حزبی دەستەڵات بە دەست دەژمێررێت، بەڵام بەهۆی ئاژاوەی ڕژێمەوە خۆی لەو حزبە کێشایەوە، کاتێک لێیان پرسی سەبارەت بەچاک کردنی دام و،دەزگای بەڕێوەبردن لەئێران دا ووتی ئەو شتە بەدی دێت ئەویش بە دەرکردن و ئاڵ و گۆڕکردنی هەموو لێپرسراوانی ڕژێم.

تەنیا کاشانی نی یە ئەم جۆرە بیرە بکاتەوە، بەڵکوو زۆربەی زۆری دانیشتووانی ئێران وایان چاوەڕوانە کە ڕژێمی خومەینی بەشێوەیەکی کوت وپڕی لەناو بچێت و ئەنجام لەو دۆزەخە ڕزگاریان بێت.

تۆماری جەنگ

# رۆژێـــك لـــە مێـــژووی شـــاری سـنـــە

○ سلام ○

**بەبـۆنــەی تێپـەڕبوونی سێ ساڵ بەسـەر کارەساتـە خوێناوی‌یەکانی شاری سنەدا**

ـ 1 ـ

کات دەمـەوبـەیانی‌یەکی تشرینی یەکەمی 1980 بوو، هەمـووی چـەنـد ڕۆژێکە هەزاران زرتەبۆزی ئیسلـ قورس و ڕەزاگران کە بە «پاسدار» ناو ئەبرێن بەهەموو لایەکی شاری سنـەی خوێـنـاوی‌دا بلاو بوونـەتـەوەو چەشـنـی کۆنـە زەردەواڵەیەکی وورووژاو بەرووی دانیشتواندا دێن و ئەچن.

سەرو پۆتـەڵاکی ناقـۆڵاو ڕیشـە کوڵکن و چڵکنـەکـەیان دەیان پرسیاری لە مێشکی «ئازادی» حەوت ساڵانا دروست کردبوو:

ـ دایە، ئەمانەکێن، چیان ئەوێ؟

ـ وس بە ڕۆڵە، بێدەنگ بە..

ـ ئاخر، بۆچی هاتوونە سەرمان و شارە جوانەکەیان داگیرکردووین

قرمـەو دەسـڕێـژێکی نزیـك وت و وێژی نێوان دایك و مناڵ ئەپچڕێت و هاوارێکی خنکاویش ئاسمانی خامۆش و بێ جریوە دائەپۆشێت.

مناڵەکە، لەسەرخۆ برژانگەکانی لێك ئەنێ‌و چەناگەی بە سنگی‌یـەوە ئەنـووسێنێ، سەرێـك بەرزئەکاتەوەو زۆر بە هێمنی ڕوانینەکانی تێکەڵاوی فرمێسکی قەتیس ماوی چاوە خەمگین و سوورەکـانی دایکی ئەکـات وەك ئەوەی بڵێ: تێگـەیشتم دایـە.. تێگـەیشتم.. لە پڕێکدا دەرگـا درایـە بەرشـەق و نزیـکـەی دە درنـدە خۆیـان کردە ژوورەوەو براگـەورەکـەی (ئـازاد)یـان دایـەپێش، هەمـووی چەنـد سەعـاتێکی نەبـرد لاشـەکـەیـان هێنایەوە پاش ئەوەی

سەرودڵیان بە ڕێزە گوللەیەکی «ژێ.. سێ» هەنجن هەنجن کردبوو...

- 2 -

هەر ئەو بەیانی‌یە، لە دەیان ماڵی تردا هەمان کارەسات دووبارە بۆوە لەگەڵ جیاوازی‌یەکی بچووکدا ئەویش نەدانەوەی تەرمی کوژراوەکان بوو..

- 3 -

هەر ئەو بەیانی‌یە، غەڵبەو هەرا کەوتە شارەوەو «هات.. هات» لە هەموو لایەکدا دەنگی ئەدایەوە..

بەڵام کێ‌هات و.. بۆچی هاتووە؟

چ مژدەیەکی پێ‌یەو چی هێناوە؟

خا.. خا.. خاڵخاڵی هات..، نوێنەری «ئیمام!!» هات و دیاری زەنگاوەرەنگی بۆ مندالآنی سنە هێناوە بەتایبەتی یەکەم جاریشە ڕێگای کەوتۆتە ئەم شارە...

- 4 -

هەر ئەو بەیانی‌یە، لەگەڵ گەیشتنی «خاڵخاڵی»دا بڕیاری گوللەباران کردنی تێکڕای ئەو بەندو دیلانەی دەرکرد کە بە تۆمەتی هاوکاری کردن لەگەڵ پێشمەرگەدا خرابوونە زیندانەوە -

بە چاو بە ستراویش لە زیندان دەرهێنران و بە شیشی پەنجەرەی قوتابخانە تەواو دروست نەکراوەکەی سەرووی شارەوە بەسترانەوەو دەم ودەست دەسڕێژکران.

بەڕێوەبەری زیندان دوو بەندی لە بیرکردبوو چونآەلە ئەنجامی بەکادانێکی رووبە رووداا لەگەڵ هێزەکانی ئەرتەش و پاسدار بریندار بوون و برینەکانیشیان کاریگەر بوون.

ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسە ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەری زیندان بە ترس و لەرزەوە لە بەردەم خالخالی‌دا وتوویەتی:

- گەورەم، دوو برینداریش ماون بەڵام جارێ توانای ڕۆیشتنیان نییە.

خالخالیش زۆر بە توورەیی وەڵامی داوەتەوە: -

- ئەوانیش بێنن، ئێمە نامانەوێ خۆمان بە زەڵامی «کافر»ەوە ماندووبکەین، هەتا زووە دەست و بردی لێ بکەن و بە (سزای خوا!!)یان بگەیەنن.

- 5 -

پێش ئەوەی نیوەڕۆ بەسەر ئەو بەیانی‌یە ڕەشەدا بێت، خالخالی بەرەو تاران گەڕایەوەو نیوەڕۆژەی خوێنی دەیان ڕۆڵەی بێ‌تاوانی شاری سنەبوو بۆئەوەی بە زووترین کات ناوەکانیان لەسەر بەرماڵەکەی خومەینی بنە خشێنێو ویسامی «باریکەللا» بکاتە شان.

- 6 -

ئەگەرچی دانیشتووانی شارە ڕازاوەکەی سنە دەمێك بوو هەستیان بەوەکردبوو لە چەند لایەکەوە گەمارۆدراون و.. ئەمرۆبێت یاسبەی، ئێستا یا نەختێ تر هێزەکانی خومەینی دێنە ناو شارەوە، بەڵام بە بڕوایەکی سوورەوە بڕیاریان دا شار چۆڵ نەکەن و ئەوەی لە توانایاندا بێت بیخەنە کار بۆ بەربەرەکانێ کردنی دڕندەی پیاو خۆری خوێن مژ.

ئەوانیش پاش تۆپ باران کردنێکی خەست و بەیارمەتی تانك و زریپۆش و فڕۆکەی ڤانتۆم ئەو بەیانی‌یە هاتنە ناو شارەوەو شێتانە بە هەموو لایەکدا بەربوونە سووتاندن و کوشتن و برین و تۆقاندن.

ئاسمان بە دووکەڵی ڕەش قانگە درابوو، خوێنی لاوو مناڵ و پیر لەسەر جادەو کۆڵانەکاندا، لەبەر دەرگای ماڵەکاندا، فیچقەی ئەکردو جۆگەلەی بە ستبوو..

زریکەو هاواری زارۆك و ئافرەتان گوێی کاس ئەکرد.

ڕۆڵە ڕۆی دایك، باوکەڕۆی کۆرپە، براڕۆی خوشکان یەك پارچە شارە خنجیلانەکەی سنەی کردبووە سیمفۆنیایەکی دڵتەزێن.. ناو بە ناویش «ئازادە»ی بچکۆڵەو برا کوژراو بە بێدەنگی‌و لە دڵی خۆیدا پرسیارەکانی دووبارە ئەکردەوە: -

- ئەمانە کێن و.. چییان ئەوێ؟

■ ■ ■

# ئاورێك لە كوردستانی ئێران



«قرداغی»

سوێند بەناڵەی دەنگی هاوەن
کە شادی دوژمن لەکاتە شیوەن
بەشریخەی گوللەی گشت تۆپ وتانگێ
بەدەنگی ڕژدو لەبن تەپولکێ
قەسەم بەهاڕەی کەمەرەی فیشەك
لەگەڵ گشت دەنگی سەرێخستنی چەك
قەسەم بەو کاتەی بێدەنگی شەوە
قەسەم بەو چاوەی کە بەبێ خەوە
دەنگی هیچ نایەت، دەنگی تۆف نەبێ

دەنگی باو کەرۆی پاسداران نەبێ
گفتتان لەدەمێ ئەی پێشمەرگەکان
خەڵکی شارانی گشت ناوچەی ئێران
خەڵکی شارەکەی سنەی هەڵۆخات
هەروەها شاری سەقزو بوکانت
لەگەڵ سابلاغ و سردشت و بانە
کە ئیتر هەموو گیانتان قوربانە
سەربەرژێمی ئاخوندشۆردەکەن
گشت کوردو... چیا.. سەرفراز دەکەن.

کورتە چرۆك بە هەڵبەست.

chalakmuhamad@gmail.com

# بیرەوەری ٦ ئەیلولی ١٩٣٠

«. . . شەشی ئەیلوول لە مێژووی کورددا جێگەیەکی دیاری هەیە. زۆر شاعیر لە ڕۆژی خۆیدا هەژاون و شیعریان بۆ ئەو ڕاپەرینە نووسیوە. تائێستا «شەهید»ی گۆران لووتکەی باسی ئەو ڕاپەرینە ویەکێکە لە شاکارەکانی شیعری کوردی وبیری پاك وشەریفی کوردایەتی.

مامۆستا حەمە بۆرلەم شیعرانەدا وێنەیەکی فۆتۆغرافی ئەوڕاپەرینەو بیرەوەریی خۆیی بۆتۆمار کردووین. کێش وقافیە جێی ئەم داستانەی لە مەیدانی شیعردا دادەچەسپێنێ. بەڵام زۆرتر بەڵگەیەکی مێژوویی بەخشیوە.

محەممەد مصطەفا حەمە بۆر

ڕاستە بیری منالی تیژو ووردە،
وەك دوێنێ وایە ئەم سەربەهوردە.
هەشت سالان بووم، چاکم بە بیرە یەك یەك،
کە ئەمان خوێند لەگەڵ منالی گەڕەك
قوتابی[1] بووین لە مزگەوتی (بن تەبەق)[2]
کاتێ هەرا هەستا، بوە؛ تەقە تەق.
مامۆستامان؛ (مەلافە تحوللای[3] پاوە)،
دیم، بە (دار توو)ی مزگەوتا هەڵزناوە.
وورد، وورد بەسەر پیرە دارا هەڵگەڕا،
ئەینواڕیە لای (سەرا)و تەقەو هەرا.
(سەرای میری) لە خوارووی مزگەوتا بوو،
لە وێشەوە تەقەو هەرا هەستا بوو.
(مەلا) سەری نابوە ناو دوو پەلی (توو)،
وەك: ڕاوکەری، هەستی نیشان هەڵگرتوو،
چونکە(مزگەوت) نزیکی پشت سەرا بوو،
زۆر بە باشی، گوێمان لە گشت هەرا بوو.
وەك بریشکە، تەقەی (دەمانچە)و (تفەنگ)،
لەگەڵ قرچەی (مەترەلۆز)|بە یەك دەنگ: ـ
(ئیمە کوردین کوردمان ئەوی. .) دەنگێ بوو،
لەگەڵ غەڵبەو تەقەدا پێکا ئەچوو.
ئیمەی منال، لامان وا بوو، (ئەو دەنگە)،
بەزمەو یاری، یا جۆرێکی ئاهەنگە،

شارەزا بوویی، کە: شایی تەقەی تیا بوو،
بە ئیمە چی ئەگەر ئەم لەوان جیا بوو؟؟
پیمان خۆش بوو، بێ ئاگا بووین لەو باسە
(چاوە نووسی گەلی کوردی کەساسە).
لەسەر (سەکۆ)ی مزگەوتەکە، کردمانە؛
رۆژی خۆمان، ئەد ووت: (شایی لۆغان)ە.
لە پڕ (مەلا) لە دارە هاتە خوارێ،
بە شپرزەیی ئەیوت: (قەوما بە جارێ)
لەگەڵ (دوعا کوف کردن)و سەر بادان،
کەوتە، ئیمەی؛ هەر وەکوو میگەل ڕادان
هەموو مانی پەستاوتە ژووری مزگەوت
لامان سەیر بوو (مەلای هێمن)، نە ئەسرەوت
تێ ی نە گەییم، (مەلا) چی ی دی؟؟ وا؛ شێوا
یا؛ مەبەسی لە (قەوما..)؛ چی بوو ئاخوا؟؟
لە پەنجەرەی ژوورە، پوورەمان دابوو.
هەر یەکەشمان لەویکەمان ڕا مابوو.
لەو هەڵوێستەی (مەلا) سەرمان سوڕ مابوو،
کەوا خێرا دایکو کەسمان پەیا بوو.
بەرەڵا بووین ئیتر بە جارێ منداڵ،
پەلیان گرتین بردینیانەوە بۆ ماڵ.
دایکم منی بردە سەر بانی خۆمان.
دیتم خەلکی گەرەك چوونەتە سەر بان.
ماڵمان نزیك پۆلیسخانەو سەرا بوو،
خانووی بەرزیش لە نێوانمان نە کرابوو.
چی ڕووی ئەدا هەمووی لە پێش چاوان بوو،
تا، بیستنی دەنگیشمان بۆئاسان بوو،
(ئیمە کوردین کوردمان ئەوێ..) تا ئەهات
گوڕی ئەسەند لەگەڵ تەقەو شاتە شات.
بەردەباران، ڕوو بە ڕووی پۆلیسخانە،
وەها ئەهات، ئەد ووت: تاوی بارانە
بە چەك و بەرد، ئەوانیش دەم پڕ لە خوێن
کەوتبوونە ڕیزی گەل و، (تاك ڕمێن)

خەڵکی ش بە دەم هێرشەوە دەی‌نەڕاند،
هێزی میری هەر وەکوهێش ئەتەڕاند.
وەك گەڵای دار، لە خەڵك ئەکەوت و زوو تر،
ئەچوونە پێش هەر وەك شاڵاوی ئاگر،
لە مەرگ نە ترس، خەڵکی بە جۆش و بە سۆز
دەستەو (خەنجەر) ئەچوونە سەر (مەترەلۆز).
بە چەقۆی ڕووت شاگردێکی کەبابچی.
قولەی سەر مەترەلۆز)ە کەی دا پاچی
هاوای کرد، کوڕینە لێی نازانم
وەرن، (شەست تیر) بەکار خەن، (گوڕی) تانم.
لاوێك کەوا لە شەست تیر)ی ئەزانی
هەڵمەتی برد گوللەیەك زوو، ڕمانی
بە پاڵ ئەوا شاگردەکەیش پیکرا،
ڕۆڵەی تایین، تێ گەیی کاری کرا،
(مەترەلۆز)ەی هەڵسووڕاند هەتا توانی،
هێندەی ماڵی بە بەردا، تا شکانی
ئاگریشی لە گوللەکانی بەردا
خۆیشی بۆوی بوو بە سووتەنی بە سەردا.
لەهەر لاوە، فڕکان فڕکانی کۆڵان
بەرەو (سەرا)، هەر خەڵقی بوو ئەهەژان
ڕووەو گوللە، بەرەو مردن، بە پرتاو،
ئەکشان وەکوو شەپۆلی ئاوی لێشاو،
ئیتر شاری (سلەیمانی)، خوارو ژوور.
ژاوەی ئەدات، هەر لە نیزیك، هەتا دوور
هەر وا ئەمدی کورە کوڕەی ناو خۆمان،
بریندارو تەرمی زۆریان ئەفران.
لە زۆر سەرە کۆڵانانا لەو ناوە،
ئەمدی؛ کچوو ژنی گورجەو، وەستاو،
بریندارو تەرمەکانیان وەرئەگرت،
لە شوێنی چاك، هەموانیان تاقەت ئەکرد،
پێیان زانین، ڕێگەی کۆلانیش گیرا،
بەبیرا چێ، بیرێك، وای هات بە بیرا،

دیوارێکی (زەدە)م لە پێشما ئەدی،
هی، پشت ماڵی، (حاجی حەسەن[4] ئەفەندی)،
وەستای (بەنا)ی لەسەر بوو چاکی ئەکرد،
(خەلفە)یش ساجی قوری لە پێش ڕۆ ئەکرد،
هەر لە ناکاو، (خەلفە) تەپا یە سەر قوڕ،
وەستاکەیشی پەلاماری‌دا بە گوڕ،
ئەویش بە سەر ئەوا ترشا، ڕەهێل بوو،
دایکم ووتی: ئەها... ها.. (گوڵلەی وێڵ) بوو.
پاشان زانیم، باوك و کوڕ بوون، ئەو دوانە،
دوو قوربانین، لەو قافڵەی شەهیدانە.
دایکم: گرتمیە کۆڵ و زوو هێنامیە خوار.
سەپانمیە پاڵ کونجێکی پەنا دیوار.
من، لام وا بوو، (گوڵلەی وێڵ) شتی جوانە
خۆرشتێکە، یا.. یاری منالآنە،
بۆیە منیش، پێم لە دایکم دا ئەگرت،
داوای (گوولەی وێڵ)م لە دایکم ئەکرد.
بەلآم دایکم، هەرچەندی کرد، نەیتوانی،
(گوڵلەی وێڵ)م تێ بگەیەنێ: بە جوانی
لە پاشترا لە (گوڵلەی وێڵ)، گەیشتم،
لە مێژەوە بووبوە برای هاو پشتم،
وەها بە جۆش، لە باوەش خۆیمان ئەگرێ،
تا.. بەو نەبێ، چیمان بە کەسێ نە برێ.
زۆری نەبرد، هەموو شتێ براوە،
ئەمدی، کە شار خامۆشی پێ براوە.
بەبێ‌چەکی‌و بێ کەسی‌و نا تەبایی،
بیر سادەیی‌و فریو خواردن سانایی،
بێ سەرۆکی‌و ڕاوێژی نا تەواوی،
کنەی دەستی پیسی ناو خۆیش لە ناوی،
هەرچیش هەستا هەرچی‌و پەرچی درۆزن،
لێمان بوونە سەرۆکی وەك ڕمووزگ،
چاو چنۆکی دوشمنیشی سەربار بوو،
بۆیە ئا بەو سەرەنجامە دوچار بوو،

ئەمان زانی‌و، نەمان توانی، ئەو هەلە،
بە دەس بێنین بە ووریایی‌و بەپەلە.
بۆ ئێوارەیش بیستم گەلێك کوژراوە،
ئێستەش ناوی یەکێکیانم بیر ماوە،
ئەو پیاوێکی سووروو سپی‌و زۆر جوان بوو،
چاپچیەکی لا کۆلآنی خۆمان بوو،
ئەچووینە بەر چاخانەکەی، ڕۆژانە،
گوێمان ئەگرت لە قەوانی خۆمانە،
ئەوسا قەوان نوێی‌و تاسوق بوو، ئەو پیاوە،
قەت قەت ئێمەی دەر نە ئەکرد لەو ناوە.
(کاك عەلی) بوو کەتەیەك، شەل، تێکچراو،
لە پاشملەیش ئەو بوو: (ئەلە گون سووتاو)،
دایکم ئەیوت فیسارو بیڤان کوژران،
کێ‌و کێش، هەموو بە گوللە ئەنگێوران،
کێ‌و کێی دیکەیش، ساغ و زامار گیراون،
گەلێکیش هەن تاکوو ئێستە بێ ناون.
خۆ بریندار هێند زۆرو بێ شومار بوون،
بە دەیانیان لە میری نا دیار بوون،
بۆ تیماریان؛ (سەی[5] عەلی)؛ یا (گوڵچین[6] خان).
ئەم ماڵەوماڵ بە خۆیان سەریان ئەدان.
(ئامە[7] درێژ) ئەیوت: کێ بریندارە،
بەند ئەکرێ‌و لای میری تاوانبارە،
(پوورە[8] عاسم) ئەیوت: زۆر کەس هەلآتوون،
شاردراونەوە، لە چاوی میری گوم بوون،
(ڕحمە[9] خان)یش ئەیوت: ئەگەر ئەوانە،
بەرگیر کەوتن، (کونە[10] ڕەش) جێگەیانە.
من لام وا بوو (کونە ڕەش) بۆ منالآن
شوێنی خۆش و تیا هەڵبەزینەو سەیران،
پێم لە دایکم کردنە کەوش، هەر لەوێ،
نەبووەو، نابێ، من (کنە ڕەش)م لێت ئەوێ،
دیسان دایکم بۆ (کونە ڕەش)یش نەیتوانی،
تێم گەینێ، وا بە زوویی‌و ئاسانی،
هەتا دوایی، منیش وەك، صەد هەزاران

بە (کونە ڕەش) ئاشنا بووین چەند جاران.
بە دەم سوێی‌وە؛ (حەلە[11] شین)ئە یگێڕاوە:
چۆن زامدارو تەرمیان بە (لاق) کێشاوە..
هەتا حەوشی خەستە خانە یان بردوون،
بەو کیشانە، گەلێ بریندار مردوون.
هەر ماڵ بوو، شەو، لە پڕ باسخون ئەکرا،
دووزمانیش، ئەوسا ئاشی ئەگەڕا،
(باجی[12] ئەجێ)یش ئەیوت: هەر ئەبێ وابێ،
گەر وا نەبێ؟ (ماف) مان پێ ڕەوا نابێ.
منیش ئەم ووت: (ماف)م ئەوێ، هۆ.. دایە،
وورکم ئەگرت، ئەم قیژان پڕ دنیایە،
(تاقانە) بووم، بۆیە، هەر چیەکم ئەبیست،
بە وورکەوە، لە دایك و باوکم ئەویست،
لام وابوو، (ماف) شتێکە بۆ منالان،
بۆیە کەوا لیسم لە (ماف)یش ئاڵان.
هەمدیس دایکم نەیتوانی تێم گەیێنێ،
کە: (ماف) چیەو؟ یاکێ‌و؟ چۆنی ئەسێنێ؟
هەتا دوایی، کارەسات تێی گەیانم،
وەك دایکم، بوو، بە مامۆستای ژیانم.
شەویش باوکم، شتی وای ئەگێڕاوە،
مێشکم هەڵی نە ئەگرت، چی قەماوە.
بۆ بەیانی، چوومە لای باب، لە دووکان،
تا شوێنێ جەنگە ببینم بە دوو چاوان.
ئێستەش ئەو جێی ڕیچکەو چۆڕاوگەی خوێنە،
هەروا وەك خۆی لەبەر چاومە چۆن وێنە،
ئەو دارتەلەی گوللە (شەست تیر) قوپانی،
کونکونێی جێی گوللە دیوارەکانی
محاجەرەی دەوری باخەی بەر[13] سەرا،
کە تێکچوو بوو لە ژێر پێی هێرش بەرا،
ئەو هەرێزەی جاران سەوزو پاراو بوو،
ئەمدی جێ جێ پەڵەی خوێن نەخشاو بوو،
ئەو گوڵانەی تاکو دوێنێش پڕ بە دڵ،
تامەزرۆ بووم، بە دزیش بێ، بۆ یەك گوڵ،
ئەمدین هەموو خوێناوی‌و پلیشاوە،
گوڵێك نەبوو بیکەمەوە لەو ناوە،
گشت پاشماوەی هێرشەکەی دوێنێ بوون،
ئەدووت: دێری دوو توێی پەڕاوی مێژوون،
هی هەڵمەتی دوێنێی (بەر دەرکی سەرا)،
کە پیرو لاو تیایا کردیانە هەرا،
هی شۆڕشی ئەو ڕۆژەی شەشی[14] ئەیلوول
لەبەر چاوی دڵمە، وەکوو گەردەلوول،
ئەمرۆش پەنجاو پێنج ساڵە ئەوەم دیوە،
هەر ساڵێکی سەد چقڵم تێ چەقیوە،
بەو چقڵانە گوێچکەم ئەزرنگێنەوە
درۆشمەکەی ئەو ڕۆژە ئەڵێتەوە:ـ
(ئێمە کوردین کوردمان ئەوێ..)ی ئەو سایە
شەقڵی مێشك و دەروونە، تا.. هەتایە
دەنگێك، توانیی بۆشایی هەموو گەردوون:
(بلەرزێنێ)، نابێتەوە بوون.
نە من، نە هەر کوردێکی دڵپاك و ساغ،
نە هەر یەکێ لە مرۆڤی بە دەماغ،
بیری ناکەین لە بیرمانە، تا.. کاتێ،
تیشکی، (هیوا هاتنەدی) مان ئەگاتێ.

پەراوێزەکان:ـ

1 ـ لە قوتابخانەی مزگەوتەکە ئەمان خوێند لەلای (مەلا)کەی کە جگە لە ئێمە (فەقێ)یشی هەبوو.
2 ـ (بن تەبەق) مزگەوتێکە لە پشت (ئەوسا ئێستە)ی سەرا (محافظە)وە لە شاری (سلێمانی) لە گەڕەکی مەڵکەندی هەرچەندە مزگەوتێکی تریش هەیە بەم ناوە کە بەویان (مزگەوتە بچکۆلە)یش ئەوترێ‌و لە گەڕەکی شێخانە کە لێرەدا مەبەس لە میان نیە.

3 ـ مامۆستا مەلافە تحولـلای پاوەیی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە (سەفەر بەر) (مەلا)و (پێش نوێژی‌کار)ی مزگەوتەکە بوو، زانایەکی هێمن و شارەزاو بێ وەی بوو جگە لە قوتابخانەکەی هەمیشە نزیکی دە فەقێی هەبوو، لە بابەتی تەلاق مارەکردنەوە یەکەمین پسپۆڕی زانای سەردەمی خۆی بوو شارەزای ئەستێرە شوناسی و دەنگ خۆش و پسپۆڕی ئاوازەکان بوو. لە دوا دوای چلەکاندا لە تەمەنی 75 ساڵیدا لە سلێمانی مردو لە گردی جوگا نێژراوە.

ئێستە نەوەی ئەو لە سلێمانی زۆرن.

4 ـ حاجی حەسەنە فەندی پیاوێکی داراو رۆشنبیرو مەزنی شاربوو دەم راست و دەست رۆیشتوو و نیشتمان پەروەر بوو ماڵەکەیان یەکسەر لە پشت سەراو بە پاڵ حەمامی (فاتمەخان)ەوە بوو لە بنە ماڵە بەناوبانگە هەرە دەسدارەکانی ئەوسای شار بوو.

5 ـ سەی عەلی = سەید عەلی سەید مستەفای عەتار بوو رۆشنبیرونیشتمان پەروەرو ئەدەبدۆست بوو، دەستی پزیکیش هەبوو بە عەتاری‌و پزیشکی‌و بەبراوی فرۆشی ئەژیا، ماڵەکەیان بە پاڵ دیوێکی (مزگەوتی شیخەلی)ی لای سەراوە بوو. کوڕو نەوەی ماون.

6 ـ گوڵچین خان ژنی (بابە جان)ی پزیشکی بە ناوبانگ بوو ماڵەکەیان لە تەنشتی رۆژاوای سەراو پولیسخانەو (بەندیخانەی ئەوسا)وە بوو پسپۆڕی پزیشکی‌و ئافرەتێکی بە ئایینی‌و چاکە کار بوو.

7 ـ ئامە درێژ ـ ئافرەتێکی دراوسیمان بوو بە شانوو باهووی خۆی خۆی‌و هەتیوەکانی ئەژیان و بە بیرو قسە زان بوو.

8 ـ پوورە عاسم کچی عەزەی هەمزە (عەزیز ئاغا)ی یەکە پیاوی شێخ مەحمرودی نەمروژنی حاجی کەریمی سەلیمی لەقلەقی دەلاك بوو ئافرەتێکی مەنگی زیرەکی دراوسیمان بوو. نەوەی زۆرن.

9 ـ رەحمەخان ئافرەتێکی جوانی بەرووەوەو ژنی ئەحمەدی سەعەی حاجی دراوسیمان بوو کە مێردەکەی (واتە ئەم ئەحمەد ئەفەندیە) چاوەشی پۆلیس وە دەنگ خۆش و رۆشنبیرو بە زەوق و پسپۆڕی گۆرانی بوو

10 ـ کونەرەش ـ مەبەست لە (بەندیخانە)یە کە ئەوسا لە پشت سەراوە لە ناو پۆلیسخانەدا بوو لەگەڵ سەرادا یەك ساختمان بوون.

11 ـ حەلەشین = ناوی حەلاو ئافرەتێکی رەشی رەقی قسەخۆش و بەزەگیرو دەم بە پێکەنین و نوکتە باز بوو لە دراوسیمان

12 ـ باجی‌ئەجێ ـ پیرێژنێك بوو بە ئەجێی محە دوو رەگ ناسرابوو کورەکانی پێگەیاندبوون (پانی‌بەرز) دروو بوون لە دراوسیمان، ژنێکی یەکجار پێگەیشتووی قسەنەستەق و بە توێکڵ و بەروبیر بوو هەر بە زیرەکیەکەی کەس پێی نەئەوێرا و خۆشەویست بوو.

13 ـ بەر دەرکی سەرا، تا ئێستەش بەشۆشی بەر دەردەرکی سەرا ناو ئەبرێ

14 ـ جگە لە ناو بانگەکەیشی شۆرشی (رۆژی رەشی‌شەشی ئەیلول) یشی پێ ئەڵێن و مێژووەکان زۆری لێ‌دواون بۆیە لێرەدا تەنیا بینین وەبیستنی خۆم گێراوەتەوە.

**دوو تەی پاك چەکانی لە جەنگی چارەنووس دا**

chalakmuhamad@gmail.com


# جیمس جویس

## هونەرمەندی دوورەپەرێز

نوسینی: دێڤید دێیچس
ئازاد حەمە شەریف لەئینگلیزی‌یەوە کردوویە بە کوردی



جێمس جۆیس لەساڵی 1882دا لەشاری دەبلن چاوی بەدونیا هەڵهێنا، ئەو شارەی ئاکارە سەرەکی‌یەکەی بریتی بوو لە نواندنی جوامێرییەکی پەرپووت لەبەرامبەر پێشینەیەکی خەماوی رامیاری‌و ئایین و سەرمەستی. باوکە تەوەزەل و مەشرەف خۆشەکەی، دایکە بەبێن و سەرکەچەکەی، لەگەڵ دایانە رەقەکارو توندو تیژەکەی - مسز کۆنوێی - بریتی بوون لەو سێ کەسەی کە کاریکی یەگجار گەورەیان لەژیانی ماڵەوەی جۆیسی لاو کرد، لەو کاتەی کە خێزانەکەیان لە ژیانێکی نیمچە بەختەوەرانەوە بەرەو ناخی هەژاریەکی رووڵەزیاد شۆڕ دەبۆوە، لەگەڵ ئەوەش دا بەبێ ئومێدی هەوڵی‌دەدا کەمێك رووکاری رێزوپایەبەرزی بۆ بمێنێتەوە، کەچی بێ ئەوەی هیچ جۆرە سەرکەوتنێك دەستگیر بکات، چونکە ئەو خێزانە بەردەوام بەرەو هەوارگەی بچووکترو بچوکتریش هەنگاوی دەنا لەوکاتەی کە داهاتی خێزانەکەیان بەرەو ئەمان دەچوو. ئەمەش دەوروبەرێکی یاریدەدەر نەبوو بۆ هونەرمەندێکی بەتوانا. لەپاش مردنی پارنێڵ، سەرکردەی میللی ئێرلەندە، لەساڵی 1892دا، شەپۆلی شلۆقاوی باری رامیاری ئێرلەندی دوای پارنێڵ، نەوایەکی نائومێدی‌ی پڕ ئاژاوەی خستە سەر باری بۆگەنی بەربلاوی ئەو سەردەمە کە گشت ئیشە قارەمانیەکانی بوژانەوەی ئەدەبی ئێرلەندی نەیدەتوانی بیشارێتەوە. ئا لەناو ئەم هەموو ئاشوب و ئاژاوەیەدا بوو کە جۆیس گەورەبوو.

تاقە رووخسارێکی دەبلن کە ئەو دەیتوانی پڕبەدڵ پەسەندی بکات خۆشەویستی گۆرانی بوو، تاوەکو کار بەو ئەنجامە گەیشت وەخت بوو جۆیس بەپیشە ببێتە گۆرانی‌بێژی نەوای (تێنەر). ئەوەی دەمایەوە ئەوەبوو کە گەورەبوون لە ئێرلەندەدا لەلای جۆیس بریتی بوو لەهاتنە سەر ئەو رایەی پێویستە خاك و خۆڵی، باب و باپیرانی بەجێ‌بهێڵێت.

جۆیس لە خوێندنگا جێزوێتی‌یەکانی کلۆنگۆوس و بێلڤیدیردا پەروەردەکرا، لە تەمەنی شەش ساڵ و نیودا چووە ئەوەی بەرایی‌و لەتەمەنی شانزەش دا زانکۆی کاثۆلیکی دەبلن (ئەو زانکۆیەی کە بەشێك بوو لە بوژاندنەوەی

زانکۆی کاتۆلیکی‌و لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیە لەلایەن کاردینال نیومان دامەزرێنرابوو).

جۆیس لەوێ خۆی تەرخان کرد بۆ خوێندنی زمانە هاوچەرخەکان، جا لەساڵی 1902دا بەکالۆریۆسی وەرگرت و بڕیاریدا یەکسەر خۆی بخاتە ناو باوەشی دوورەپەرێزیەکی خۆویست لە پاریس. هەرچەندەش پاشی ساڵێك بەناچاری‌بوو نەك بەدەست خۆی، گەڕایەوە دەبلن کە ئەوەش بۆ ماوەیەکی مەیلەوکورت بوو. لە ساڵی 1904دا دیسان ئێرلەندەی بەجێ‌هێشتەوە، ئەو جارەیان بۆ چەشنە دوورکەوتنەوەیەکی وا، کە بێجگە لەدوو سەردانی کورت بۆ هەوارگەی باب و باپیرانی لەساڵانی 1909و 1912دا، تا دوا ڕۆژی ژیانی‌ی خایاند.

لەماوەی خوێندنی لە سێ دانیشتگا کاتۆلیکیەکانەوە بوو ئەوەی بۆ دەرکەوت کە پێویستی بە ژیانێکی دووخراوەیی هەیە. پێشینەی ژیانی ماڵەوەی، لەگەڵ ئەو هەموو شەڕەچەقە ئایینی‌و رامیاریانەی کە بەشێوەیەکی وا هێمایی نیشان دراوە لە دیمەنی نان خواردنی جەژنی‌سەری‌ساڵ لە ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند لەتافی لاوی‌دا) جالەوێ دەبینین کە جوامێری‌یە پەڕپووتەکە پەڕپووتتر دەبێت، هەر ئەمانە ئەو شتانە بوون کە وایان لێ‌ی‌دەکرد بەردەوام هەست بەوەبکات پێویستە لەدەستیان ڕابکات؟ لەهەمان کاتیشدا ژیانی رامیاری‌و هونەری دەبلنی بەشێوەیەکی واتەسك و پووچەڵ و پەنگ خواردوو دەبینی، دەقاودەق وەکو پێشینەی ماڵەوەی خۆی. لەسەرەتادا بەدیلی ئەوەی لەناو ئایین دا دۆزیەوە، هەروەك دەبینین کە لە خوێندنگای بێلڤیدێردابوو ماوەیەکی باش بە قووڵی خەریکی خواپەرستی بوو کە پاشان ئەوانەی بە باڵاکردنی کۆمەلە ئارەزوویێکی گەرم وگوڕی هەرزەکاری دادەنا. بەرلەوەی بێلڤیدێر بەجێ‌بهێڵێت ئەو ئایینی ڕەت کردبووەوە، وەلێ هێشتا ڕێزی لە ئاکاری هزری ئایین زانی دەگرت (ئەو ڕێزەی کە تاسەر لەلای مایەوە)، کەچی بەهاکانی ئایینی‌ی بە نەزۆك و ڕێ‌گر دادەنا. ئایینی کاتۆلیکی تەنیا بریتی‌بوو لەیەکێك لەو هێزانەی کە لەتافی‌لاوی‌دا بەرەو خوار ڕای‌دەکێشا، ئەوەی دیکەیان نیشتیمان پەروەری بوو، بە هەردوو لقی رامیاری‌و رۆشنبیری‌یەوە، کە لە کۆتایی‌دا ئەوشیانی فڕێ‌داو بەرهەڵستی داواکاریەکانی ئەدەبی «نوێ»ی ئێرلەندی لێدی‌گریگۆری‌و (و.ب. یێتس)و ئەوانی دی کرد.

ڕەنگە بپرسین: بۆچی جۆیس خۆی خستە ناوباوەشی خۆدابرین؟ بۆچی کە هێشتا تەمەنی (20) ساڵان بوو تاقە ڕێگای گونجاوی ژیانی خۆی لەخۆدوورخستنەوەدا دەبینی؟ بە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە کلیلی تێگەیشتن لە جۆیسی هونەرمەندو جۆیسی مرۆڤ دەکەوێتە دەستمان.

وەڵامی ئەم پرسیارە لەلایەن جۆیسەوە دراوەتەوە لەڕۆمانە سەربووردنامە خودی‌یەکەی‌دا. (وێنەی هونەرمەند لەتاقی‌لاوی‌دا). لەو ڕۆمانەدا، لەگێڕانەوەی چیرۆکی گەشەکردنی ستیڤن دیدالەس، ئەو ڕەت کردنەوەی بەردەوامی خۆی بۆ ئەو چوارچێوەیەی تیای‌دا دەژیت تۆمار دەکات. کە ئەمەش لەهەمان کاتدا بریتی‌یە لە چیرۆکی دەرکەوتنی خۆی وەکو هونەرمەندێك. هەر لەوێش دا پێشینەی بەربەست کەری ماڵەوەی، لەگەڵ ئەتمۆسفیرە دژوارە ساردوسڕەکەی خوێندنگاو گفتوگۆ پڕوپووچەکانی زانکۆ دەبینین. ستیڤن دەبینین (کە جۆیسە بەخۆی) یەك لەدوای‌یەك ماڵ و ئایین و نیشتیمانەکەی ڕەت دەکاتەوەو زێتر بەشانازی‌و دوورەپەرێزی دەوەستێت و پڕ بەدەنگ هاواری «خزمەت ناکەم» دەتەقێنێتەوە بەرووی هەموو ئەو شتانەی کە نوێنەری ئەرتەدۆکسی‌یەت و نەریتن. جا هەرچەندەی ئەو زیاتر دوورەپەرێز دەبێت، زێتر خۆی لە هاورێکانی دەدزێتەوەو زێتریش لە ڕوانینە بابەتیەکەی هونەرمەند نزیك دەبێتەوە. ستیڤنی هونەرمەند ئەو کاتە لە دایك دەبێت کە سەرکەوتوانە بەرهەڵستی ئەو فریوە دەکات کە دەیەوێ بیخاتە ناو ڕێکخراوی جێزوێتی: لەنکاوڕا ئەو بۆی دەردەکەوێت کە هاتۆتە دونیا تا بەکەنارگیری بژیت، تا بە چاوێکی بابەتیانە تەماشای دونیای مرۆڤ بکات و هەڵس وکەوتیان بە ووردەکاریەکی هونەرمەندانەی بێ‌ئارەزوو تۆماربکات:

«ئەو هەرگیز وەك قەشە بخووردان لەپێش قوربانی‌پیرۆز

ناجولێنێتەوە.

چارەنووسی ئەو بریتی یە لەوەی کە دەبێ لەدەست پاساکۆمەڵایەتی و ئایینی یەکان رابکات... ئەو چارەنووسی وانووسرابوو کە دەبێ بلیمەتی خۆی دوور لە خەڵکی دی دەستگیربکات یا بلیمەتی خەڵکی دی بەخۆی فێربێت هەر کە بەناو تەون و تەڵەکانی ئەم جیهانەدا گوزەر دەکات».

چارەنووسی ئەو وەك هونەرمەندێك داوای هەڵبژاردنی دوورەپەرێزی لێ ی دەکرد.

جا بەم چەشنە (وێنەی هونەرمەند لەتافی لاوی‌دا) بریتی‌یە لە تۆمارکردنی گەشەکردنی هاوتەریبی هونەرمەندو دوورەپەرێزی. رۆمانە. رۆمانەکە ئەو کاتە تەواو دەبێت کە فەلسەفەی هونەری ستیڤن گەشەی کردووە ـ لەگەڵ بڕیاردانی بۆ بەجێ‌هێشتنی ئێرلەندە.

تەنیا لەو کاتەی ئانەی سەرچاوی ستیڤن. لادەچێت ئەو بەچاوی هونەرمەندێك تەماشای دونیا دەکات ـ نەوەك بەچاوی کاتۆلیکی‌یەك، یان وەك ئێرلەندی‌یەك. بەڵام وەك «هەستێکی رووت» بەچاوێکی ئیستاتیکی پاکیزە ـ ژیانی ئاسایی هاوکاریکردن و خۆگونجاندن رەت دەکاتەوە. لە ئێستا بەدواوە «راستگۆیی هونەری» بریتی‌یە لەو هەموو شتانەی ئەو گوێی‌پێ‌دەدات، ئەو ساتە ئەو بۆتە مرۆڤێکی کەنارگیرو ناهاریکار. لەگوێن بوو جۆیس ببوایە قەشە، بەڵام هەڵبژاردنەکەی تەنها لەمابەینی بوون بە قەشەو هونەرمەندی بوو. ئەو جۆرە مێشکە ناهاوکارەی کە خۆفەوتاندن بەتامەزرۆیی دەسەڵاتەوە گرێ‌دەدات، تەنها برێ‌دەشکا بە «دەسەڵاتی ئەو کلیلانەی کە خەڵکی بەیەکەوە دەبەستێ و لەگوناهـ دەربازیان دەکات، یان بەهۆی توانای خواناسای هونەرمەند بە دروست کردنەوەی دونیا لە ووشە.

جا هەر لەبەر ئەمەشە کە رەت کردنەوەی ستیڤن بۆ چوونە ناو رێکخراوی جێزوێتی‌یەکان بریتی‌یە لە توتکەی رۆمانی (وێنەی هونەرمەند لەتافی لاوی‌دا):

خۆ هەر بۆیەشە هەڵبژاردنی هونەرمەندی تاقە بوارە بۆی مابێتەوە؛ جا بەشەکەی‌تری رۆمانەکە بریتی‌یە لە قسەی ئاسایی دەربارەی تیۆری ئیستاتیکی ستیڤن و کامڵ بوونی ئەم تیۆری‌یەو پلانەکانی ستیڤن بۆ دوورەپەرێزی.

ئەو ئیستاتیکایەی کە جۆیس گەشەی پێ‌دەدات ـ ئەوەی کە ستیڤن بەدووورودرێژی لە (وێنەی هونەرمەند)دا لێ‌ی دەدوێت ـ لەو جۆرانەیە کە مرۆڤ لە هونەرمەندێك چاوەروان دەکات کە هونەر لەلایەوە مانای دوورەپەرێزی دەبەخشێت. هونەر وا تەماشادەکرێت کە بریتی‌یە لە گوازتنەوە لە فۆرمی سترانی، کە سادەترین شێوەی هونەرەو بریتی‌یە لە دەربڕینێکی پرسۆزی تاوێکی کەسی، بۆ فۆرمی داستانی، کەچی‌تر شتێکی خودی تەواو نی‌یە، بەرەو فۆرمی دراماتیکی؛ کە ئەمەیان بەرزترین و کامڵترین فۆرمە کە «هونەرمەند وەکو خوایەکی خوڵقێنەر لەناو یا لەپشت یا لەودیو یا لەسەر دەستکردەکەی دەمێنێتەوە، نابینری‌و بوونیشی پاڵێوراوەو بەبێ‌باکی نینۆکی سەرپەنجەکانی رێك دەخات.» جا ئەرکی بەرزترین چەشنە هونەرمەند ئەوەیە کە تێروانینێکی تەواو بابەتی و بێ‌باك و ناکەسی بهێنێتەبەرهەم و سەرلەنوێ دونیای مرۆڤ لەزمان دروست بکاتەوە، هەروەها ناشێت زیاتر خۆی سەر بەم جیهانەی بزانێت کە خوڵقاندوویەتی لەو خودایەی کە خۆی سەر بەجیهانە دەستکردەکەی دەزانێت. هونەرمەند دەبێ دوورەپەرێز هەتا وەکو خودای لێ‌بێت.

لە دوابەشی (وێنەی هونەرمەند)دا دوو بیرۆکەی سەرەکی سەرهەڵدەدەن: کە بریتین لە گەشەکردنی ئیستاتیکای ستیڤن و رەت کردنەوەی بەردەوامی دەوروبەرکەی. بەشێوەیەك یا شێوەیەکی‌تر ئەم دوو کردەیە (پرۆسە) ئەوی‌تر رەنگ دەداتەوە، هەروەها ئەو کەرستانەی کە جۆیس بەکاریان دێنێت بۆ روونکردنەوەی ئەم چەشنە رەنگ دانەوانە، شایەنی سەرنج دانن. یەکەمیان، ئێمە دەبینین کە خوڵقاندنی تێروانینی ئیستاتیکی پاڵەوانەکە یان لەلایەن خۆی بەتەنیا، یا لە گۆشەگیریەکی تەواو، یا لە

رووبەرووبوونەوەیەکی راستەوخۆی هاوڕێکانی خراوەتەڕوو. دووەمیان: لەو پێنەوە بەرەو دوا تا کۆتایی پەرتووکەکە ستیڤن بەچاوێکی هونەرمەندانەی دوورەپەرێز تەماشای هاوڕێو ناسیاوەکانی دەکات، نەك بەچاوی مرۆڤێکی ئاسایی، تا ئەنجام بەوە دەگات کە ئەو هەمیشە وەکو مرۆڤێکی «تەنیا» و «جیاواز» نیشان دراوە. سێهەمیان، ئەو تێڕوانینە ئیستاتیکیەی کە وەك شتێکی گەشەسەندوو خراوەتەبەرچاو - هەڵبەتە ئەمەش تێڕوانینی جۆیسە خۆی - بریتی یە لەو جۆرە تێڕوانینەی کە دووری و بابەتی هونەرمەندەکە دەردەخات: جیهان بریتی یە لە شتێك کە دەبێت سەرلەنوێ لەدوورەوەڕا دروست بکرێتەوە، نەوەك لەناوەوەڕا لاسایی بکرێتەوە. ئا بەم چەشنە جۆیس دەیەوێت گەشەکردنی هونەرمەندو دوورەپەرێزی وەك بەشی'یەك کردە (پرۆسە) بخاتە بەرچاو.

ئەگەر بەووردی تەماشای ئەو شێوازە بکەین کە وێنەی هونەرمەند وەکو وێنەیەکی تایبەتی نەك وێنەیەکی گشتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا سەری هەڵدا، ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی روونتر تێبگەین کە چی رووی‌دەدا. لەگەڵ ئۆسکاروایلدو «پڕووپووچەکانی» نەوەدەکان دەبینین کە نکوڵی چ لە ئەرکی هونەری (وەك وایلد دەڵێ: «هەموو هونەرێك بەتەواوی بێ‌سوودە»)و چ لە بەرژەوەندی کۆمەلایەتی هونەرمەند دەکرێت. جا لە گۆشەگیری یەوە بەرەو دوورەپەرێزی تاقە هەنگاوێکە.

ئەوەی راستی بێت ئەوەیە کە مێژووی ئەدەب چەندین نموونەی لەم چەشنە دەردەخات - کاتێك کە هەیکەلی بەهای کۆمەلایەتی بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت ئەرکی هونەرمەندیش دەبێتە شتێکی گومان لێکراو، هەر لەهەمان کاتیش دا هەموو پلەوپایەیەکی دیاری خۆی لە کۆمەڵگە لە دەست دەدات و کاردانەوەشی (بەرامبەر کۆمەڵگە) بەهۆی خلوەت گیری یا دوورەپەرێزی دەبێت. ئا ئەوە یەکێك بوو لەو بزووتنەوە ئەوروپی یە گشتی یەی دەستی بە گەشەکردن کرد لەو کاتەی کە مەنگی دونیای ڤیکتۆری بەرەو زێتر لە ئاشووب و ئاژاوە دەچوو. ئەمە بەسادەیی بریتی نی یە لە رەت کردنەوەی چینی ناوەڕاست لەلایەن هونەرمەندەوە - وەك هەندێك نووسەری مێژووی ئەدەبی وای بۆ دەچن - بەڵکو بریتی یە لە رەت کردنەوەی هەموو روخسارەکانی کۆمەڵگە لەلایەن هونەرمەندەوە.

جا بەم چەشنە هاتە دونیای ستیڤن دیدالەس (کە جێمس جۆیسە) وەك هونەرمەندێك مانای ئەوە نی یە ئەو سەربەهیچ پیشەیەکی دیاریکراوە، هەروەها ماناشی ئەوە نی یە کە شوێنی خۆی لە ناو پەیژەی کۆمەلایەتی دۆزیوەتەوەو ئەرکی سەرشانی ئەوە نی یە کە شوێنی خۆی لە ناو پەیژەی کۆمەلایەتی دۆزیوەتەوەو ئەرکی سەرشانی کارێکی سووك و ئاسانە. بە پێچەوانەوە، ئەوە مانای وایە کە ئەو گەیشتوتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو هیچ شوێنێك و هیچ چەشنە ئەرکێکی دیاری نی یە. هەر کە سەدەی نۆزدەهەم بەرەو کۆتایی یەکەی هەنگاوی‌دەنا، پایەی ئەدەبی جەرگ سۆز (جدی) وەکو پیشەیەك زێترو زێتر تەم ومژاوی دەبوو. رێگاکانی چوونەناو هەر چەشنە پیشەیەکی هونەری ئاڵۆزو تێك شێواو بوو. داوەری‌کەرانی چەشەی هونەری لە بوونا نەمابوون.

بۆیە هەر لە دژی ئەو چەشنە پێشینەیە بوو کە هونەرمەند بۆ بەرگری لەخۆکردن خۆی بە دوورخراوەیەك دەدایە قەڵەم و چەشنە تێڕوانینێکی سەرراستانەی هونەری دەهێنایەکایەوە کە بێباکی یەکی دەنواند. راستە رازی نەبوونی جۆیس لە دەبلن بۆنەیەك بوو. نەك هۆی راستەقینەی خلوەت گیریەکەی.

جا جۆیس لە ئەنجامی بەدەنگ هاتن لەو بارانەی کە لە گوێنە بەئاستەم ئاگای لێیان بوو بێت، ئیرلەندەی بەجێ هێشت و بەرەو کیشوەر بەرێ‌کەوت، تا هونەرەکەی لەناو «بێ‌دەنگی و دوورەپەرێزی و کارامەیی»دا بە بەرهەم بهێنێت. یەکەم بەرهەمی بریتی بوو لە کۆمەڵێك کورتەچیرۆك، کە وێنەی چەند روخسارێکی نمونەیی ئەو دەبلنە بوو کە ئەو پشتی تێ‌کردبوو، زۆر بەساکاری ناونیشانی

(دەبلنی یەکان)ی لێ نا. چیرۆکەکان بە وەسف کردنی سەردەمی منداڵی لە دەبلن دەست پێ دەکەن، کە بە زمانی کەسی یەکەم نوسراون، ئینجا تادێت پەرتووکەکە بەرەو لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانەتر هەنگاو دەنێت، کە لەوێوە نوسەر بە کەنارگیریەکی هۆشیارانەوە چەند بارێکی جیاکەرەوەی ژیانی دەبلن بە کورتی نیشان دەدات. جا ئێمە گەشەکردن لە هونەری «سترانی یەوە» بەرەو «دراماتیکی» دەبینین بەو چەشنەی کە جۆیس لەو زاراوانە گەیشتبوو. چەند وێنەیەکی وەك «رۆژێکی لاولاوەیی لە ژووری کومیتەدا» لەناو یەك تاقە دیمەن دا هەموو ئەو ئیشە سەرەکی یانە دەخاتەروو کە دەبلنی یە ئاسایی یەکان پێیەوە خەریکن، وێرای ئەوەش دۆخی دەروونی ئەو شوێنە دەردەخات - دۆخێکی تاریکی تێکەڵ بە کەمتەرخەمی - کە باڵی بەسەریان دا کێشاوە. تا لێرەدا چەشنە ریالیزمێکی خامۆشی نیگارە فلێمینگ - ئاساکان دەبینین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکەکان لەوێنەی ریالیستی زیاترن، هەروەها چیرۆکەکان هیمایی ین، چونکە هەرکەسێك و هەروێنەیەك لەمانە دەبن بە هیمای شاری دەبلن و خەڵکەکەی.

دواچیرۆکی (دەبلنی یەکان) «مردووە» کە لەوانی دی جیاوازە. ئەو چیرۆکە کەمتر بریتی یە لە وێنەیەکی نمونەیی باری دەبلن لەوەی کە ئەفسانەیەکە دروست کراوە بۆ نواندنی مەبەستێك. لێرەدا جۆیس دەیەوێ لە روانینێکی یەگجار خودی یەوە ئەو گۆڕانە دەست نیشان بکات؛ کە تۆ وا هەست دەکەیت دەڵێی بە دەوری خودی خۆتەوە خووڵ دەخوێت، دەچێتە باری ئەو چەشنە تێروانینەی کە کەسایەتی خۆت سڕاوەتەوەو دەتوانیت لە دوورەوە بوەستیت و بەبێ باکی سەیری خۆت و جیهان بکەیت. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە بارێکی دەروونی خۆپەرستانەی پڕ لە فیشاڵ دەست پێ دەکات، پاشان لە ئەنجامی رووداوەکانی ئەم چیرۆکەوە، وا دەردەکەوێت کە کەسایەتی سڕاوەتەوەو لە ناو بارێکی دەروونی بێ باکی یەوە بە هەموو شتێك رازی دەبێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە پاشی چیرۆکەکانی تر (دەبلنی یەکان) نوسراوەتا ئەو رادەیەی کە بەشێکی سەرەکی کۆمەڵە رەسەنەکە پێك ناهێنێت. جا دەبینین کە چیرۆکی «مردوو» بریتی یە لە جۆرە بیرۆکەیەکی پاشەبەرە کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆخەریك کردنی جۆیس بە مەسەلەی هەڵوێستی جوانناسی راست ودروست دەردەبڕێت.

ئەوەی راستی بێت، ئەوەی بەسەر گابریێل دێت وەك ئەوەیە کە بەسەر ستیڤن دێت لە (وێنەی هونەرمەند)دا کە لە تێروانینێکی سترانی یەوە - جیهان بە شێوەیەکی خۆویستانە لێك دەداتەوە - کە جۆیس ئەمە بە نەکامڵترین روانین دادەنێت، دەگاتە تێروانینێکی «دراماتیکی» کە ئەمەش لەلای جۆیس بریتی بوو لە دروست ترین بۆچوونی جوانناسی (ئیستاتیکی).

(وێنەی هونەرمەند) بەدوای (دەبلنی یەکان)دا هات. لەو رۆمانە سەربووردنامە خودیەدا - لەگەڵ ئەوەی سەربووردنامەیەکی خودی یە کەچی بە زمانی کەسی سێهەم نوسراوە - جۆیس دەیەوێ دوور لەخوودی خۆی و دووربەرەکەی بوەستێت و بەچاوێکی تەواو بابەتی یەوە دەربارەی گەشەکردنی خۆی وەك هونەرمەندێك بنوسێت. هەروەك بینیمان، ئەو رۆمانە بریتی یە لە تۆمارکردنی گەشەکردنی هاوتەریبی هونەرمەندو گۆشەگیری. پاش ئەوەی ئەمەی تەواو کرد، جۆیس توانی دابەکێ تا یەکەم شاکاری بنوسێ.

روانینی جۆیس بۆ هونەرمەند بەوێنەیەی کە دوورخراوەیە، کە ئەم چەشنە روانینەش زۆر بەتووندی بە ئایدیالی بێ باکی و بابەتی هونەرەوە بەستراوەتەوە، بە چەشنێکی سروشتی سنووری بۆ هەڵبژاردنی بابەت و تەکنیکی ناو یەکەمین شاکاری مەزنی کێشا. هەر بۆیە (یولیسیس) بریتی یە لە هەوڵ دانێك بۆ وێنەکێشانی چالاکی یەکانی مرۆڤ بە دوورەپەرێزیەکی تەواو پڕاوپڕ - کە ئەمەش یەکێکە لە پێویستی یەکانی شێوازی «دراماتیکی»و

هەڵوێستی پێویستی ئەو هونەرمەندەیە کە دوورخراوەیە. دەبلن ئەو دونیایەیە کە جۆیس خۆی لێ کێشاوەتەوە وەك هونەرمەندێك. جا لەم کارەیدا دەبێ دەبلن بکرێتە هێمای جیهان بەگشتی و چالاکی‌یەکانی خەڵکی ئەو شارەوا نیشان بدرێت کە بریتی‌یە لە دونیایەکی بچووك کراوەی هەموو چالاکی‌یەکانی رەگەزی مرۆڤ. ئەگەر بێت و ئەرکی هونەرمەندی راستەقینە، هەروەك جۆیس داوای دەکات، ئەوەبێ کە «نادیاربێ و بوونی پیالێوری و بەبێ باکی نینۆکی سەرپەنجەکانی رێك بخات».

ئینجا جۆیس دەبێتە هونەرمەندێکی راستەقینە بەرامبەر بەو دەبلنەی خۆی لێ کرد بە نەناسیارو بێ باکانە تەماشای دەکرد. نوسین دەربارەی دەبلن لە سویسراو پاریسەوە، وای لێ کرد وەك «خوای خولقێنەر» بێت کە لە ئاسمانێکی دوورەوە لە دەستکردەکەی خۆی وورد ببێتەوە.

رۆمانی (یولیسیس) بریتی‌یە لە وەسفی ژمارە رووداوێکی دیاریکراو لەبارەی ژمارەیەك خەڵکی دیاریکراوەوە لە چوارچێوەی دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە ـ کە دەبلنە. لەگەڵ ئەوەش دا جۆیس ناچاربوو کە دەبلن بکاتە وێنەیەکی بچووك کراوەی دونیا تا دووری خۆی لەم شارە بکاتە هەڵوێستێکی جوان ناسی. جا بۆیە رووداوەکانی ئەم چیرۆکە لەسەر یەك ئاست ناگێردرێتەوە؛ چیرۆکەکە بە شێوازێکی وا ئاڵۆز دەگێردرێتەوە کە قووڵی و مانا دەدرێتە رووداوەکان و دەبن بە هێمای چالاکی مرۆڤ لە جیهان دا، نەك تەنیا وەسف کردنی کۆمەڵە کەسێکی شاری دەبلن. دیارترین شێواز کە جۆیس بەکاری هێناوە بۆ روون کردنەوەی روخساری دونیای بچوککراوەی چیرۆکەکە بریتی‌یە لەو هاوتەرێبییەی کە لەگەڵ (ئۆدیسەی) هۆمیرۆس هەیەتی. چونکە جۆیس یولیسیسی هۆمیرۆسی بە کامڵترین مرۆڤ لە هەموو ئەدەب دادەنا ـ ئەو مرۆڤەی کە هەموو لایەنێکی دیارخراوە ـ کە لەیەك کاتدا پاڵەوان و ترسنۆکە، وریاو هەڵەشەیە، لاوازو بەهێزە، مێردو دڵدارە، چاوێرو قرچۆکە، تۆڵەسەن و بەخشندەیە، مرۆڤێکی باڵاو پووچەڵە ـ جا جۆیس هەوڵی دا تا سەرچڵی‌یەکانی پاڵەوانەکەی، لیوپۆلد بلووم، کە جوولەکەیەکی ئیرلەندیە، لەسەر هەمان رێرەوی نموونەیی ئەو یولیسیسە بروات کە هۆمیرۆس گیانی خستبووەبەر. جا هەر بەم شێوەیەش هەر رووداوێك لە چالاکی‌یەکانی بلووم لە ماوەی ئەو رۆژەی کە لە دەبلنە بەرامبەری خۆی هەیە لە یەکێك لە سەرچڵی‌یەکانی یولیسیسی (ئۆدیسە)ی هۆمیرۆس. جا بلووم دەبێتە گشت مرۆڤ و دەبلنیش دەبێتە جیهان، کەچی کەسەکانی دی مرۆڤی نەکامڵ دەنوێنن ـ بۆ نموونە، ستیڤن لە (یولیسیس)دا سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوە تا رۆڵێکی گرینگ بگێرێت بەوپێ‌یەی کە «مرۆڤ هونەرمەندە»، لێرەدا ئەو پڕبەمانای ووشە هونەرمەندە، کەچی بلووم نیمچەهونەرمەندەو نیمچەزاناشە، هەڵبەتەش هەر یەکێك لە توانا هونەری و زانستی‌یەکەی لەسەر ئاستێکی زۆر لەوە نزمترە تا بلووم ببێتە هونەرمەندێکی «تەواو»یا زانایێکی «تەواو».

پەرتووکەکە لە سەعات 8ی بەیانی 16ی حوزەیرانی ساڵی 1904دا دەست پێ دەکات. ستیڤن دیدالەس بە هۆی مردنی دایکی داوای لێ کراوە بگەرێتەوە ئیرلەندە پاش ئەوەی کە ساڵێکی لە پاریس بەسەربردووە (هەروەکو جێمس جۆیس خۆی)، کە لە بورجێکی کۆنی سەربازی‌دا لەگەڵ (بەك مەلیگان) کە قوتابیەکی گاڵتەبازی کۆلێژی پزیشکی‌یەو میوانێکی ئینگلیزیشی لەگەڵە، لەسەر کەنار دەژیت. جا لەمیانی ئەو دیمەنە بەراییانەدا کەسێتی ستیڤن زۆر بەووردی هەڵنراوە. ئەو هونەرمەندێکی دوورەپەرێزو ناهاوکارە، هەروەها هەموو ئەو هەنگاوانە رەت دەکاتەوە کە نوێنەرانی دونیای ئاسایی بەرەو رووی دەنێن. وێرای ئەوەش مرۆڤێکی نەکامڵەو پاش دەمێکی تر دەبێتە هاودژی (نقیض) لیوپۆلد بلووم کە مرۆڤێکی کامڵەو نوێنەری دونیای هاریکاری و ئاشت بوونەوەیە. پاش بەدواکەوتنی ستیڤن لەمیانی چالاکی‌یە زووەکانی سەرلەبەیانی و بەهۆی خستنەرووی

«تەوژمی بەئاکایی» هەموو تەوژمە سەرەکی یەکانی ناو مێشکی ئەو دەزانین، ئینجا نووسەر دەمان بات بۆ ماڵی لیوپۆلد بلووم، کە بەدوای ئەویش دا دەچین لە میانی چالاکی یەکانی رۆژانەی. ئیمە بلووم لەماڵی خۆی دەبینین، پاشان لە کۆڕێکی ماتەمین، ئینجا دەبینین مامەڵەی بازرگانی دەکات، فراوین دەکات و بەناو شەقامەکانی دەبلن دا پیاسەدەکات - ئیمە زۆر بەووردی چاودێری هەموو چالاکی یەکانی دەکەین، کەچی لەهەر پنتێکی ئەم پنتانە ناوەوەی مێشکی دەخرێتەڕوو، بەگشت رووداوە رابردوویی چاوەڕوان کراوەکانەوە تاوەکو هەموو مێژووی رابردووی ئاشکرا دەکرێت.

لە کۆتایی دا بلووم و ستیڤن کە بە درێژایی رۆژ یەکتریان وون کردبوو پێك شاد دەبنەوە. ئێستا کات درەنگەو ستیڤن کە لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابی کۆلێژی پزیشکی دەیخواردەوە باری خراپ و نالەبارە. جا بلووم هەستێکی باوکانە بەرەو ستیڤن پاڵی دەنێت - ئەویش لەبەر ئەوەی کورەکەی بەساوایی مردبووو بەشێوەیەکی هێمایی جێگای ئەو دەگرێتەوە - چاودێری سەرچڵی یەکانی ئایندەی ستیڤن دەکات و رۆڵی پارێزەرێك بەرامبەر بەم دەبینێت.

لوتکەی پەرتووکەکە لەوکاتەدا دەست پێ دەکات کە ستیڤن بەتەواوی سەرمەستەو بلوومیش لەماندوویيان دارزاوە، هەردووکیان خۆیان داوێنە ناو باوەشی زنجیرەیەك لە هوڕێنە کە ژێرهەست و بێ هەستیان بەشێوەیەکی وا دراماتیکی دەکەوێتەڕووو کەسایەتی یان بێ پێچ و پەنا بەتەواوی ئاشکرا دەبێت کە لە هەموو ئەدەب دا هاوتای نی یە. پاشان بلووم ستیڤن دەباتەوە ماڵ و ژمەنانێکی دەداتێ. پاش ئەوەی ستیڤن دەروات بلووم خۆی دەخزێنێتە ناو نوێنەکەیەوە - ئەو دەمە کاتژمێر 2ی بەیانی 17ی حزیرانە - کەچی ئالێرەدا ژنەکەی کە بنەمای سێکس و زاووزێ دەنوێنێ کە سەرتاپای ژیانی مرۆڤی لەسەر بەندە، کۆتایی بە پەرتووکەکە دێنێ بە مەنەلۆگێکی دوورودرێژ کە یادی هەموو ئەزموونەکانی خۆی وەك ئافرەتێك دەکاتەوە.

لە رۆمانی (یولیسیس)دا جۆیس دەیەوێت هەموو شتێك بدرکێنێ؛ کە هەڵژمێری سەرچڵی کۆمەڵە خەڵکێکی بچووك دەکات لە ماوەی تاقەرۆژێك دا، کە ئەمەش سەرجەمی چالاکی یەکانی مرۆڤ دەنوێنێ - ئەو لێرەدا هیچ چەشنە تێروانینێك دەرنابڕێت، هیچ شتێکیش بە پووختەتر دانانێت و هیچ چەشنە تەرازوویەکی بەهاش ناسەپێنێت. چونکە بەپێی بۆچوونی جۆیس دەبێ هونەرمەند دوورەپەرێزو بێباك بێ و نابێ هیچ چەشنە تێروانینێکی هەبێت. جا بەم پێیەش ئەو کۆمەڵە کەرەسەی تەکنیکیەی کە لە (یولیسیس)دا بەکارهێنراوە لەخزمەتی دوو فرمان دان - ئەوانە بۆ فراوان کردنی مانای چیرۆکەکە بەکارهێنراون تا ئەو رادەیەی کە گشت چالاکی یەکانی مرۆڤ بگرێتەخۆ، هەروەها بۆ بەرپەرچ دانەوەی سەرهەڵدانی هەرچەشنە هەڵوێستێك یا تێروانینێك. کەسەکان ئاوا نیشان دراون کە پەیوەندی هەمەلاو دروستیان لەگەڵ یەکتری هەیە؛ کە ئەو پەیوەندیانەش لەهەمان کاتدا هەم هێمایی و هەم ریالیستیش. هەر کەسێك لە کەسەکان نموونەیەکی هۆمیرۆسی پێ دەبەخشرێت کە بە رۆڵی فراوان کردنی مانای کردەکان هەڵدەسێت. رووداوەکانی چیرۆکەکە وا بەووردی رێزکراون تا یەکەیەکی توندوتۆڵ پێك بهێنێت. هەروەها ئەو رووداوانەش نموونەی هۆمیرۆسیان پێ بەخشراوە کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیەو پەیوەندیشیان بە رووخسارە راستینەکەی دەبلنەوە هەیە. لەمەش پتر، رووداوەکان مانای تریان دراوەتەپاڵ لەسەر ئاستی سێهەم: کە ئاستێکی صوفیانە یا فەلسەفیانەیەو جۆیس بەکاری دەهێنێت تا لەگەڵ بەرەوپێش چوونی رۆمانەکەدا هەموو شێوازە سەرەکی یەکانی بیرکردنەوە پێشکەش بکات کە مێشکی مرۆڤی پێوەخەریك بووە هەر لەسەرەتای پەیدابوونی کاتەوە.

هەربۆیەش ئاستی هۆمیرۆسی لە چیرۆکەکە نەخشەی بۆ کێشراوە تا کێش بخاتەسەر «کاملی» بلوومی پاڵەوان، کەچی فرمانی ئاستی سێهەم ئەوەیە کە چیرۆکەکە بە بابەتە

سەرەکی‌یەکانی بیری مرۆڤ بیەستێتەوە، تا لەو ڕێگایەوە ماناگشتی‌یەکانی فراوان بکات. ئەم ئاستەی سێهەم دیسان یارمەتی چەسپاندنی بێ‌باکی جۆیس دەدات؛ جا ئەگەر ئیشێك لەسەر ئاستێکی ڕیالیستی پووچەڵ و بێ‌بایەخ بێت کەچی پڕمانا و بایەخدار دەبێت لەسەر ئاستێکی صوفیانە؛ ئەوەش مانای ئەوەیە کە شتی پووچەڵ و پڕمانا لەڕاستی‌دا هەر یەك شتن و هیچ جیاوازیەکی ڕاستەقینەی ئەوتۆ لەمابەینی ئەوەی کەمتر یان زیاتر گرینگە لە چالاکی‌یەکانی مرۆڤ دا نی‌یە. کاتێك مستر بلووم شەپقەکەی بەرز دەکاتەوەو کاتێك مستربلووم بەرگری لە مەسەلەی دادوەری دەکات بریتین لە دوو مەسەلەی گرینگ لەسەر هەمان ئاستی گرنگی‌دا - یا دوو مەسەلەی بێ‌بایەخن لەسەر هەمان ئاستی بێ‌بایەخی‌دا. جا ئەوەی پاڵەوانانەو ئەوەی پووچەڵە، ئەوەی پڕوپووچ و ئەوەی ماناداره، ئەوەی کەم خایەن و ئەوەی هەمیشەیی‌یە، لەیەك کاتدا لەسەر کۆمەڵە ئاستێك پێمان ناسێنراوە بەهۆی ڕێ‌نامەی جۆیس لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا جا «ڕاستگۆیی‌یەکەی» وەك هونەرمەندێك - بێ‌باکی و دوورەپەرێزیەکەی لە دونیا - بەم چەشنە پارێزراوە.

جۆیس چەندین شێوازی‌تریشی بەکارهێناوە بۆ چەسپاندنی ڕوخساری وێنەی دونیا بچووککراوەکەی (یولیسیس)، کە هەندێکیان زۆر بەکارامەیی و ڕاست و دروستی بەکارهێنراون، بەڵام لێرە ماوەی ئەوەمان نی‌یە باسی هیچ یەکێك لەو شێوازانە بکەین. ئەوەندە بەسە بڵێین لەڕێگای شێوازو تەکنیکەوە دەتوانرێت هەر چیرۆکێکی دی پووچەڵ ببێتە مانادار بەو مەبەستەی کە زۆرشت بەخۆوەبگرێت. جۆیسیش بە هۆی ئەو شێوازەی کە ووردەکاری تێدابەکارهێناو هەروەها بە هۆی نوسین لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز پێکەوە، توانی وێنەی چەند ڕووداوێکی دەبلن بکاتە پانۆرامایەکی لێك نەپچڕاوی ژیان. لەلای جۆیس، چالاکی جوانناسی بریتی‌یە لە دروست کردنەوەی دیمەنی مرۆڤایەتی بەهۆی زمان بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە تێڕوانینێك دەربڕێت و بەبێ ئەوەی هیچ چەشنە پیوانەیەکی ئایستاتیکی بەهای بەسەردابڕێت. جۆیس چیرۆکەکەی لەسەر شیوازێکی‌وا هەڵ دەنێت کە هەموو ڕوخسارەکانی ئەزموونی مرۆڤ بەیەکتر بچوێنێت.

ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی ڕوونتر لەدوا بەرهەمی کە (فینیگانزوێیك)ە دەردەکەوێت. لەم ڕۆمانەدا ئاستی دەرەوەی چیرۆکەکە لەبارەی خەونی دەبلنی‌یەکە کە لە ڕەچەڵەکێکی نەروێجی‌یە. (هـ.س. ئیرویکەر)، بەچەشنی بلووم، تەرزە مرۆڤێکی وایە کە ئەزموونی فراوان کراوە تا ئەو ڕادەیەی دەبێتە هێمای ئەزموونی هەموو مرۆڤ (پیتە یەکەمەکانی ناوی، هەروەك دەبینین مانای ئەوەیە «ئالێرەوە هەموو مرۆڤێك دێت»). خەونی ئیرویکەر ئەوەندە ئاڵۆزە کورت ناکرێتەوە - بەزمانێکی‌وا دەگێڕدرێتەوە کە بە زەحمەت ئینگلیزی‌یە: ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە کاتێك جۆیس هەوڵ دەدەدات وا لە مێشکی مرۆڤێکی ماندوو بکات لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەم دا ببێتە هێمای هەموو ژیان و مێژووی مرۆڤ، جۆیس ناچارە لەسەر کۆمەڵە ئاستێك پێکرا بنوسێت، ئاوا لەهەر تاقە وشەیەك بکات کە کۆمەڵێك مانای جیاواز بەخۆوەبگرێت، هەریەکێکیش لەو مانایانە لەسەر چەند ئاستێك بوەستێت کە چیرۆکەکەی پێ گێڕدراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەش دا ئەو ئاستانە لێك جیاواز نەماونەتەوە، کە ئەوەش وەك ئەو کۆمەڵە مانایانەن کە لێك جیاواز نامێننەوەو بەناویەکتردا تێك دەپەڕن و لەناو یەکتردا بزردەبن و بەردەوام شیوازی نوێ پێك دەهێنن. ئەو ڕەگەزدۆزی‌و دژیەك و «ووشە داتاشراوە» ئاڵۆزانەی جۆیس لەو کارەی‌دا بەکاری دەهێنێ لەوانەیە هەر هاوتای نەبێت لە هەموو مێژووی‌زمان و پەردە لەرووی پلەیەکی یەگجار بەرز لە کارامەیی و زرنگی جۆیس هەڵدەماڵێ. هەموو چیرۆکەکە بەشیوازێکی‌وا دروست و هەست ناسکانە دارێژراوە کە بەجۆرێك بەرەنگاری هەموو جۆرە لێکدانەوەیەك دەبێتەوە لە وتارێکی کورت دا.

لە ڕۆمانی (فینیگانز وێیك)دا جۆیس تەنانەت کاتێکی

کورتتر لەوەی کە بنچینەی رایەڵی رۆمانی (یولیسیس)بوو وەردەگرێت و بەشێوازێکی ئاڵۆزتر رێکی دەخات؛ ئەوەش بۆ دەستگیرکردنی کاریگەری دونیا بچوککراوەکەیە - تا وەکو یەك وشە مانای هەموو شتێك ببەخشێت - ئەوەش مەبەستی (یولیسیس)بوو وەکو بینیمان. ئا ئەمەیە مەبەستی ئەو هونەرمەندەی پەشۆکاوە بەهۆی ئاشووب و داڕووخانی بەها لەو جیهانەی چاوی تێداکردەوە، هەر بۆیەشە بەناچاری هەست بەراکردن دەکات لەو دونیایەدا، کە تیایدا ئەرکی سەرشانی وەك هونەرمەند نادیارو بزرە، تاوەکو پەرە بەجۆرە تێروانینێکی هونەریوا بدات کە ئەم راکردنە بکاتە کارێکی چاك و سوودبەخش. جۆیس تاوەکو خۆی لەگیروگرفتی هەڵبژاردن بەدووربگرێت - چونکی هەڵبژاردن بریتی‌یە لە هەبوونی چەشنە تێروانینێك، لە کاتێکدا جۆیس هەموو چەشنە تێروانینێك و هەموو جۆرە پێوانەیەکی بەها رەت دەکاتەوە - هەوڵ دەدات هەرگیز هەڵنەبژێرێت، لەجیاتی ئەوە تەکنیکەکەیوا شارەزایانە بەکاردەهێنێ تا ئەو رادەیەی کە ئەگەر شتێکی ووت مانای وایە هەموو شتێکی ووتووە. هەڵسان بەهەڵبژاردن. یان دان نان بەوەی کە ئەو کەسە چاکترە ئەو ئیشە بکات نەك یەکێکی‌تر، مانای وایە کە ئەو خۆی لە جیهانی ئەو بەهاو پێوانانە هەڵدەقورتێنێ کە ئەو رەتی‌کردوونەتەوە، چونکی هەر ئەوانە بوون کە سەریان لێی‌دەشێواندو رێیان لەوە دەگرت وەك هونەرمەندێك بیروڕای خۆی دەربڕێت:

جا بەم پێیە ئەگەر جۆیس لە دونیا رای‌کرد، بێگومان ئەو تەنیایی و دوورەپەرێزی بە شتێکی مەزنتر دەزانی و پێناسەیەکی بۆ هونەر دانا کە بریتی‌یە لەو کارامەیی‌یە تەکنیکیەی کە یارمەتی هونەرمەند دەدات بۆ گەیاندنی هەموو شتێك پێکەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لەوی‌تر بەباشتر بزانێت یان کێش بخاتەسەر شتێکی دیاریکراو. جۆیس کە بەم ئیشە هەڵسا بەرزترین شێوە لەداهێنانی وورشەداری ئەدەبی لەجیهانی نوێدا - لەوانەیە لەهەموو چەرخێکدا هێنابێتەکایەوە.

- کەچی پیشەی‌داهێنان هەموو شتێك نی‌یەو ئەوانەی بەدوای ئامانجێك یا بەهایەك دەگەڕێن لە ئیشەکانی جۆیس دا تا مانـاو «بایەخی مرۆڤـایەتی» هەمیشەیی (ئەگەرچی ئەو زاراوەیە زۆر بەهەڵە بەکارهێنراوە، کەچی لێرەدا لەڕاستی دوور نی‌یە) بدەنە بەرهەمی جۆیس تووشی نائومێدی دەبن. چونکی جیاوازیەکی بنچینەیی هەیە لەمابەینی هونەرو پیشەی‌داهێنان. هەرچەندە ئەو هێزانەی کە کاریان لە جۆیس کرد وایان لێ‌ی‌کرد ئەوە بە کارێکی چاك بزانێت ئەگەر هەردووکیان - (هونەرو پیشەی داهێنان) بخاتە دووتای تەرازووی یەکسانەوە.

---

1) ئەم ووتارەم لەو کتێبە وەرگێڕاوە.

Frank Van Oconnor, (ed) Forms of Modern Fiction:

A Collection of Critical Essays.

سەرووتاری باسەکە بەم جۆرەیە:

David Daiches «James Joyce: The Artist as Exile»

2) مانای هەندێ لەو وشەو زاراوانەی لەم ووتارەدا بەکارهێنراون.

تێنەر: جۆرە گۆرانی‌یەکە کە بەرزترین دەنگی نێرانە دەگوترێت.

پێشینە: خلفیة.

رووکار: مظهر.

هزری: فکری.

ئیستاتیکی: جوانناسی.

کردە: عملیە، پرۆسە Process

سترانی: غنائی. lyrical

لێ‌بەدەنگ هاتن: استجابة response

کەنارگیری: إنزواء

هاودژ: نقیض، Contrast

راستیە: واقع.

رایەڵ: حبکة. Plot

جوامێری پەڕپووت: کیاسة رثة.



# ڕەفیق ئەفەندی

## خادم سجادە

chalakmuhamad@gmail.com

حسین بەرزنجی

محەمەد ڕەفیق کوڕی حاجی ئەمین کوڕی حاجی مەلا محــەمـەد کوڕی مەلا سەعدی (خـادم السجـاد)ە یە لە سالّــی (1285)ی ك بەرامبــەر بە (1866)ی ز لە شارە خنجیلانە کەی کۆیە هاتوەتە دونیاوە سەرەتای خوێندنی لە خزمـەت باوکیـا دەس پێ ئـەکـا پاشان لە لای مامۆستا مەلا محەممەد ئەفەندی قوتب لە کەرکوك ئەچێتە بەر خوێندن و تا کتێبی (مطوّل) لە خزمەتی ئەودا تەواو ئەکا ئەنجا ئەچێتە لای مامـۆستـاو زانـای بەرزی ئەو سەردەمـە مامـوستا عەلی حیکمەت سیامەنسوری تا خوێندن تەواو ئەکاو بەڵگە نامەی زانستی لا وەر دەگـرێت. ڕەفیق ئەفـەنـدی سەرەڕای زمانی کوردی کە زمانی زکماکی خۆیەتی زمانی تورکی و عەرەبی و فارسیش بە چاك و ڕەوانی زانیوەو شارەزایان بوە.

نازانین چ ساڵێك و یا بەچ هۆیـەکـەوە هاتـونەتە شاری کەرکــوك و نیشتــەجێ بووە، بەڵام لە کەرکـوکـدا بە بنـە ماڵەیەکی خانەدان و ئایین پەروەرو زانست دۆست و ناودار ناســراون. لە ساڵی 1924ز رفیق ئەفـەنـدی بە نوێنـەری کەرکـوك لە پەرلـەمـانی پاشـایـەتی عیـراق هەلبژێراوە تا نزیکـەی سالی 1928ز نوێنـەر بووە. پیـاوێکی قسـەزان و بلیمـەت و هەڵکـەوتـوو شۆرەسـواری مەیـدانی ئەدەب بووە یەکێکـە لەئـەستێـرە وورشـەدارەکـانی ئاسمـانی ئەدەبی کلاسیـکی نەتـەوەی کورد. دەسـتێکی باڵای هەبـووە لە جووت ووشــە بەکـارهێنـان (جنـاس)، زۆر بەجـوانی لە قاوغێکی ڕەوانبێـژی دایـرشتـوە هەر وەکـو لە زۆربــەی هۆنـراوەکـانیـا دەر ئەکـەوێت. لە خوا لێ خۆشبو مامـۆستا (عـەلی رەفیق)م بیستـوە کە کوڕی گـەورەی ڕەفیق ئەفەندی بوو ووتی «من منداڵ بووم هەشت نۆ ساڵان ئەبووم لەگەڵ

کچیکی خزمی خۆمان ناوی (کافیه) بوو هاوتەمەن بووین پێکەوە لەلای باوکم ئەمان خوێند یەکترمان زۆر خۆش ویست وای لیٰ هاتبوو یەکتر هەڵمان نەئەکرد هەردوو خاوەنی دڵێکی بێ گەردوو ئەویندار وەك کانیاوێکی خۆشەویستی بێ نیاز قوڵپی گری خۆشەویستی لیٰ هەڵ ئەقوڵا خۆشەویستیەکی (عذری) باوکم وواتە (رەفیق ئەفەندی) هەستی بەم خۆشەویستی یەی نێوانمان کردو دوو دێر شیعری زۆر جوانی بەزمانی من و کافیەوە هەڵبەست و بۆی خوێندینەوە کە تا ئیستا لە گوێمان ئەزرنگێتەوە، بە زمانی منەوە ئەی ووت.»

. بۆ دەوای دەردی دڵی من کافیە
پەرچەم و روخساری (خطی) کافیە
بە زمانی کافیەوە ئەی ووت
شێت و شەیدا بووم لە عالەم مونجەلی
سینە بوریان چاو بە گریان بۆعەلی

لە سەردەمی عوسمانیە کاندا ووشەی (بۆدرۆ) یان بۆ لیستە مووچە (معاش) بەکار هێناوە، ئەڵێن چەند جارێك مووچە خۆرەکان لە سەری مانگا ئەچن بۆ مووچە وەرگرتن کە رەفیق ئەفەندی یەکێك لەوانەبوە ئەمینی سنوق ئەیان گێرێتەوە بە بیانووی ئەوە کە بۆدرۆ تەواو نەکراوە درۆ رێك ئەخاو بەهانە دێنێتەوە بۆیە رەفیق ئەفەندی ئەم بەیتە ناسکەی ووتوە کە داخی دەرونی تیا دەربڕی.

قەسدی تەئخیری مەعاشاتە درۆیە (بۆدرۆ)
ئەحمەقەی سەندوق ئەمینی موستەعیدە بۆ درۆ؟

ووشەی (بۆدرۆ)ی یەکەم واتە لیستەی مووچە بەڵام (بۆدرۆ)ی دووەم واتای درۆکردن دەگرێتەوە.

هەر وەکو ووتمان رەفیق زۆر بایەخی بە روخسارو تەکتیکی هۆنراوە داوە. سەرەرای بتەوی و رەسەنی ناوەرۆك و مانا، ئەتوانین بڵێین لەریزی ئەو شاعیرو هەڵکەوتوانەن کە لە لاپەرە نەمرەکانی ئەدەبی کوردیدا جێی خۆیان کردوتەوە هەرچەندە نەی ویستوە بە شاعیر ناوی دەربچێ هەڵبەستەکانی بەڵگەی ئەم راستی یەن، بروانە ئەم چوارینە فارسی یەی خوارەوە کە ساڵی (1922 - 1923) بۆ سەید مەحموودی نەقیبی بەغدای نووسیوە لە کاتێکدا کە میوانی بووە لە تەکیەی شێخ عبدالقادری گەیلانی (خوای لێ رازی بێ) لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێ و دۆست و ئەدیب و ئەدەب دۆست و زاناو پیاو ماقوڵ کۆ دەبنەوەو باس باسی راوو شکارو گەشت و گوزار ئەبێ جەنابی نەقیب کە لە ئارەزوو مەندانی راو کردن ئەبێ سەرە رای ئەوەی کە تفاقی راو کردنی دەبێت وەك مایین و تانجی و توولەو تۆڕو بازو . . . هتد. لەگەڵ ئەویشدا داوا لە رەفیق ئەفەندی دەکات بازێکی بۆ بنێرێ راوی پێ بکات، رەفیق ئەفەندی هەر لەو شوێنەدا بەم چوارینە فارسی یە وەڵامی ئەداتەوە

باز میلی بازئی بازاست باز ابن الباز را
ای مغنی ساز کن این ماجرا بر ساز را
صیدی قلبی عالمی کردی به أخلاقی حسن
بهر صیدت کیْ بُوَدْ حاجَتْ به یوزو وازرا

بێ گومان هەستیار وەستایانە تەوریەو جناس زۆر بە جوانی بەکار هێناوە وەك، (باز)ی یەکەم جار بە مانای دووبارە بەکارهێناوە (باز)ی دووەم واتای وازی (یاری)یە، بەڵام (باز)ی سیهەم مەبەستی مەلی بازەو بازی چوارەم کە ئەڵێ باز ابن الباز ئاراستەی نەقیب بەکاری هێناوە وەك نیشانەیەك کە لە نەوەی جەنابی شیخ عبدالقادری گەیلانی یە چونکە پایە بەرز گەیلانی بەو ناز ناوە ناسراوە ووشەی (ساز) یەکەم جار مانای سازکردنە واتە ریکخستنی ئاواز دووەم جار مەبەستی ئامێری سازە کە یەکێك لە ئامێرە بە ناوبانگەکانی سازەو لە کوردەواریدا زۆر باوە لەگەڵ سەمتوردا بەکارئەهێنرێ (سازوسەمتور) زۆر ناو ئەبرێ.

ووشەی وازی بەکار هێناوە بەواتای تانجی یاتولە

(بوز)یش واتا توولە یاتانجی یا دوو جۆرە گیان لەبەرن وەك توولەو تانجی بۆراو بە کار دێت پێکەوە. واتای شیعرەکە بە کورتی بەم شێوەیەیە

1 ـ دووبارە ئارەزوی یاری بازی هەیە بازی کوری باز

2 ـ ئەی گۆرانی بێژ سا تۆیش ئەم کەین و بەینـە لە ئاوازێکی مۆسیقای سازدا رێکخە ـ

3 ـ کەچی دڵی هەموو خەڵکتان ڕاو کردووە بەرەوشتی جوان و بەرزتان (ئەخلاقی حسن)

4 ـ بۆ هیچ ڕاوێك کەی پیویستتان بە توولەو تانجی بووە.

لە کاتی دەوڵـەتی عوسمـانی‌دا (طابـوور ئاغاسی) یەك بووە ناوی (ضیـاء) بووە تابلێی کابـرایـەکی نالـەبـارو دوو ڕووو ڕەووشت بووە! ڕەفیق ئەفەندی دەرهەق بەو ئەم بەیتە شیعرەی بەتورکی ووتوە.

سالی سەگدر[2] بو سەنە تقویمدە مستور در
طابور ئاغاسی ضیاء تقویمی تصدیق أیلدی

واتا ئەمساڵ ساڵی سەگەو لەڕۆژ ژمێردا (ساڵ نامە)دا وا نوسـراوە. طابـوور ئاغـاسیش تەصدیقی ئەو ساڵنامەیە ئەکا بەرەووشتەکانی نالەبارو ناریکی بەرانبەر گەل.

خوا لێ‌خـوش بوو مامـۆستا عەلی رەفیق بۆی گێراینەوە ووتی صالح زەکی خاوەنی ڕۆژنامەی دیاری کوردستان کە لە ساڵی (1925 ـ 1926)ز دەر ئەچوو ووتی لەو کاتەی کە ئەفسـەری سووپای عوسمـانی بووم لە چەمچـەمـاڵ دێرە هەڵبـەستێکم لە زاری خەڵکی‌یـەوە بیست، بەلای من و چەند ئەفسەرێکی هاوڕێمەو، زۆر جوان و پەسەندبوو بۆیە مەراقم بوو خاوەنـەکـەی بناسم پاش پرسیار کردنێکی زۆر بۆم دەرکـەوت کە هۆنـراوەی ڕەفـیـق ئەفـەنـدی خادم السجـادەیـە، هاتم بۆ لای‌و باسی ئەو بەیتـە شیعـرەم کردو هەستی خومم بۆی ڕوون کردەوەو هەر ئەمەمەش هەڵیکی لە بارو هەڵکەوتوو بوو بۆ ئەوەی ببینە هاوڕێ‌و دەستمان کرد بە بیروڕا گۆڕینەوە وەك ئەدەب دۆستێك . پاش دەرچوونی ڕۆژنامەی (دیاری کوردستان) لە لایەن صالح زەکی‌یەوە، ڕەفیق ئەفەندی هەڵبەستێکی نایابی کردە دەستی و هەستی خۆی بەرانبـەر بە ڕۆژنـامـەکـە دەربـڕی لەژێـر ناونیشـانی (دیاری بۆ دیاری کوردستان)و لە یەکێك لە ژمارەکانیا بڵاو کرایـەوە، مامـۆسـتـا ڕەفـیـق حیلمی ووتبـوی «من ئەم هەڵبـەستـەم بەلاوە زۆر جوانبـو بۆیـە لە کەشکۆڵی تایبەتی خۆمـدا لە ژێـر ناونیشـانی هەڵبـەستی هەڵبژاردە نوسیەوە» بەڵام بەداخـەوە ئێمـە ئەو هەڵبـەستـەمـان چاو پێ‌نـەکەوت ونـەشمـان زانی لە کام ژمـارەی دیاریکـوردستان بڵاو بووەتەوە. . بەڵام لە ژمارە (19)ی دیاری کوردستان ساڵی 1343کـۆچی مامـۆستا صالـح زەکی صاحبقـران باسێکی نایابی دەربارەی ژیان و هەڵبەستەکانی ڕەفیق ئەفەندی بڵاو کردوتەوە لەگەڵ وێنەیەکی بەبەرگی مەلایانەوە (جبەو مێزەری لەبەر بووەو ڕیشیشی داناوە). . شایانی باسە مامۆستا ڕەفیق گەلێ چامـەو دێـرە هۆنـراوەی هەیـە بەهـەر چوارزمـانـەکـە (کـوردی، عەرەبی تورکی، فارسی). بـەڵام بە داخـەوە تائێستا هەمویمان دەسگیر نەبووە بۆ نموونە ئەم چامەیە بە فارسی دایـنـاوە ئەڵـێ. گلەیی لە بەختی خۆی ئەکـاو پێی‌یشی دلخۆشە

**زوو دستی زوڵم چرخ بدڕوشت افتادە مەدهوشم**
**سیاەبەختم پریشان روزگارم خانە بردوشم**
**سیاە بختی من با زولف دلبر نسبتی دارد**
**من از بختی سیاهی خویشتن زین رویی دلخوشم**
**تا ئەڵێ.**
**ڕەفیقی ڕووسیەهـ را التفای گر کنی‌شاید**
**چوکمتر بندەیی از بندگانم حلقە درگوشم.**

مامۆستـا ڕەفیق نوێنـەری کەرکوك ئەبێ لە پەرلـەمـانی عیـراق لە ساڵانـی (1924 تا کوتـایـی ساڵی 1927) هەمیشـە هەوڵی داوە وەکـۆشش کروە بۆ خزمـەت کردنی خەڵك کاری باش ئەنجام بەری زۆ جار تورە بووە دژ بە کەم وکوڕی‌و چارەسـەر نەکـردنی تەنگوچەڵەمە. . هەمیشە

حەق ویژو پاڵپشتی حەق بووە.

خۆیبە نوێنەری خەڵك و خەم خەم خۆری گەل و شارەکەی زانیوە هەروەك هاوڕێکانی مەلا مەجید قطب کە قوتابی بەردەست رەفیق بوە [وە شیخ محمد حبیب وسەعید وەنداوی] کە هەردوکیان نوێنەری شاری کەرکوك بوونە لەگەڵ ماموستا رەفیق دا دەگێرنەوە زۆر ئازاو چاو نە ترس و لێهاتو زاناو شارەزا بووە توانای ووتوویژ و دواندن و بەرگری کردنی بوە.

**غیرەت و پیاوەتی رەفیق و لێ بووردنی:-**

شارەزایانی ژیانی رەفیق زۆر چاك ئەزانن کەوا چاو تیرو نەترس و دەس بلاو و بەخشندە بووە هەمووکات حەزی بەپیاوەتیو ئیشی چاك کردوە لەبەر رەزامەندی خوا ئەگێرنەوە شەوێك دز دێتە سەر ماڵی رەفیق ئەفەندی یەکێك لە کورەکانی رەفیق دەست ئەداتە تفەنگ و رانی دزە بریندار ئەکا بە برینداری دزە دەرباز ئەبێ، بۆ رۆژی دوایی دزە ماموستا رەفیق ئاگادار ئەکاتەوە کەوا نەبوویی و هەژاریو بێکاری پاڵی پێوە نام بۆ دزی هاتمە ماڵەکەت شتێکم دەس کەوێ گوزەرانی پێ بکەم بەڵام لە جیاتی دەس کەوت بریندار بووم و ئێستا لەپاڵەوە کەوتووم بۆیە دووبارە رووم ئەکەم لە دەرگاکەت و داوای یارمەتی ئەکەم رەفیق ئەفەندی دەس بەجێ بارێ ئاردو هەندێ رۆن و برنج و پارەو پێویستی ماڵی بۆ رەوان ئەکاو هەروەها پزیشکی بە ناوبانگی ئەو سەردەمە (حەمە عەلی عەجەم) ئەنێرێ بۆ تیمار کردنی تا برینەکەی چاك ئەبێتەوە لە پاش ئەوەش هەمیشە یارمەتی ئەداو چاوی پێوەبوو ئیتر کابرا وازی لەدزی هێناو رێگەی خراپەی بەردا وە بو بەمرۆڤێکی باش و خواناس.

**رەفیق و قسە بە توێکڵەکانی (نیکتە بازی).**

رەفیق ئەفەندی قسەزان نوکتەبازو قسەی لە جێی خۆیا بوە ئەڵێن یەکێك لە هاودەمەکانی خۆی (پیاوێکی ناودارو بەرز) نەخۆش ئەکەوێت و ماوەیەك لە جێگائەمێنێتەوە ئەمیش ئەچێتە دیداری هەواڵی لێ ئەپرسێ ئەڵێ: ئێستا چۆنی؟ باش تر بویتە؟ ئەڵێ: بەخوا کاك رەفیق هیچ باشترێ وا نەبوومە مەگەر درۆزن فەرقم پێ بکا! رەفیق یەکسەر ئەڵێ کەوا بوو هەر خۆت فەرقی پێ ئەکەیت؟!

شایانی باسە شاعیری گەورەو بەناوبانگی کەرکوك شێخ رەزای تاڵەبانی خاڵوانی بنەماڵەی (خادم السجادیە) چونکە خوشکی شیخ رەزا باوەژنی رەفیق ئەفەندی بووەو هەمودەم شیخ عەلی باوکی شێخ رەزا بە حاجی ئەمین باوکی رەفیق ئەفەندی ووتوە، «من لە دونیاو قیامەتا فەخرو شانازی بە خزمایەتی ئێوەوە ئەکەم وپێی شادمانم» رەزاو رەفیق نزیکی (35) ساڵ پێکەوە هەڵسان و دانیشتنیان بووە وەك دۆست و خزم بۆیە لە زۆربەی هەڵبەست و ووشەکانیا بۆنی هەڵبەست و ووشەی شێخ رەزای پێوە دیارە زۆر جار ویستویەتی خۆی لەقەرەی شێخ رەزا بداو بەر پەرچی بداتەوە. زۆر جار دەستەیەك ئەدیب و زاناو شاعیرو ئەدەب دوست کۆڕی ئەدەبییان سازکردوە هەر ئەوەندە رێکەوتێك یامونـاسەبەیەك ببوایە هەموو لە تەکیەو مەقامی (خادم السجادە) یا لە خانەقای سێد ئەحمەد یا لە تەکیەی تاڵەبانی یالە ماڵی شیخ رەزا یا لای شێخ محمەدی کەرەداتی بەرزنجی یاهەر شوێنێکی تر ئەنجا کورتەبەسترا بەقسەی خۆش و نوکتەو هەڵبەستی جوان و راگۆرینەوە ولێکۆڵینەوەو لێدوان شەوگاریان شەق ئەکرد. ئەوانەی کە بناغەی کۆڕ یا بەرێوبەری کوربوون ئەمانەن سەید ئەحمەدی خانەقا کە یەکێك لە هەرە پیاوە ناو دارەکانی کەرکوك بووە خاوەن جێگاو مەقامی خۆی بووە هەمو کەس دەستی لێ زانیو پیاوەتی بۆ درێژ ئەکا، صابری شاعیر پوورزای رەفیقە دیوانە شیعرەکەی بەڵگەیە بۆ تواناو جیگاو مەرکەزی ،شیخ رەزای تاڵەبانی ئەمیان هەموو کەس ئەزانی چ کەڵەشاعیرێك بووەکەس نەبووە لە زمانی نەترسێ ،هەروەها عبدالخالق ئەسیری، تاهیر فوئاد، محەمەد خالس، شێخ کەریمی شورجە، مەلا عەلی حیکمەت

سیامەنسوری زانا شێخ محەممەد کەرەدانی بەرزنجی قازی ئەحمەد ئەفەندی قوتب، شیخ ڕەئووفی خانەقا کە ئەو کاتە لاو بوە ومەلامەجیدی قوتب، و لە سولەیمانی‌یەوە زۆر جار مامۆستا بێخود وپیرەمێرد وعەلی کەمالی و لە هەولێرەوە مامۆستا مەلا فەندی بە ناوبانگ وجەبار ئاغای کانی میواندار پێیان کردوە بەشداری کوڕو دانیشتنیان بوە. هەر وەها مەلای گەورە (مەلا محەمەدی کۆیە)هات و چۆیانی کردوە هەر وەها دۆستایەتی بەتین یان بوە لەگەڵ ڕەشید عالی گەیلانیو یوسف عەتا موفتی عێراق و سەرۆکی زانایانی ئەوکاتەو شێخ موستەفا بەهجەت لە زانا بەرزەکانی (بصره) هەر وەها دۆستایەتی یان لەگەڵ ڕەسافیو زەهاوی شاعیرو مالی نەقیب لە بەغداو زۆر ناوداری‌تر کە لێرەدا ماوەی باس کردن نیە.

**ڕەفیق ئەفەندیو شێخ ڕەزا.**

جارێکیان لە دەورو بەری شاری کۆیەوە نامەیەك بۆ شێخ ڕەزا دێ لە نامەکەدا ووشەی (بەکەری) نوسراوە مەبەستی نێرەرو هێنەری نامە بە سواری‌کەر هاتوە، وەکو باوە لەدەورو بەری کۆیە کە ئەڵێن (بە ئوتومبیلی هاتم، بە ئەسپی هاتم، بەکەری هاتم) شێخ ڕەزا وەڵامی نامەکە بە ڕەفیق ئەنوسێتەوە واتا خۆی ئەڵێ‌و ڕەفیق ئەینوسێ. ئەی‌ووت بنوسە ڕەفیق.......

پاش سەڵاوو ڕێز.... هەتا گەیشتە سەر ووشەی (بەکەری) وی‌ی ووت ڕاوەستە ،نەختێ دوور کەوتەوە ئەنجا شێخ ڕەزا ووتی: ها کاك ڕەفیق چیت نووسی؟! بە کەریت نوسی؟! ڕەفیق ئەڵێ بەڵێ خالۆ بەکەریت فەرمو؟! شێخ ڕەزا ئەڵێ: ئافەرین بۆی چویت و بردتەوە! ڕەفیق زوو لە مەبەست و پلاری شیخ تێ گەیشت! . هەر وەها جاران گالیسکەو ئوتومبیل کەم بوە خەلکی بە سواری ئەسپ و مایین و کەر پیاسەو سەردانی‌یان بو ناو شارکردوە، شیخ ڕەزا کەرێکی سپی چاکی بوە ناسراوە ،بەرێکەوت ڕۆژێك ڕەفیق ئەفەندی لە سەرای میری‌بەوە لای (متصرف) ئەگەڕێتەوە لە بەر دەرگای تەکیەی مالی ئەسیری شاعیر لە گەرەکی (ئاخی حسین) چاوی بە کەرەکەی شێخ ڕەزا ئەکەوێ بەستراوە تەوە، ئەزانێ شیخ ڕەزا لەوێ یە ئەمیش خۆی ئەکات بەژورا پاش دانیشتن و بەخێر هاتن و پشودان شێخ ڕەزا ئەڵێ:

ڕەفیق چۆن زانیت من لێرەم؟! ڕەفیق ئەڵێ: کە. کەرەکەم دی زانیم تۆی !!؟ ئەڵێ: ئەوقی زاڵم لە ملت کەن ئەم تەعبیرە چیە! ڕەفیق ئەڵێ: مەجازە لە عیلمی بەلاغەدا؟! هەر وەها جارێك لە هەولێر ئەبێ لەگەڵ برادەرێکی زۆر خوشەویستی خۆی خزمی مەلا ئەفەندی‌یە هەردووکیان سەر ئەکەون بۆقەلا لە ڕیگا ماندو ئەبن هاورێکەی ئەڵێ: بە خوا کاك ڕەفیق من ئارەقم کردە!!. ڕەفیقیش ئەڵێ: جا چی‌بکەم کاك فلان بەخوا منیش ئێرەقم کردە!؟

هەر وەها مەلا قادری ئیمام قاسم کە بە مەلا قادری ئەوقاف بە ناوبانگ بوو زۆر برادەری کاك ڕەفیق ئەبێ پاشان تێك ئەچێ لەگەلیا وەفیز ئەنوێنێ بەرانبەر ڕەفیق ئەفەنی چونکە بوتە بەرێوە بەری ئەوقاف لە کەرکوك جا ڕەفیق رووی تێ ئەکاو ئەڵێ:

لە پیشا ئاشنای من بوی مەلا قادر ئیمام قاسم
ئەمێستا ڕوو بە ڕوی من وەردەگێری یەعنی نات ناسم

چەند دێری تری هەیە لێرەدا ناشێ بلاوی بکەینەوە!.

ئەمەو مامۆستا ڕەفیق گەلێ قسەی بە توێکل و پلارو توانجی ئەدەبی هەیە کە هەندێکی هێندە زەقن بۆ بلاو کردنەوە ناشێن، نەك هەر بە کوردی بە زمانی عەرەبیش زۆری هەیە هیوادارم لە دەرفەتێکی دیکەدا زیاتر لەسەر ئەم ئەدیبەو بەرهەمە ئەدەبی یەکانی بدوێم وەهەموو هەلبەستەکانی بدۆزینەوە.

ووتمان مامۆستا ڕەفیق زاناو بە تواناو بلیمەت و بیرتیژ و زیرەك و هەڵکەوتوی چەرخی خۆی بوە.

مامۆستا عبدالمجید قوتب سەرۆکی زانایانی کەرکوك

گێڕایەوە وتی: من لە خزمەتی ئەو زاتە دەرسم خویندوە بە تایبەتی زمانی فارسی دیوانی حافزی شیرازیم لای ئەو خوێند لە دێرێ شیعری دیوانەکەدا یەك کات ژمێر (سەعاتێك) لێی کۆڵایەوەو لێکی دایەوەو لایەنە فەلسەفیەکەی لایەنی جوانی وبەلاغەو واتای دوورو نزیکی نهێنیو ئاشکرای (تصوّف) لە هەمو لایەنێکەوە، هیچ باش تێ نەگەیشتم وتم: مامۆستا ڕەفیق (من غیر حدّ) بەم شێوەیە نابێ تۆ بردت بو ئاسمان و من هێشتا لەزەویم، وتی: ئەی چۆن پێت بڵێم وتم هەر ئاسایی (اللفظ باللفظ) تا تێ بگەم پاشان بە گوێرەی ویستی من بوو. بەڕاستی شارەزاو لێزان بوو. زۆر چاك تێی گەیشتم و فێری بووم هەزار ڕەحمەت لەگیانی پاکی ئەو زانا زمان زانە.

هەروا مامۆستا عبدالمجید قوتب گێرایەوە کە ساڵی (1326)ك بەفرێ گەورە باریوە لە ناوچەی کەرکوك و دەورو بەری کە نزیکەی یەك دوو مەتر بەرز بوەتەوە شەوێك کۆمەڵێ زاناو دۆست و برادەری ڕەفیق کۆ ئەبنەوە ئەڵێن با مێژوی ئەم بەفرە زۆرە ڕاگرین بە پێی پیتی ئەبجەدی مامۆستا ڕەفیق یەکسەر ئەڵێ: - (قارْیاغدی) وواتە بەفر باری بە تورکی. هەمو ئەڵێن باشە بەڵام ئیمە مێژومان ئەوێ ئەویش ئەڵێ لێکی بدەنەوە پیتەکانی ئەو دوو وشە ئەکاتە (1326)کۆچی هەمو خۆشی خۆیان دەر ئەبڕن بۆ ئەم بیرە تیژەی ڕەفیق و تواناو زیرەکی یەی سەر دائەنەوێنن مامۆستا ڕەفیق پیاوێکی خواناس و موسوڵمانێکی ڕاست و لە خوا ترس بووە زۆر جار لەناو نوێژدا گریاوە کاتێکی زۆری تیادا بردوەتە سەر یا وانەی ئایینی ووتوەتەوە و خزمەتی زانین و زانیاری کردوەو زۆرێشی خەلکی جێ بەجێ کردوەو چاو تێرو سەخی بوە. کاك عەلی (کوڕی گەورەی) بۆی گێڕامەوە وتی:

جارێك دراوسێیەکی هەژارو لێ قەوماوو دەست کورت کۆسپێك دێتە ڕێگای مامۆستا ڕەفیق بە هانایانەوە ئەچێ کە نەبوونیە کەیان ئەزانێ. گەڕایەوە بارێ ئاردو هەندێ برنج و ڕۆن و شەکرو هەندێ شت و مەکی تریان بە منداڵەکانا بۆ ڕەوان ئەکا، کاك عەلی ئەڵێ: ئیمە پێمان ناخۆش بوو دەسمان بە بۆڵە بۆڵ کرد ووتمان هەرکەس شتێکی بە سەرا بێ و ئیمە ئەوەند شتەی بدەیتی نابێت. هیچ نەبێ شتێ کەمی بدەرێ وتی: کوڕم خوا کەریمە خوا بەشی زۆرە.

زۆری پێ نەچوو مامە شیخ کەریم شورجە هاتە میوانیمان دیاری یەکی زۆری هێنابوو گەڵێ لەوەزیاتر بوو کەناردی بۆ ئەو ماڵە، باوکم یەکسەر ووتی کوڕم بزانن خوا چون پاداشتی داینەوە ئەوا بەم پیاوەیا ئەوەندە شتی بۆ ناردین، کوڕم پشت بەخوا ببەستن و دەس و دڵتان مەترسێنن ئەی ووت:

حمد لله خادم سجاده أم
ازغم هردوو جهان ئازاده أم.

ئەمەو بە شێوەیەکی جوان تەکیەو خانەقای خادم سجادەی بردە ڕێوە وەك حاجی ئەمینی باوکی وبگرە باشتریش، لە ئەمێ و ئامۆژگاریو زانین بلاو کردنەوەو بنیات نانی ڕەوشتی بەرز و خزمەتی چاکەی کۆمەڵگای موسوڵمانان و بەخشینی پارەو ماڵ بەهەژاران و لێ قەوماوان. تا ساڵی 1936 زاینی کە ئەکاتە 1355 کۆچی ماڵ ئاوایی دوایی لێ کردین و بووە میوانی پەروەردگار لە گۆڕستانی بنەماڵەی خۆیان نێژرا گەلێك لە کەس و کارو دۆستە شاعیرەکانی وەك صابریو ئەسیریو هیجریو ڕەهبەر و ... هتد بۆیان لاواندەوە.

کاك عەلی ڕەفیق وتی ئەسیری لە ڕۆژنامەی کەرکوك کە لە کاتی خۆی لێرە (لەکەرکوك) دەر ئەچوو هەڵبەستێکی نایابی تیا بلاو کردبوەوە بەبونەی کۆچی دوایی باوکم بەڵام بە داخەوە نە کاك عەلی ئەیزانی کام ژمارەیەو نە بەر چنگ مان کەوت ئومێدە وارم دەسمان کەوێ لە هەلێکی ترا. ئەمەش هەڵبەستێکی صابری شاعیرە لەو بارەوە بە فارسی ئەڵێ:

حیف آن نادر رفیق از ما گشت نهان
افتاب عالم ارا بود بر اهل جهان

خادم سجادایٔ پیـغـمـبـر آخـر زمـان
غبطـهٔ بخشـای گروهی عالمـان و زاهـدان
ان چونـان در انـجـم افـتـاد نالان و فغـان
آن در أین دونیـا علامـاتی قیامت شد عیـان
با دلی غمـگیـن آه آتـشین، وچشم آشکبـار
کي کُجـا دانـم توانـم شرح داد اين داسـتـان
روز رحلت (صـابـری) از هاتف غيب شنيد
جان خادم با حبـيـب حق قرين دان زجنـان

بەپێی ژمـارەکـاری پیتی ابجدی (جـان خادم...)
ئەکاتە 1355 کە ئەکاتە مێژوی کۆچ کردنی مامۆستا رفیق
1355ك بەرانبەر بە 1936ز، مامۆستا رەفیق سێ کوڕی لە
پاش جێماوە بە پێی تەمەنیان کوڕی یەکەم گەورەی کاك
عەلی پۆست نشین بوو لە جێی باوکی، ئەدیب و نووسەرو
رۆژنامە نوس بوو بە تایبەتی لەزمانی عەرەبی‌دا لە زۆربەی
رۆژنامەکانی سالآنی 1935 تا سالی 1979 نوسراوی بلاو
ئەبووەوە. ئەمێش وەکـو باوکی سالی 1948 بە نائبی
کەرکوك هەلبژیرا خزمەتی زۆری شاری کەرکوکی کردوە.
لە سالـی 1979ز کۆچی دوایی کردوەو لە گۆرسـتـانی
شێخ محی‌الدین کەرکوك نێژراوە. پەرتوك و دانراوی هەیە
لەوانـە هەنـدێکیان هێشتا دەست خەتـەو چاپ نەکراون و
نامیلکەیەکی مێژوی لە سالی 1937ز چاپ کردوە باسی
بنەماڵەی خویان و ئەو (سجادە) ئەکا کە هی پێغەمبەر د.خ
بووە چۆن گەیشتوەتە دەس ئەم بنەماڵە لەگەڵ هەندێ باسی
مێژوویی‌دا. لە ژێر ناوی (تاریخ السجادە النبویە) چاپ
کراوەو سودی مێژوویی هەیە.

کوڕی ناوەراستی (دووهەم) حاجی رأفت مامۆستا بوەو
بوەتە بەڕیوە بەری قوتابخانە ئێستا خانە نشینە زۆر شارەزایی
هەیە لە بارەی مێژوو رێزمان و ئەدەب و ئایینەوە.

کوڕی بچوکی (سێهەم) أمجد موچە خۆر بوەو ئێستا
خانـە نشینـە لە هەولێـر دانـەنیشێ ئەمیش هەر مرۆڤێکی
تێگەیشتوو دلسۆزە.

1 - ئەم مەلا سعدی‌یە زۆر لێهاتوو زانایەکی بەرز بووە
بەزمـانی عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی دانـراوی هەیـە. هەروەها
خۆشنوس بووە. بۆ نموونە لە کۆتایی دەست نوسێکی‌دا بە کە
زۆر جوان ڕازاوەتەوە نوسیویەتی ئەلێ ئەوا تەمەنم گەیشتە 93
سالْ ئەم نوسینەیشم تەواو کرد، (17) سالْ دوای ئەم نووسینە
ژیاوە تا تەمـەنی 110 سالی. دەس نووسـەکـانی گەیشتوەتـە
رادەیەك خۆی بە پیوە ڕاوەستاوە ئەو نووسینانەی لە سەر یەك
داناوە بە قەد بالآی خۆی بووە هەر لە کۆیە ئەمری خوای کردوە
لەوێش نێژراوە.

شایانی باس کردنە باپیری گەورەی شاعیری کوردە یونس
رۆوف (دلدار)ە.

2 - بە پێی هەندێ ڕۆژ ژمێر هەر سالەی بە ناو یەکێك لە
ئاژەل و گیـان لە بەرە کانـەوە ناو براوە، وەك سالی مەیمـون و
سالی بەرازو سالی سەگ... و مەر...هتد

وا ریکەوتوە ئەو سالە بەسالی سەگ ناو نراوە کە
جەنابی طابورئاغاسی سەگایەتی تیا نواندوە بەرانبەر گەل

سەرچاوەکانی.

1 - رۆژنامەی دیاری کوردستان ژمارە 195 سالی 1343
کۆچی.
2 - تاریخ السجادە النبویە تألیف علی رفیق خادم السجادە
1937
3 - مامۆستا مەلا عبدالمجید قطب و مەلا عبدالرحمن
سیامەنسوری
4 - دیوانی صابری 1969
5 - خوالێ خوش بوو عەلی رەفیق
6 - مامۆستا حاجی رأفت وکاك امجد کە ئێستا لە ژیاندان
7 - مێژوی ژیانی هەلکەوتوانی شاری کەرکوك (دەستنوسیکە
لە لایەن حسین بەرزنجی‌یەوە ئامادە کراوە بۆ چاپ
8 - حاکم نهاد علی رفیق کورەزای خاون باس.
9 - چەند پیاویکی بەتەمەن و زانایانی کەرکوك.

# گوڤەندو بەلەی...
## دیوانەکا کلاسیکی یە

**● اسماعیل رەڤەندی ●**

گوڤەندو بەهی ئیکەمین دیوانا هوزانڤانی چەلەك و دەست هەل (سەدیقی حامدی)یە ل سالا 1980ز هاتیە چاپ کرن.

بیّ گومان دیوانەکا رندو جوانە کەڤتیە دپەرتوکخانا توری کوردیدا هەر ل پێشیی جهی خو دناڤ دیوانێت کەنکەندا کرو بەرەکی ب مفا دیارکر وەکی قورسەکی زیری دگەنجینا توری کوردیدا برسقی برسقی، هەر هەژی قاپەو پەسنێت جوانە هەر ژدەست پیکرنی هوزانڤانی مە ل بەر تەمبویرا جزیری رادبیتە چەپا.. دەمی کولا دلی خو بومە دیار دکەت و چەند ریزا ل سەر ئێك موسیقەو کیش و سەروا دادریژیت:-

هو زەنگینی دل خو مالاّ
هیزو پشتا بی هەڤالاّ
جان ڤەگیری پیرو کالا
هەی پرکەری دەستی ڤالاّ
ئو چیکەری بەژن و بالاّ
بیّ کەس و تەیرو تەوالاّ
وەی خوداني مەیا ئالاّ
ئاڤدە ل من گەهـ وەرسالاّ
بزڤرینەڤە کەڤنە سالاّ
خرکە هشا های بژالاّ
من شاهیو گوڤەندە ئالاّ

چەند هەستەکا جوانە هەستیاری بومە کریە هوزان و کارو کریارو پەسنێت زەنگینی قەنجی خواز ددانیتە پێش چاڤیت مە.

راستە گەر زەنگین هوبت وەکی دلی هوزانڤانی دخوازت، پێڤە دنێت ڤان کریارا هەمیا ل ناڤ کومەلی مە ئاکنج بکەت.

هەکە ئەم بەرپەرێت دیوانی روشنبیرانە ڤەدەین و هویرك.. هویرك، هزرێت خو تیدا بکەین دی بومە دیاربت کو (صدیق حامد) بیّ چویە دکاکلکا فەلسەفا کومەلایەتیدا، شیایە گەلەك کولێت خو دەربکەت.

شیایە ئیشێت مللەتی خو ب رەنگەکی هونەری و ب زیرەکی دیار بکەت ل سەر شانویا جیهانی ب رەنگەکی رەمزی.

ئەم گەلەك ژبابەتی خو دویرنا کەڤین...

گەر ئەم ل شێوازو پرێزا دیوانی بگەرین دی بینین هوزان هەمی ل سەر ریکا (کلاسیکی) کەڤن، هاتینە دارێتن، بەس هوزانەك تێ نەبیت ئەوا ل بن ناڤی (من کەس نەما بوتە گریم) تێدا دبێژیت:-

من بەرزەکر ... چوو نەهات
ئاڤا بو ... ئێدی نەهەلات
چوو نەهات
ژهینگی وەرە بیّ لی دەگریم

براستی هەکە ئەم رامانا هوزانێت ڤی دیوانی شروڤەکەین دی گەلەك رەخێت دی ژڤەلسەفا توری بومە ئاشکەرا بن هەروەکی مەگوتی دی ل کاروانی بابەتی خو کارکەین.

(ئو... هێزا مەزن) ئەڤە ناڤ و نیشانێت هوزانەکینە دڤی دیوانیدا.

برایی خاندەڤان کویر ڤی هوزانی بخوینەو دسەردا هەرە، باوەربکە دی وەکی روژا نیڤرو بوتە دیاربت کوئەم شێرە هوزانڤانە نەڤیی جزیریو خانی‌یە. دبێژیت

گەر ژبەر هندی نەبیتن تەبنیاسم
ژڤی ژینی بو چ یە هندی بزانم
گەر ژبەر دبیتنا لاوینیا تەنەبیتن
بو چ یە ژین و جان و لیس و رەوانم»

ڤێدا دچیت و دبێژیت:-

**«گەر ب بەی گوڤەندێ جارەك ئەڤێ بەژنێ**
**خوش ڤانین و عودو ماسول و کەمانم»**

ل دویماهیێ دبێژیت:-

**«گەر سویکا ئەڵماس ئەزبم تو بکریی**
**بەبهایێ ئاسنی بوتە ئەرزانم»**

هوزانڤـانی نەهـەمـا دکێش و سەروادا ل کوزا تورێ کلاسیکی چەریـە ،بـەلکی ل سەروا هزرو بیرو هشێت پاقژ چویە ئەوێت خانیو جزیریو نالیو حاجی لێ چوینە جهێت بلندو ل ناڤ دلێ مللەتێ کورد ئاکنج بوین.

ب ئەزمانەکێ شرین و خوش و رەوان . . .

هوزانا خو دارێتیە هندی شیایە ژپەیڤێت بیانی دویرکەتیە.

بەرێ خو بدە ڤان مالکاو هەستە تیژا هوزانڤانی دهوزانا (ل من نەگرە . . . ماموٚستا)

**«ئەو دەمێ شاهیا زانینێ هژییا**
**وەکی بایی هاتو چوو بژییا**
**ماموستایی گوتە من دێ وەرەلێ**
**کو بگەهمێ ئەوز ل کەیف و خوشییا**
**ل من کرن چەند شیرەت - هەی گەلو**
**وی ئەڤ لەیزوك و دەهواتە ژمن ڤیا»**

بەری دویمـاهیکـا هوزانێ جوانتـرین دیمـەن ددانیتـە دپیشانگەها ژیانێ ڤە. دبێژیت:-

**«تو نەبینە هەرێ ژارم هەر ب خەم**
**نەژ نەزانینە . . . هو دویرم ژهەڤریا»**

هەکـە ئەم دەنگێت هوزانێ ژلایێ رامـانێ ڤـە بگـرین ژهـەمی دەنگـا (فـەلسـەفی وزانستیو نەتـەوییو رامیـارییو وژدانیو مروەتیو کومەلایەتیو ئایینی . . . هتد)

دێ بینین هوزانڤـانێمـە ددەریـا هوزانـا کومـەلایـەتیدا ژیاو، هش و هەست و هزرێت خو ب رەنگەکێ کلاسیکی کرینە هوزان و رەهوان ڤەهاندینە.

هەروەسا نیڤشکێ دیوانا وی ژژیانا کومەلآیەتی کەف دایە.

ناڤـەروکـا هوزانـاوی ڤەرڤـەشەو گەنگەشێت گەلێ وینە ل گەل رویـدانێت ل ناڤ رویـدای راستـە دیوانێ تام کریە هندە هوزانێت ژڤی بابەتی دویر، بەلی هەر ئەوە دیوان دێ ب ڤی ناڤی ئێتە ب ناڤ کرن یادیارە کو هوزانڤانێمە یێ شارەزاو پلە بەرزە دتورێ کوردیێ کەڤن و نویدا بەرێ خو بدە ڤێ هوزانێ نێزیکە بێژی ژخاندنگەها نالبەندێ بلیمەتە،

**«دەمێ سپێدێ ڤێ سوزگولێ**
**سەرخوشیێ لێ بەردان چاڤ**
**نزا بوچی ژوان پەرا**
**گور - گور - رِوندك هاتن ژناڤ»**

ل گەل هزر کویـریـا خو جوانی دارێتـا هوزانێ ب رەنگێ کلاسیکی تشتەکێ دێ یێ گەلەك جوان و بەرکەتی ب کار ئینایە . . . بەهرا پتر ل دویماهیا هوزانێت خو رەنگێ نێش و کوڤانێت خو بومە دیار دکەت.

**«دا ژنوی بزانم ژڤێ ژینێ**
**چ یە دەردێ گرتیم ب داڤ»**

گەر ئەم ئێـك - ئێك هوزانێت سەدیقی بخـوینین دێ بومـەدیـاربت بێ گومـان کو ژتـورێ کوردیێ هەڤچـەرخن (چێکرن) ئوژ تورێ کوردیێ کلاسیکیـنە دارتین و دویچون.

«کـوجهێ شادیو شانـازیێـیـە ژتـورێ کوردی بێتـە هژمارتن» ئەوژی ژبەر گەلەك ئەگەرا،

1 - . . . ب ئەزمانێ کوردیێ رەوان و پەتی بێ کوهیو دویـر ژ پەیڤێت بیـانی هوزانـا خو دارێتیـە . . . هەروەسا هوزانـڤـانـی گەلـەك پەیـڤـێت گەلـە پورێ کوردی ب کارئینانیە . . . نێزیکە دێ ئێنە ژبیرکرن . . . ئەڤە ژی گەلـەك کارەکێ بەرکـەفتیـە هوزانڤـانێمـە پێ رابـوی بو ساخ کرنا پەیڤا کوردیو ڤەژیندنا کەلەپورێ مەیێ زێرین.

2 ـ . . . هوزانڤـانێ‌مـه دئێتـه پێش چاڤ ژ پله بلنـدا ل مه‌یدانا تورێ کوردی چنکی ده‌مێ وی هوزان دڤه‌هاندن ب ڤان هه‌ست و هزرو بیرا، هوزانا کوردی نه‌وه‌کی نوکه یا مشه بو . . . هـه‌روه‌سـا هوزانـا خو بومه دیارکر ب شیان و زیـره‌کـی‌و ره‌وانـی . . . ئو شیـا کولێت خو ده‌رکـه‌ت ب نشته‌رێ کلاسیکی

3 ـ . . . تشته‌کێ دی یێ سه‌ره‌کی یێ هه‌ی دناڤ که‌نکه‌نه هوزانێت ڤێ دیوانێ هه‌که مروڤ (هزدا) خو بده‌ته ل گه‌ل (بیـــرا) خو ل ناڤ بگـه‌ریت دێ بینیت بدروستی هوزانڤـانێ‌مـه ئێکـه ژ خانـدنگه‌ها (جزیری) ده‌مێ مروڤ هوزانێت وی دخـوینیت و په‌رێت گوڤـه‌نـدو به‌هیێ تێـك ڤه‌ده‌ت مینا خه‌ونێت شه‌ڤا شێره سوپارێ هوزاناو

دامه‌زنه‌رێ تورێ کوردی (مه‌لێ) ئه‌ڤیندار دناڤ پێلێت ئاشوپا مروڤی مه‌له‌ڤانیا دکه‌ت . . .

به‌رێ خو بده‌ن ڤێ هوزانێ:

«خه‌مرا مانێ» 29 ـ 7 ـ 1970

**گه‌ل مه‌یخانا ڤێ ره‌وانێ**
**نابی !!ته‌رن دل پیرو خوب**
**به‌س کو بێهنا م لێ بێتن**
**مریمه ئه‌ز بێ جام و کوب**
**کوپ و خه‌مرێت هه‌رمانێ**
**ژهنگڤینی ئه‌وه ل من دوب**
**روبارێ دل دێ پێ رابیت**
**گه‌ر ژێ بچیتن ئێك دلوب**

هوسا هوزانڤانێ مه‌بێ راوه‌ستان و ڤه‌مان ب هوزانا خودا دچیت بێ‌ی کو ل جهه‌کی ئاسێ ب بیت ئان بهلنگڤیت . . . ل گه‌ل په‌یـڤێت خوینێت شرین وخـوش و بهـا گران ل دویماهیێ دبێژیت:-

**ئینا چاڤێت م تاری گر**
**هێلێت دویر مابێ شیڤ و نوب**
**جاره‌ك ئه‌ڤین م ژێ به‌رده‌ت**
**دێ ئیمه ڤه‌ده‌ست وه‌ێ قوپ**

هه‌ر وه‌کی مه‌گوتی گه‌لـه‌ك ره‌نگێت دی یێت هونـه‌ری‌و ته‌کنیکی‌و ئه‌زمـانی ،دنـاڤـه‌روك و دارێتنا هوزانا وی‌دا یێت هه‌ین . . . ل ڤێرێ جی تینه ئه‌م ل گه‌ل بابه‌تێ خو تێکه‌ل بکـه‌ین مینـا په‌یڤێت ره‌ق و (کێم ب کار ئینـان) ئو شروڤـه کرنا وان ب ره‌نگه‌کێ درێژ ئان گه‌له‌ك ومشه ب کار ئینانا پیتا (م) شوینا (ئه‌زومن) ئان لێکئینانه‌کا ره‌وان کانێ ل چ پله‌یه‌و هه‌ڤبه‌ری دناڤ به‌را ویداو هوزانڤانێت که‌ڤن.

(نـالینـامن) هوزانـه‌کا دیه ژدیوانا گوڤه‌ندو به‌هی . . . ب موسیقه‌کا هزربه‌ندی پرسیارو به‌رسڤێت خو تێك وه‌ردکه‌ت ب ره‌نگه‌کی هوزانی مینا په‌هله‌وانا ب سپیندارا . . .

ره‌هوانیێ‌را دچیت هه‌تا دگه‌هته کلومتا . .

**«ئالینا سوێبی‌و ئیڤار**

**ژدل تێتن ب سه‌د ئاواز**
**تێ ناگه‌هم ژهزرایه؟!**
**ئان ژی . . . ده‌ردێ هه‌می تولاز**
**به‌س ئه‌ز بێژم گرفتارم**
**چه‌ردا که‌ئسێ کرم لاواز**
**چاڤا ڤیا پرچا خه‌له‌ك**
**گاڤا من مه‌ی کری داخواز**

ل ڤێـرێ وه‌کـی هه‌یـڤـا چاردێ بومـه دیـار دبیت کو (سه‌دیقێ حامدی) ژئه‌ڤینداریت (جزیری)یه‌و ل سه‌ر ده‌وسا وی چویه‌و توڤێ خو ل پرێزا وی هاڤێتی‌یه وبێده‌راخو ل به‌ر بایێ وی دایه بای . . .

به‌رێ خوبدێ وه‌ك وی خوکێم کریه دهوزانا خودا:

**«به‌لکو ب شوت ئه‌ڤی جانی**
**هشیارکه‌ت من ئه‌ڤێ به‌راز**

هه‌ر چه‌نـده هوزانـێت دیـوانێ هه‌مـی ئه‌ون مروڤ بێهنـه‌کێ ل سه‌ر بێهنـا خوڤـه ده‌ت . . . به‌لێ نڤیسینـا مه‌ده‌ست ناده‌ت، تنێ مه‌ڤیـا بده‌ینه نیـاسین کو گوڤـه‌ندو

بەهی دیوانەکا کەڤنە . . . ژبەر هندێ هندە نموونێت کێم دئینین

**(ژ خەمرامە کەنی‌و گری)**
**هاتن کەنی‌و گری پێکڤە!!**

**کێ دیتییە بێن بێ ئەگەر**
**گەلو هانت روژا نیڤرو**

**کرمە دینەك بێ رێك وسەر**

- کەنی . . . گری . . . بڤلێت هەڤن دزانستێ دەروونێدا (علم النفس) دبێژنێ (هێلێت هەڤبەر) هوزانڤانی ژدلێ خوبێ دکەنی‌و گریێ‌دا دژیتن ئەڤ هوزانە دارێت سەر پەرێت دیوانا خو، ئو بومە دیارکر کانێ ژبەرچ کەنی‌و گری پێکڤە دئێن

**هاتن ژدەردێ مەیا مانێ**

**جەگەر ل من بۆ بوو دوو کەر**
**ئەو خوشترە ژوێ خەمرا**

**دکەنیێ‌دا سۆرو قەمەر**

(خەمەك بوزانینێ) گولەکا دی‌یە ژ باخچێ گوڤەندێ‌و کوچکا بەهیێ دڤێ هوزانێ‌داو هوزانا (شویەك) بومە دیار دبیت کو سەیدای بەهرا هوزانا خو دژینا کومەلایەتی‌دا کریە ئەڤە ژی جهێ شانازی‌یە (فخر) چنکی زەنگینیا تورێ کوردی‌یە ژڤی رەنگێ هوزانێ

**- رابە دلێ خەم لێ گەلەك**
**نێ ژبهارا تە چو مەهەك**
**هو ل گوولا کوڤانێت خو**
**چ بوویە پاپۆرو کەلەك**
**گەلو دێ هوین نوی گوهـ بدەن**
**ژمن گولێ بن ئاگەهەك**
**دای‌و بابا کا چ ل م کر**
**ئیدی ژمن نائێت بەزەك**

هوسا خەما خو بۆ مە دیار دکەت و کانێ دوزا وی چیەو (ئەرزوحالا) خو نیشا مللەتێ خو ددەت . . . بناسا دکەتە ستویێ کێ‌و . . . بارێ ستەمێ ل کێ باردکەت .

**بوچی گروجم . . . خیل و شل .**
**پانێ من . تینە گوتنەهەك**

خوشترین هۆزان کەڤتیە دلێ‌من دڤێ دیوانی‌دا ئەڤەیە (بەنجامن ومەی) . . . نابێژم یێت دی نەخوشن ئان ل رێزا ڤێ ئینت . . ئەء . . بەس دێ بێژم ئەڤە (روژە) ل عەسمانی یێت دی ژی گەلاڤێژن . . .

لێ بنێرن چەوا ب ئەزمانەك رەوان و جوان هاتیە ڤەهاندن چ ب کێش و سەروایەك بێ کوهی هاتیە دارێتن چ رامان و واتەك بها گران پەرێت سپی پێ رەش کرینە چەند مروڤ بخوینت ژێ تێر نابت ژجوانی‌و دارێتنا وێ وکویر هزریا وێ.

**(بەنجا من و مەی)**
**ژمن نوژداری پسیارکر**
**دەمێ سێ جارادای من بەنج**
**ئەرێ ماتۆ مەی ڤەخوری**
**چ بۆ . . ؟ سێ‌جار نەکرقازەنج**
**م گوتێ: نۆ . . . ڤەناخوم ئەز**
**ناکەت دجانێ‌من ئاکەنج**

- ل دویماهیکێ:

هەرچەندە مە بێ سەر وبەر دیار کر کانێ دیوان چ رەنگەو چ کەنکەنە لێ دپەیڤن . . . چنکی براستی‌یا هەژی‌یە پتر ل سەر بێتە نڤیسین رەخ و رویێت دی ژی یێت تورەیی‌و هونەری بێنە رونکرن . . . ئەز وەسا دبینم گوڤەندو بەهی رویدانەکا (کارکنە) دناڤ جیهانا تورێ کوردیێ هەڤچەرخدا ژبلی هندێ کو قویتێ پەرتوکخانا کوردی‌یە دێ بێژین: ئەڤە فرەك بو مە ژترارێ گوڤەندو بەهیێ ڤەخاری

داخازا مە: سەرفەرازیا هەردەم بو هوزانڤانی .هەر بژیت . . . خامێ وی تیژ تربیت . . . داهەر پەیڤا کوردی ڤەژیت. •

# لە چوارینەکانی باباتاهیری عوریان

chalakmuhamad@gmail.com

## بابە تاهر

٩٣٥ - ١٠١٠ ز

محەمەد بەدری
خستویەتە سەر شێوەی
کرمانجی خواروو



- 1 -

وەرن ئەی دڵ سووتاوان تا بناڵین
لە دەستی یاری بێ پەروا بناڵین
بچین لای بولبولی شەیدا لە باغا
بچین بولبول ئەناڵێ تا بناڵین

- 2 -

جووتیارێکم دی لە دەشت ئەیناڵاند
بە چاوی خوێنین گوڵاڵەی ئەچاند
بەدەم چاندنەوە.. ئەیوت: داخەکەم
چۆن بەجێیهێڵین.. بۆیە ئەیناڵاند

- 3 -

خوایە.. دوژمنت پەککەوتە بینم
خەنجەر لە سنگیا تا دەستە بینم
نیوە شەو بچم حاڵیبپرسم
کە رۆژیش هەڵەی گۆڕی بینم

- 4 -

بێ تۆ ئەی خوا گوڵ سەر دەرنەکات
گەر شینیش بێ کەس بۆنی نەکات
بێ تۆ هەر کەسێك لێوی گەش بێ
ڕووی لە خوێنی دڵ هەرگیز تەڕ نەکات

- 5 -

گەر دڵ دڵبەر بێ، ئەی دڵبەر کامە
گەر دڵبەر دڵ بێ، دڵ ناوی کامە
ئەدڵ و دڵبەر لام وا تێکەڵاون
نازانم دڵبەرکوا یا خۆ دڵ کامە

- 6 -

تۆ دووری بۆیە دڵ لە لام نی‌یە
هیچ عەشقێکی‌تر لە سەرما نی‌یە
سوێند ئەخۆم بە یار ،لە هەردو دونیا
لە یار بەولاوە لە دڵما نی‌یە

- 7 -

ئەوەی عاشقە لە گیانی ناترسێ
عاشق لە جەورو زیندان ناترسێ
دڵی عاشق وەك گورگی برسیە
کەگورگ لە هەی هەیی شوان ناترسێ

- 8 -

نە سەر نە سامان منیان دروستکرد
کێژو پەرێشان منیان دروستکرد
گێژو وێژەکان گشتیان لە ناو چوون
لە خاکی ئەوان منیان دروستکرد

- 9 -

من وەك حوشترم رازی بە خارم
خوراکم خارو گرانە بارم
لەم مسرەف کەمی‌و بارە گرانە
لە ڕووی خاوەندا هەر شەرمەزارم

- 10 -

بەهار هاتەوە بۆ دەشت و بیابان
لاوینیش وەکو بەهارێك بوو جوان
سەر گۆڕی لاوان گوڵ لێی شین ئەبێ
کاتێ کە جوانان ئەچن بۆ سەیران

- 11 -

گەر دەستم بگا بە چەرخی گەروون
لێی‌پرسیار ئەکەم ئەم چۆنە.. ئەو چۆن
بەیەکێك داوتە سەد نازو نیعمەت
بەکێك نانە جۆی تێکەڵاوی خوون

# نامەیەکا ئارمانج بەر

○ شکری سلمان محمد ○

ناڤ گرانێ...
ئەز نکارم ژ کاودانا،
ناڤێ تە بێ رندو شرین
کو بێ خەبا ت و تێکوشین،
دانمە ناڤ دێرێت هوزانا!
لێ ناڤ گران...
تویی هوزان
تویی پەخشان
تویی ژیان و خان و مان.
توی خەم رەڤین...
لەورا شێخ مویسێ
جگەرخوین،
بهزرا ئازا،
تو کریە بوهەشتا رەنگین.
ئەڤجار خەوا...
ئاستەنگ و بارو کاودانا،
نە هە رفینم؟!
بەر پەرا بەکروکا چەوا،
نە درینم؟!
کول و ژانێت بن دەستیێ...
یێت هنگرین،
چەوا خامێ خۆ لێنەدەم،
نە پەقینم؟!
وەرە ئازادیا نازەنین...
ستەم کاریا ئەڤی چەرخی،
بەندی کرین!
گلێدارێ تەمە نارین...
وەرە بنێرە بەندیخانا،
دتژی زەری‌و ئەسپەحینە!
وەرە ... وەرە...
بەژنا خو لڤێتنامێ بتنێ،
نە هەژینە.
وەرە ئەی ئاراما دلی...
بەژن و بالا خو لوەلاتی
ژ کەسکاتیا دار بەرویا،
بخەملینە.
داکو ئەز ژی...
ژ تامارا خەوێ ابم،
دژی ئیمپریالستێ تام سار
دژی چەرخێ پری گەمار
خو بلڤینم!
ناڤێ تە بێ جوان و قەشەنگ.
لهنداڤی کوێن چیا،

# هەڵم

«ئاراس عەزیز عەبدوڵڵا»

نە من دڵۆپەی دەبینم
نە ئەویش من
هێمن، هێمن،
تەڕم دەکات..
وایەك پارچە بوومەتە ئاو
وەك سەرمەستی
لە مەیخانە درەنگ هەستاو
شوێنێ نیە ڕووی تێبکەم
شوێنێ نیە مەسکەنم بێ
بۆ ئەو یەك دوو ڕۆژەی ماومە
کەساسێتی تیا بەسەر بەم!

★ ★ ★

نە من دڵۆپەی دەبینم
نە ئەویش من
هێمن، هێمن،
تەڕم دەکات..

خوایە چی بکەم!
شوێنێ نیە ڕووی تێبکەم
یەکێك نیە بەلەبی دەست
بازنەیەك لەتەمی سەر ڕووی
شووشەی پەنجەرەکەی بسڕێ
تابمبینێ..
هەر هیچ نەبێ تاوێ بمباتە ژوورەوە
بەدیار زۆپاو هێتەرەوە
هەڵمی گەرمی لەشی سڕی خۆم ببینم
هێدی هێدیش
ئەم شیعرەی بۆ بخوێنمەوە
دایکم دەیوت ڕۆڵەی کڵۆڵ
ئەو ڕۆژەی تۆ
بۆ یەکەم جار
گریەت هاتە ناخی هەراو ژاوەژاوی
دنیای جەنجاڵ
هەر ئەو ڕۆژەش
«گۆدۆ»ش لە نێو دڵی «پێکێت»دا لە دایك بوو!]
خوایە چی بکەم!
نەمن دڵۆپەی دەبینم
نە ئەویش من
وایەك پارچە بوومەتە ئاو
چۆقەی دانم
وەکو زەنگی کڵێسە یەو
کەس نایبیستێ!
خوایە چی بکەم!
«من»و «گۆدۆ» لەڕۆژێکدا لەدایك بووین
بۆیە ئێستا..
بەختیاری ی من
گۆدۆ یەکە سەر هەڵنادا!

# وەنەوز



فەرەیدون سامان

شیوەنی دوا هەناسەی
سەرە مەرگی چرایەکی بێتیشك
بووە زەردەخەنەی هەڵاتنی خۆری ئەوینت
منیش لە گەرداوی قوورگی بیابانێکی ووشك
بوومە شەپۆڵی تینووی ڕوباری پاکی ئەو عەشقەی
کە کفنی زەردی بیرەوەری تاڵی بڕیوە
گەڵای وەریوی بەرخەزانی لێك دابڕانیش
بووەڕەگی تەڕی درەختی بەیەك گەیشتنەوەی نەمری
- نێو ئامێزم، لانە تاراوی پەپوولەی
کۆچی بێگەڕانەوەی نیازی تۆ نەبوو
دڵۆپ دڵۆپ ئارەقی چۆراوی
ڕەنجی برسیەتیو تینوویەتیم خستە سەریەك
تا پەرستگای عەشقم سەرکەش تر بێ

لە ئاست مەرگ دا بوومە بەربەست..
کەچی گلۆر بووینەوە بەرەونشێوی سەرگەردانی
«لێرەش لە شوێن هەنگاوی یەکەمەوە دەچەقم.
پێش ئەوەی چاڵی بێ ئامانی وون بوون
تا دوا هەنگاوی چاوە نواری هەڵم لووشێ!»
- جەستەی من گۆرستانی گیانم نیەو بەس
گۆری سەدان چیرۆکی ئەوین و

لێك دابرانی نامۆیی و هەوەس
بۆتە پەیامی شیعری بێڕیاییم
لەنێو سەدان دیواریش بێ دەنگ هەڵبرە
باهەنسکی گۆشە گیریت نەتکاتە کینەی خوڵەمێشی
کوانووی حەژمەتیم..
دەنگ هەڵبرە، چونکە دڵت جێژوانی وەنەوزی شەو
هێشتاش دەستە ماندووەکانت ،پردێ رووخاونین

باری غەمی سەرکوڵی ئەو ڕۆژگارە ڕەشەی
لێ گوزەر دەکرێ
لە ئاوێنەی بێ گەردی چاوەکانتا مەروانە
بۆ تارمایی خۆری گیراوی خۆشبەختیم
من لە مێژە پرشنگی خۆرەتاوی زەردەخەنەم
لەسەر لێوی دوێنێی کابوسم ئاوابووە،

لە ئەفسانەی پێشینان

# خۆشەویستی لە مردن بەهێزترە

chalakmuhamad@gmail.com

نووسینی چیرۆکنووسی فەرەنساوی: گی. دی. کار
وەرگێرانی: عبدالکریم شێخانی

لە سەردەمی کۆنـدا پزیشکێکی لاوی قۆز هەبـوو کە ناوبـانـگـێکی زۆر و فراوانی هەبـوو. هەرجارێـك بانگ بکرایە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشێك، نەخۆشی‌یەکەی بە جۆرێك دەست نیشان دەکرد کە هەرگیز هەڵـەی تێدا نەدەکرد. بێ ئەوەی لە هەڵەکردن بترسێ، دەیتوانی بڵێ کە ئەو نەخۆشە چاك دەبێتەوە، یان ئەوەندەی پێ ناچێ دەمرێ. بەڵام ئەوەی کە خەڵکی نەیاندەزانی ئەو نهێنی‌یە بوو کە ئەو پزیشکە هەیبوو و نەیدەهێشت بکەوێتە هەڵەوە.

ئەمەش نهێنی‌یەك بوو دەگەڕایەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە ئەو پزیشکە چاوی بە ڕووناکیی ژیان کەوت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی لە دایك بوونی بەخت یاری نەبوو، چونکە دایکی دوای ئەوەی منداڵەکەی بوو، لەبەر دەرگای هەتیوخانەیەکی منداڵانی دانا. بەڵام ئەو دەرگایە لە کاتی خۆیدا نەکرایەوە و ئەگەر ئافرەتێك لەو کاتەدا پێ ڕانەگەیشتبایە، ئەوا گومانی تێدا نەبوو کە منداڵەکە دەمرد.

دیمـــەنی ئەو ژنــە زۆر سەیـر بوو. تەمـەنی نەدەزانـرا دەم وچـــاوە هەڵبـــزرکـــاوە لاوازەکـەی لە ژێر کڵاوێکـەوە دەردەکەوت کە بە کراسەکەیەوە لکابوو. پێیە ڕووتەکانی لە نێو پێڵاوەکەی کە کرابۆوە، وا دیاریان دەدا هەر دەتگوت لە کاتی ڕۆیشتندا بەر زەوی ناکەون.

دوای ئەوەی لە بەرامبەر منداڵە بە پەڕۆی سپی مەلۆتکە کراوەکـەدا ڕاوەستـا، داهـاتـەوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چاوی تێبڕی ئینجا هەڵیگرت و لە ئامێزی کرد و لە نێو جەرگەی ئەو شەوە تاریکەدا وون بوو.

پاش چەنـد خولـەکێك لە دەرگایماڵێکی دا و ژنێکی تێکسمراو دەرگاکەی لێ کردەوە.



ژنە ڕەشپۆشەکە گوتی :

- من ئەم منداڵە بە تۆ دەسپێرم . ها ئەمە پێنج پارچە زێڕ، هەموو حەفتەیەکیش وەك ئەم کاتە سەرت لێ دەدەم تا بزانم چۆن ئاگاداریی خواردن و بەخێوکردنی دەکەیت! چونکە من دەزانم کە تۆ هەرچەندە گیرۆدەی دەست کورتی یەکی زۆر هاتوویت، ئافرەتێکی ئازا و چاکیت و لەمەوبەریش ئاگاداریی ئەو منداڵانەت کردووە کە کەس وکاریان دەست بەرداریان بوون و وازیان لێ هێناون . جا ئەگەر وەك من دەمەوێ ئەرکی خۆت بەجێبێنی، ئەوا هەر جارێك کە هاتم بۆ لات ئەوەندەی ئەم ژمارەیە پارچە زێرت دەدەمێ .

پاش ئەوە بە خێرایی ڕۆیشت و منداڵەکەی لە باوەشی ئەو ئافرەتەی بوو بە دایەنی بەجێ هێشت .

ژنەکە لە بەڵێنەکەی خۆیدا ڕاستگۆ بوو و لە کاتە دیاریکراوەکەی خۆیدا لە دەرگای دەدا و، هەمیشە هەر جلی ڕەشیشی لەبەربوو، و منداڵەی بۆ تاوێك لە باوەشی دەکرد، بەڵام وا دیاربوو کە توانای ئەوەی نی‌یە تەنانەت زەردەیەکی بۆ ئەو منداڵە ساوایە بێنێ و تەنیا بەوەوە دەوەستا کە لە منداڵەکە ڕابمێنێ بەڵام بێ ئەوەی سۆزێك لە ڕوخسار و ڕووی دیاربێت، ئینجا بێ ئەوەی قسەیەك بکات منداڵەکەی دەدایەوە دەست دایەنەکەی و دوای ئەوە پێنج پارچە زێڕەکەشی لە دەستی دەکرد.

لە ساڵانی بەراییدا کاروبار بەم شێوەیە ڕۆیشت، بەڵام سەیر لەوەدا بوو کە منداڵەکە هەر کە چاوی بەو ژنەی چاکەی لەگەڵدا کردووە دەکەوت، بزەیەکی دەهاتێ بۆی.

کە گەیشتە تەمەنێك لە کاروباری ژیان بگات، ژنەکە لە یەکێك لە سەردانەکانی بە دایەنەکەی گوت.

- «کەل وپەل و جلەکانی بۆ ئامادە بکە. ئەم ئێوارەیە دەیبەم. جا لەبەر ئەوەی ئەرکی خۆت بە شێوەیەکی تەواو بەجێ‌هێناوە، هەموو حەفتەیەك دێم و هەر وەك جاران لە دەرگا دەدەم و پێنج پارچە زێڕەکەت دەدەمێ تا یارمەتیت بدات بۆ بەخێوکردنی منداڵانی دیکە کە پێویستی‌یان بە یارمەتیدەر هەیە بۆ ئەوەی بژین و گەورەببن.

دوای ئەوە بە دەستە ساردە بەفرینەکانی کە دەتگوت لە عاج دروست کراون و داتاشراون، دەستی منداڵەکەی گرت، بەڵام منداڵەکە نەترسا، چونکە دەیزانی کە دەستە گەرمەکانی بە دەستی پارێزگارەکەیەوەن.

بە نێو تاریکایی شەودا منداڵەکەی لەگەڵ خۆی برد.

پاش ئەوەی کە زۆر ڕۆیشتن، منداڵەکەی لەبەر دەرگای خانوویەکی گەورەدا ڕاگرت و هەر کە ژنەکە لە دەرگای دا، دەرگاکە کرایەوە و پیرەمێردێك لەبەر دەرگاکە قوت بۆوە. ژنەکە ڕووی تێ کرد و گوتی:

- ئەوە ئەو منداڵەیە کە ماوەیەك لەمەوپێش باسی هاتنیم بۆ کردوویت. ئێستاش تۆ دەبێ هەموو ئەو زانستە بێ سنوورانەی خۆت دەیانزانی فێری ئەویشی بکەیت.

دوای ئەوە ڕووی لە منداڵەکە کرد و بۆ یەکەم جار قسەی لەگەڵ کرد:

- تا خوێندنەکەت تەواو نەکەیت و نەبیت بە پیاو چاوم پێت ناکەوێتەوە. لەو ڕۆژەدا لە نهێنی‌یەکی گەورەت ئاگادار دەکەم کە دەتکات بە گەورەترین پزیشك کە هەموو سەردەم و چەرخێك دیویانە.

ئیدی ڕۆیشت و لەژێر چاودێریی ئەو پیرەمێردەی کە لە زانست و ژیریێدا دەبێتە مامۆستای بە جێی‌هێشت ساڵ وە دوای یەکتر کەوتن و تێ پەڕین و ئەو ڕۆژەی کە گشت زانست و زانیاری فێربوو و ئەو بڕوانامەیەی وەرگرت کە ڕێی ئەو پیشەیەی دەدات کە بۆی ئامادە کراوە، ژنە سەرتاپا ڕەشپۆشەکە پەیدا بوو و گوتی:

- ها ئەوا بەڵێنەکەم دەهێنمە دی و لەبەر ئەوەی تۆ تاکە ئافەریدەی زیندووی کە من بەزەییم پێیدا هاتبێتەوە، خۆم بە ناچار دەزانم کە لە یاریدەدانتدا بەردەوام بم و ئێستاش نهێنی‌یەکەمت پێ دەڵێم:

من مەرگم!... و ئەوەش بزانە هەر کە یەکێك نەخۆش کەوت، من دێم بۆلای و لە پێخەفەکەی نزیك دەبمەوە. جا ئەگەر لای سەرینگانی ڕاوەستام، ئەمە مانای ئەوەیە کە نەخۆشەکە چاك دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر لای پەیینگانی ڕاوەستام، ئەوا ئەو کەسە بێ‌گومان دەمرێت.. کەسیش لەو کاتانەدا نەیدیوم و ناشمبینێ...

کەس، لەتۆ بەدەر، تۆ چونکە کوڕمی، ئیدی بەم جۆرە و باری وەستانم لە لای پێخەفی نەخۆشەکە، دەتوانی بەکەس وکاری نەخۆشەکە یان هاوڕێ‌یەکانی ڕابگەیەنیت کە دەمرێ، یان ڕزگاری‌دەبێت. بەم جۆرە لە نێو هاوڕێ یەکانتدا دەبیت بەو پزیشکەی کە هەرگیز هەڵە ناکات و سامان و شکۆشت دێتە بەردەست.

- خانمەکەم.. بۆچی ئەو هەموو شتە بۆ من دەکەیت؟

- چونکە دەزانم تەمەنت درێژ دەبێت و ئەو شەوەی کە لە بەردەمی یەکێك لە هەتیوخانەکاندا جێ‌هێڵرایت،

نەوزادێك بوویت کوڕی ڕۆژێك، نەمردیت و ڕزگارت بوو.

دیسان ژنەکە لە چاو بزر بوو.

ئەوەندەی پێ نەچوو، پزیشکە لاوەکە ناوبانگی دەرکرد. هەر کە بۆ سەیرکردنی نەخۆشێك بانگ دەکرا، ژنە ڕەشپۆشەکە کە تەنیا ئەو دەیبینی، یان لای سەرینگانی پێخەفی نەخۆشەکە، یان لای پەیینگانی دەبوو، لەبەر ئەوە دەست نیشان کردنەکەی بە پێی شوێنی ژنەکە هەرگیز هەڵە دەرنەدەچوو.

ناوبانگی ئەوەندە دەرکرد تا ڕۆژێك بانگ کرا بۆ کۆشکی پاشا، چونکە تاقانەکەی تووشی دەردێکی قورس بوو بوو و هیچ یەکێك لەو پزیشکانەی لە بارەی ئەو کچەوە ڕاوێژیان پێ کرابوو نەیتوانیبوو نەخۆشیەکەی دەست نیشان بکات. هەر کە پزیشکە لاوەکە چاوی بە کچەکە کەوت کە لە نێو جێگەدا ڕاکشاوە. و خەریکی ئاوزنگ دانە، بۆ دیمەنەکەی تاس بردیەوە.

هەرگیز چاوی بە وێنەی ئەو جوانی یە نەکەوتبوو. . بە زۆرداری، بەڵکە بە شتێکی زۆر ستەمی زانی کە مەرگ ئەو جوانی یە ڕاڕفێنێ، بۆیە بریاری دا ئەوپەڕی توانای خۆی بەکاربێنێ بۆ پاریدەدانی.

ڕووی لە پاشا کرد و پێی گوت:

- گەورەم. . فەرمان بدە چوار زەلامی ئازا و بەکار لە ژووری شازادەخانم ئامادە بکرێن و هەر یەکەیان لە لای گۆشەیەکی قەرەوێڵەکەی ڕابوەستن و هەر کە ئیشارەتم بۆ کردن قەرەویڵەکە بەرزکەنەوە و بێ وەستان بیسووڕێنن تا من فەرمانی ڕاوەستانیان پێ دەدەم.

پاشا بە گومانەوە پرسی:

- پێت وایە کە ئەمە بە ڕاستی دەرمانێکی کاریگەرە؟

- بەڵێ، گەورەم. ئەمە تاکە ڕێگایە کە یارمەتیم دەدات بۆ بەربەرەکانیی مردن ئەگەر نزیك کەوتەوە.

هەر کە ئەم قسەیەی کرد، ژنە ڕەشپۆشەکە هات و، ئەویش چاوی تێ بری و کە دیتی خەریکە بەرەو لای پەیینگانی قەرەوێڵەکە دەچێت، فەرمانی دا بەو چوار زەلامە ئازاو بەکارانەی پاشا ناردبوونی کە قەرەوێڵەکە بەرز بکەنەوەو شوێنی سەرینگان و پەیینگانی بگۆڕن. بەم جۆرە مەرگ خۆی لای سەرینگانی نەخۆشەکە بینی. . . دوو سەعاتی تەواو شوێن گۆڕکێ قەرەوێڵەکە بەردەوام بوو بێ ئەوەی ژنە ڕەشپۆشەکە بتوانێ لای پەیینگانی قەرەوێڵەکە ڕاوەستێ و ئەمەش زۆری توورە کرد و ڕۆیشت. ئینجا پزیشکە لاوەکە توانی بڵێ:

- «شازادە خانم دەژی!»

ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو کە شازادەخانم بە ڕاستی دوای چەند ڕۆژێك چاك بۆوە. پاشاش پزیشکە لاوەکەی خەڵات کرد بەوەی کە کردی بە یاوەری تایبەتی خۆی.

شەوێکیان لە کاتی گەڕانەوەی پزیشکەکە لەو ئاهەنگەی پاشا لە خۆشیی چاك بوونەوەی کچە خۆشەویستەکەی و بۆ ڕێزلێنانی ئەو پزیشکە بێهاوتایەی موعجیزەیەکی وەدیهێنا سازیکردبوو، پزیشکە لاوەکە ژنە ڕەشپۆشەکەی لە بەر دەرگای ماڵەوە بینی چاوەڕوانیدەکرد.

ژنەکە ڕووی تێکردو گوتی:

- بۆ فێڵت لێ کردم لە کاتێکدا من هەموو شتێکم لە پێناوی تۆدا کرد؟

خانمەکەم. . فێڵم لێ نەکردووی .لەبەر ئەوەی کەس ئەو نهێنییە نازانێ کە پێت گوتووم، بۆیە کەس گومانی بۆ ئەوە ناچێت کە من باری قەرەوێڵەکەی شازادەخانمم بۆیە گۆڕیوە تا نەهێڵم لای پەیینگانی بوەستیت چونکە بێ سێودوو ئەگەر لەو بارەدا بمایەتەوە دەمرد.

من تاکە کەس بووم کە تۆم دەدی جا ئەگەر من ئەم کارەم کردبێ، بۆیە بووە چونکە من هەمان هەستم کردووە کە تۆ پێش چەند ساڵێك کردت لە کاتێکدا کە چاوت پێم کەوت و من منداڵ بووم و لەبەر دەرگای هەتیوخانەیەکدا فڕێدرابووم ئەو هەستە بوو کە نەیهێشت ڕێگا بدەم ئەو جوانییە دڵڕفێنە ببێتە خۆراکی لەنێوچوون هەر وەك نەیهێشت تۆ واز لەو منداڵە تازە لە دایك بووەی، کە من

بووم، بێنی ببێتە نێچیری مەرگ.

بیانووەکانت ئەوەم بۆ دەسەلمێنێ کە کاری فێرکردن و پێگەیاندنتم دابووە دەست مامۆستایەکی بێهاوتا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا درۆدەکەی! تۆ بۆیە پەنات بردە بەر ئەو شێوازە چونکە هەر لە یەکەم نیگاوە دڵت لە شازادە خانم چووبوو.

پزیشکە لاوەکە بێدەنگە بوو و ژنەکە فەرمانی پێ دا:

- دەستتم بدەرێ و دوام کەوە.

بۆ جاری دووەم لە ژیانیدا بێ سێودوو دەستی ژنەکەی گرت. دەستی هەر وەك جاران ساردبوو، بەڵام هیوای وابوو کە لەپە بە گەرمی ئەوین گرگرتووەکەی هەندێك گەرمی بەویش بگەیەنێ، بەڵام هیچ شتێك لەوە ڕووی نەدا.

لە شار چوونە دەرێ و کە گەیشتنە دارستانەکە، ژنەکە بردی تا گەیشتنە ئەشکەوتێك، ئینجا بردی‌یە ناو ئەشکەوتەکە و پێی گوت:

- سەیرکە.

پزیشکە لاوەکە سەیری‌کرد، ئەشکەوتەکە پڕە لە هەزاران هەزار مۆمی ڕیزکراو لەسەر مۆمدانی زێڕو هەمووشیان داگیرساون و خەریکن وورده وورده دەتوێنەوە و ڕۆشنایی‌یەکی ئەفسانەییشیان بە شوێنەکەدا بڵاوکردبۆوە کە دەتگوت لەجیهانێکی دیکەوە دێت.

ژنە ڕەشپۆشەکە گوتی:

- هەر مۆمێك لەو مۆمانە نیشانەی ژیانی مرۆڤێکن لەسەر ئەم زەوی‌یە. جا ئەگەر مۆمەکە کارکرا و ڕۆشنایی‌یەکەی کزبوو، ئەمە مانای ئەوەیە کە ژیانی خاوەنەکەشی کۆتایی دێت... سەیری ئەو مۆمە بکە.. کە هێشتا زۆر درێژە، واتە خاوەنەکەی ژیانێکی دوور و درێژی لە پێشە، ئەوە مۆمی تۆیە! دە سەیری ئەوەشیان بکە کە تەنیا کەمۆکێکی ماوە. ئەها گڕەکەی لە دوا جووڵەیدایە..

ئەوە مۆمی کچی پاشایە. جا هەرچی بیکەیت و هەر هەوڵێك بدەیت، هەرگیز ناتوانی درێژە بە ژیانی بدەیت کە نەهێڵێت مەشخەڵی ژیانی بەم نزیکانە بکوژێتەوە.

لاوەکە بە نارەزایی‌یەوە گوتی:

- باشە بۆ لەو هەرەتی جوانی و جحێڵی‌یەدا بمرێ.

- مافی ئەوەم نی‌یە پەردە لەسەر نهێنی ژیان لادەم لە کاتێکدا کە تۆش یەکێکی لە زیندووان. بۆم نی‌یە پێت بڵێم بۆچی دۆستەکەی تۆ دەمرێت و یەکێکی دیکە نامرێت... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزانە لەبەر ئەوەی من مەرگم، پێویستە هەموو سەعاتێك و هەموو خولەکێك و هەموو تاوێك چەند گیانێك بستێنم... جا ئەگەر یەکێك ویستی یەکێ لە قوربانی‌یەکانم لێ زەوت بکات، دەبێ یەکێکی دیکە جێگای بگرێتەوە. بەڵام تۆ کە من پێم گوتی ئایا شازادەخانمی شۆخ و شەنگ و جوانت خۆش دەوێ هیچ وەڵامێکت نەدایەوە...

پێویستە ڕاستگۆ بیت.. بە لای کەمەوە لە بەرامبەر... مەرگدا:

- من تا ڕادەی پەرستن خۆشم دەوێ.

- چونکە ئەوەندەت خۆش دەوێ بۆیە دەتەوێ شازادەخانم بژی؟

- بەڵێ..

- جا کە وایە، من بڕیارم داوە بۆ دوا جار یارمەتیت بدەم.

بڕۆ پێشێ و مۆمەکەی ژیانی خۆت هەڵگرە و لە جێی مۆمەکەی شازادەخانمی دانێ و پاشماوەی مۆمەکەی دیکەشم بدەرێ کە دەبێتە مۆمی تۆ.

پزیشکە لاوەکە هیچ سێودووی لێ نەکرد و ئەوەی ژنە ڕەشپۆشەکە فەرمانی پێ کردبوو بەجێی‌هێنا.

هەر ئەوەندە ئەو پاشماوەیەی لە مۆمەکەی شازادەخانم مابۆوە کەوتە نێو دەستی ژنەکە، فوویەکی لێ کرد و پزیشکەکە بە مردوویی کەوتە سەر زەوی

---

لە گۆڤاری (طبیبك) ژمارە (195) تشرینی دووەمی ساڵی (1972)ەوە وەرگێڕاوە.

# تەنیایی ژوورێکی بێ دەنگ

chalakmuhamad@gmail.com

○«دانا عەلی سەعید»○



ئەمشەویش بە تەنیایی لەنگەرێکی ژوورەکەت گرت.. خەمێکی قورس لولی کردبووی.. خەم میوانێکی ئەبەدی‌یەو لێت زیز نابێ.. سێبەرەو هاورێی هەمیشەیی تەنیاییتە.. ژانی خەمەکانت لەلانکی تەنیاییتا دەشکێنێ.. ئەویش سواری بۆکرووزی هەناسەکانت بووەو جێ پەنجەی ئەم ژوورە خامۆشە نەماوە ماچی نەکردبێ.. بووەتە حەزێکی سەرشێتانەو لە گێژەنگی هەناسەکانتا تواوەتەوە.. ئەمشەویش چوویتەوە خەڵوەت، خەڵوەتی هەزار جارە.. بەدوای سیمای خەمەکانتا دەگەرێی..

چاوەکانت بەسەر سنگتدا شۆڕ کردوتەوەو هەناسەکانی خۆت دەژمێری.. یەك.. دوو.. حەوت.. پانزدە.. بەپەلە پاکەت و شقارتوکەت هەڵگرت و جگەرەیەکت داگیرساند.. ئاگری دەنکە شقارتەکە زۆر سەرنجی راکێشای، چاوەکانت بە تەواوی کردەوە، بە دیقەتەوە تەماشای سەمای ئاگرەکەت دەکرد.. کت ومت لە قژە زەردەکەی ئەو ئەچێ.. هەناسەیەکی قووڵت هەڵکێشا.. بیرت لەوە دەکردەوە..

[کەی بێ ئەویش وەك ئەم دەنکە شقارتەیە بگوێزێتەوە ژوورە تەنیایی‌یەکەی من.. ئەم بێ دەنگی‌یە برەوێنێتەوە.. ئنجا بە هێمنی وەك چیرۆکەکەی «هەزارو یەك شەوە» هەر شەوەو کەمێك لەو ژانە عەشقە بەندبووەی نێو سینەمی بۆ بگێرمەوە..

که چۆن چەندەها شەو بەکزەڵێ وتەنیایی لەم ژووره بێ‌دەنگەدا بۆی گریاوم.. بە زەنگۆڵە فرمێسکەکانم ملوانکەی عەشقێکی مەزنم هۆنیوەتەوە.. چیم لە توێشەبەرەی ئەم عەشقە مەزنەدا بۆ هەڵگرتووەو نیازمە لەیەکەم ژواندا پێشکەشی بکەم..

چۆن سێ ساڵی تەواوە لەچاوە دەریا ئاساکانیدا مەلە دەکەم.. غوربەت وتەنیایی و بێ ئەوی کرۆژتوومی، تەنانەت باسی هەموو ئەو ڕۆژانەیشی بۆ دەکەم، کە چۆن وەك «قومقومۆکە»[2] خۆم گیف کردوتەوەو بەرەو چاوە شینەکانی ڕێگایەکی دوورم بریوە، بەو نیازەی گەیشتمە بەردەمی هەرچی هەیەو نی‌یە بیلێم..

دروێنەی هەموو نهێنی‌یەکان بکەم.. چۆلەکەی حەزو ویستەکانم بەرەڵاکەم.. غوربەت و رازی تەنیایی شەوانم وەك کارژیلە لەبەر پێیدا سەر برم.. بەڵام کە گەیشتوومەتە بەردەمی، چۆن خەریك بووە لە قووڵایی چاوە شینەکانیا بخنکێم.. چۆن هەناسەکانم سواربووە.. بە تەلیسمی تیشکی چاوەکانی خەزێنەی ویستەکانم بوتە کوڵەوژ، هەرئەوەندەم بۆکراوە، وەك کەوی بەزیو خۆم لارێ بکەم..]

ئاگری دەنکە شقارتەکە چزەی لە دەستت هەڵساند.. هەر بە پەلە هەڵتدایە ناو تەپڵەکەکەوە.. دوو جار دەستت لە هەواکەدا ڕاوەشاند، دووکەڵی جگەرەکەت ڕەوی‌یەوە..

پێت ناخۆش نەبوو.. [خۆشەویستی بەئازار گۆش دەکرێ] دوای هەموو گریانێکی بەکوڵ، بەم ووتەیە دڵخۆشی خۆت دەدایەوەو ئەنووستی.. ئازارەکانت خۆش دەوێ.. هەرگیز لێیان بێزار نابیت.. لە فەرهەنگی بیرکردنەوەتدا خۆشەویستی مانای ئازارە.. هێندەی خۆشەویستەکەت ئازارت خۆش دەوێ.. ڕاهاتووی، ئەم عەشقەت هەروا گۆش کرد.. زۆرجار بە تەواوی بڕوا دێنی کە هەر لە ئەزەلدا بۆ ئازار چەشتن دروست بوویی.. پاسایەکی سروشتی‌یە.. کۆمەڵانێك ئازار دەچێنن و کۆمەڵانێکیش دروێنەی دەکەن.. لە تەنها ساتێکدا یادەکانت وەك بروسکە بە چەندەها تاریکی پڕ نهێنی‌دا گوزەر دەکاو دەکوژێتەوە.. بەدەست خۆت نی‌یە.. باڵی یادەکانت بۆ ناکرێ، ئەمەیشیان هەر ئەزەلی‌یەو ناتوانی دەست بەرداری بیت.. ئەوەیشت لە لا سەیرە کە پێت دەڵێن «تۆ هەمیشە تەنیایت».. سەرت سوڕ دەمێنێ، تۆ دەیەها مرۆڤی کەللەزل لە دەروونتایەو لەگەڵیان دەدوێی..

دەیانەوێ ڕازیت بکەن و دەتەوێ ڕازیان بکەیت..

باس و لێکۆڵینەوەکانتان زۆر دوورو درێژەو بێ کۆتایی‌یە، ئەگەر هەموو ژیانت تەنیایی بێت هێشتا بڕوات وایە بەشی ئەوە ناکات لەخۆت بگەی.. خۆت لێ بووەتە مەتەڵ.. جاری واهەیە شەڕە مشکێك دەکەیتە شەڕەکەی «تەڕوادە».. جاری وایش هەیە «ناپلیون» دەکەیتە مێشێك.. تۆ مرۆڤێکی بچکۆلەو بیر بڵاوی.. ئەمەیشیان هەر ئەزەلی‌یەو لێی ڕزگار نابی..

نیوە شەوێکی دەرەنگەو ئاسمانی ئەم ژووره بچکۆلەیەت هەورێکی زەرد باوە.. دووکەڵ هەوای ژوورەکەتی تەنیوە.. هێندەی نەماوە گڵۆپە زەردەکەت لە چاو ون بێت.. بەڵام تۆ گۆشکراوی دووکەڵ و تەنیایی و گریانیت.. کارت تێ ناکا، هەناسەکانیشت توندنابن، زۆریشت بەلاوە سەیرە کە جاروبار باوکت سەر ئەکات بە ژوورەکەتداو ئەکۆکێ و بەسەرتا هەڵدەشاخێ.. [ئەو دەرگایە بکەرەوە.. چۆن ناخنکێیت..؟! بۆیە ڕەنگت زەرد بووە.. بەزەیت بە خۆتا نایەتەوە..؟!] تۆ هەرگیز لەو دووکەڵە بێزار نەبوویت.. بێ ئەویش هەڵ ناکەیت.. واهەست دەکەیت دووکەڵ و تەنیایی بووەتە هەناسەی بەردەوامی ژیانی تۆ..

وەك زۆر شەوانی تر نیوچەوانت گرژ بوو.. خەمێکی قووڵ سەرچۆپی ئەو تەنیایی‌یەی ئەگرت.. لە لێفەو دۆشەگەکەت نزیك بوویتەوە.. لەوانیش بێزار بوویت.. هیچ جیاوازی نی‌یە لەگەڵ شەوانی پارو پێراردا.. هەموو

شتەکان هەر دووبارە بوونەوەیە، لە ژیانیش بێزار بوویت، ڕۆژەکانمان لەیەك دەچن.. ئەمڕۆ.. دوێنێ.. پار.. پێرار.. بەهێمنی لەسەر جێگاکەت ڕاکشایت.. پاکەت و شقارتەو تەپلەکەکەت لەلای سەرتەوە دانا.. چەکی شەوی تەنیاییتە، هاوڕێو خزم و ناسیاوەکانت هەمیشە گلەیت لێ دەکەن [..جگەرە زۆر دەکێشی.. هێشتا منالیت.. چ سوودێکی هەیە؟!.. هتد] بەم قسانە بێزار دەبوویت، زۆرت بیستوون ،بە سەر ڕاوەشاندنێك و زەردەخەنەیەکی بێ دەنگ وەڵامت ئەدانەوە.. حەزیشت ئەکرد بە ئاشکرا بەگژیاندا بچیت وپێیان بڵێیت..[..چۆن لەدەم و چاوما ئازارو کوێرەوەری یەکانی خۆتان نادۆزنەوە؟ چۆن بە پەنجە لاوازو دەمارە شینە دەرپەڕیوەکانی پشتی دەستما حەزی پڕ گرفتی خۆتان نابیننەوە:

.. چۆن لە هەنسکە قووڵ و پڕ ئەندێشەکانما، نرکەو زایەڵەی هەزاران برسیو چەوساوەو نەخۆش لە گوێتانا نازرنگێتەوە؟ ئەی بە بێ دەنگیو لەشە لەڕو لاوازەکەما تەنیایی شەوانی من نابینن؟ ئێوە تەنها مژی توندی جگەرەکە دەبینن، بۆ کوێ دەڕوا دەربەست نایەن..! ئەوەیتان پێویست نی‌یە، دوایش ئاسمانێکی لێڵ و بە دووپەنجە دووکەڵەکە بڕەوێننەوە.. هەر ئەمەندەو هیچی تر، لای ئێوە بێدەنگیو گریان لاوازی‌یە، ئێوە دەزانن دڵ نەوایی بکەن و فرمێسکەکان بسڕن.. بەڵام خۆتان لەقەرەی چارەسەرکردنی نادەن.. ئێوە زۆر لەو بێدەنگیو تەنیایی‌یەی من لاوازترن، تەنانەت ئێوە.. ئێوە..]

وەك ووشەکان لە قورگت بگیرێ بێدەنگ بووی..

لەوە دەچوو لەو ڕاستیانە هەڵبێیتو لەیاد یان بکەیت ـ تەنانەت یادەکانیشت هەر دووبارەن.. ئەمەیشیان لای تۆ ئاسایی‌یە.. جەمسەری مەسەلەکان لای تۆ یەکن.. زۆرت حەزکرد بێ بیرکردنەوە پشوویەك بدەیت، بۆ چەند ساتێکی کەم تێ ڕامای.. چاوەکانت بێ مەبەست زەق کردبوونەوە، بەخۆت نەزانی چۆن لەسەر دیمەنە هەڵواسراوەکەی بەرامبەرت ئارامیان گرت.. دووکەڵ ئەویشی زەرد کردبوو، زۆر دڵت بەو دیمەنە ئەکرایەوە.. تەنها یەك خانوو، لەبن شاخێکی بڵند، لەبەردەمیدا کانیاوو باخێکی گەورە، لەگەڵ چەند دارێکی سەوزو بەرز.. وەك بروسکە پاڵەوانی چیرۆکی [گەلەگورگ] ەکەت هاتەوە یاد.. [دیمەنێکی جوان.. خێزانێکی بەختیار.. ژیانێکی ئاسایی و گران.. دوور لەئاژاوەی.. لەگەڵ ئەوکەسەی یەکەم هەنگاوی بوو بۆ ئەو ژیانە.. بێگومانم بیرکردنەوە لەو ژیانە سەرەتاکەی لەژوورێکی وەك ئەم ژوورە کڕو خامۆشەی مندا لەدایك بووە.. خەمێکی گەورە سەرمەشقی ئەو ڕێبازە بووە.. سەرەتای هەموو بیرێکی نوێ لە ئامێزی تەرزە خەمێکی گەورەدا لەدایك دەبێ..]

جگەرەیەکی ترت داگیرساند، مژێکی قووڵ سی‌یەکانتی زاخاودا.. چەند مژێکی خەست و قووڵ کرێ‌کردی.. چاوەکانیشت لە دیمەنەکە نەدەتروکاند.. تا دەهات زەقتر دەبوونەوە.. دیمەنەکەت لەپێش چاو گەورەبوو.. گەورەتر.. نەخێر بووە ڕاستی.. بەتەواوی ئەوت ناسی‌یەوە.. قژە زەردەکەی، چاوە شینەکانی.. زەردەخەنە ناسکەکەی سەر لێوی، لە خانووە تەنیاکەوە هاتە دەرێ.. پڕیاسکەیەکیشی لەبن هەنگڵدا هەڵگرتبوو.. بەنێو دەوەنەکاندا بەهێمنی هەنگاوی دەنا..

بەدەم ڕێوە چاوەکانی لێ نەدەتروکاندیو بەردەوام تەماشای دەکردی.. نزیك بووەوە.. زیاتر.. زیاتر.. هێندەی نەما لێوەکانت بە لێوەکانی‌یەوە بنووسێ.. شاگەشکە بووی، هەستت ئەکرد لە شقارتەکە نزیك ترە.. چاوەکانی سەرنجی ڕاکێشای، نووقمی فرمێسك بوون.. دڵۆپە فرمێسکەکانی وەك نمەی بارانێکی ناوەخت بۆسەر گۆناکانی دایان دەکرد.. سەرت سوڕما، دەستەکانت بە پەلە بۆ درێژکرد.. ئەتویست دڵخۆشی بدەیتەوەو فرمێسکەکانی بە پەنجە درێژە لاوازەکانت بۆ بسڕی.. لەگەڵیا دەروونت لەجۆشدا بوو، بۆ قوڵپی گریانێکی

بەکوڵ.. لەگەڵ تەوژمی گریانێکی خێرا لێوەکانت ترازان و دەتویست هاوار بکەیت..

[ئارام بگرە.. برینەکانی تۆیش سارێژدەبن.. چۆنت وێراو توانی دۆزەخی ڕێ شەق کەیت و خۆت لە تەنیایی ئەم ژوورە توندکەی؟

چۆن چاوە شینەکانتیان هەڵنەکۆڵی ؟!لاشەی بەفرێنتیان نەکردە خۆڵەمێش؟!.. ئەمشەو تەنیایی‌یەکەی من تۆیشی هەراسان کردووە.. ئێرە ژوانی دڵنیایی تۆیە.. هێمن بەرەوە، ناتوانم لەوە زیاتر ئاوابتبینم.. ئاخ، ئەگەر دەمزانی ئەم خەمەی من تۆیش ئەتاسێنێ، پێش ئەوەی چاوەکانت بیر لە فرمێسك ڕشتن بکەنەوە، بۆ دواجار خەمیشم ئەتۆران و لاشەیشم ئەکردە شەختەی بەر زریانێکی تووڕە..]

هەستت دەکرد خەریکە دەخنکێی.. گورگەکانت دەبینی لە دەرگاو پەنجەرەوە.. تەنانەت لەسەر جێگەکەت و لەبنمیچی ژوورەکەتەوە دەوریان دابوون، شاڵاویان بۆ دەبردن ،وەك ئەوان هەڵۆی برسی‌و ئێوەیش دووچۆلەکەی باڵکراو..

چاوەکانت خەریك بوو دەرپەڕین.. سیخەی سەرسنگت هەموو ئەندامانی جەستەتی خستبووە جووڵە.. هێندەی نەمابوو پەراسووەکانت لێك بترازێن و دڵەبچکۆلەکەت بێتە دەرەوە..

گلۆڵەیەك یادی ئاڵۆز لەناوەوە هەراسانی کردبوویت، لاشەت ببووە گڕی دەنکە شقارتەکەو لەناو جێگەکەتدا سەمای دەکرد..

سووتووی جگەرەکەت زرمەی لەسەر ڕوومەتت هێنا.. داچڵەکایت ..لەسەر جێگەکەت ڕاست بوویتەوە، هاتیتەوە هۆش خۆت، وێنەکان لەبەرچاوتا ڕەوی‌یەوە.. سەری گلۆڵەی یادەکانت شێوا.. دوا مژی جگەرەکەت تەواوکرد.. بەدوو پەنجە لەناو تەپلەکەکەدا کوژاندەوە..

*ئنجا بەهێمنی کروشکەت کردو هەردوو ئەژنۆکەت لە ئامێز*

گرت.. سەرت شۆڕکردەوە، لە سەرخۆو زۆر بەکزەڵی داتەوە پرمەی گریان.. شەکەتی کردیت، خەریك بوو دەتاسایت.. هەنسکەکانت بێدەنگی ژوورەکەی ڕەواندەوە، پاش تاوێ سەرت بەرزکردەوەو چاوێکت بەژوورەکەتدا گێڕا..

نامەخانە شڕۆڵەکەت چاوەکانتی قوستەوە، تاوێك تیاڕامای، بەنائومێدی چاوەکانت گواستەوە نێو کۆشت،، ئەویش تیماری ئەم زامە گەورەیەی بۆ ناکرێت، هەر کتێبێك ئەم تەنیایی‌یەی خۆتی تیانەبینی‌یەوە لێی بێزاریت، ساتێکی باش بەو جۆرە بێدەنگ بووی، وەك شتێکی تازەت بەیادا هاتبێت ڕاپەڕیت، بەخێرایی لەجێگەکەتدا درێژ بوویت، ئەمجارە زۆر بەتاسەوە ڕوانیتە دیمەنە هەڵواسراوەکە، ڕووت گەشابووەوە ،دڵت خێراتر لێی ئەدا.. بەباوەڕێکی زۆر پتەوەوە ئەم چەند ووتەیەت لەژێر لێوەوە ووت..

[ئەڕۆین.. زۆر بەدڵنیایی‌یەوە ئەو بەهەشتە دروست دەکەین و تیایدا دەژین.. ئێمە دەرگاکان لەئاسن دروست دەکەین و پەنجەرەکانیش بەرز دائەنێین، ..فرمێسك و خەم تاکەی.. ئیتر چاوە شینەکانی تۆ تەلیسمی زەردەخەنەی هەمیشەیی لەئامێزیان دەگرێ‌و دڵە بارگرانەکەی منیش هەر بۆتێو دەژی.. هەرگیز هەست بەتەنیایی ناکەین، تەنیایی من بێ تۆیی‌یە.. منیش ئەبمە دەرمانی هەموو خەمەکانی تۆ.. ئەو کاتەیش نەوەیەکی گۆشکراوی خۆشەویستی پێ دەگەیەنین ..نەوەیەك زمانی تووڕەبوون نەزانن، مانای گریان وخەم و تەنیایی نەزانن.. تۆیش بە ئاسوودەی‌و دڵنیایی‌یە وەبژی، بێ جیاوازی، دوور لە...؟!]

لەگەڵ دوا ووتەدا بەرزەیێ هەڵسایت و وەك نەتەوێ لەوە زیاتر ژوورە تەنیاکەو دیمەنە هەڵواسراوەکە ببینی، گلۆپەکەت کوژاندەوە.. بەخێرایش خۆت لەناو جێگەکەتدا حەشاردا، ئەمجارە دەم و چاویشت لەناو لێفەکەدا وون کردو خپ نووستی.



# ماحزن !؟

صباح عبدالله بێدوهی.

لەگەنەکا مەزن یا لنیڤەکا مەزەلێ دانایە، تژی گلولەو نیڤەکا وێ یا قەوراندیێ‌یە تژی دووشاڤە. هەمی بێ لرەڤا خرڤەبووین، زاروێ کاچکا لێ ددەن و د دوو شاڤێ دهەلینن.

دوێ چەندێرا موختارێ گوندی لگەل چەند ریهسپی‌یەکا سلاڤ کرە سەر. سلاڤا وان ژێ وەرگرت و چەند داخاز ژێکر خارنێ ل گەل بخون. بەلێ موختاری خودا پاش و نەخار ... بخێر هاتنا وان کر.. پشتی چا ڤەخارنێ

موختاری گوت:-

- خالێ ئاڤدەل ئەم یێت هاتین «نازکێ» بخازین بو کورێ خو، ڤێجا مەنەڤێت تو مەبزڤرینی ڤە دەست ڤالاو تویێژی نەختی بێژە هندی دەڤێ تە رەق نەبیت بیم.

- بخودێ ئەز دبێژم هەکە ئێکی کچا خو داێکی نا فروشیتێ، بەلێ دێ دەتێ ب ڤیانا هەردوو دلا بەلێ نازك هێشتا یا بچویکەو نەیا شویانە یا دووێ ژێ مە یا ل گەل کورێ مامێ وێ گوتی.

هەکە سەر هەردوو چاڤێت خو مادێ کێ ژ هەوە چێتر بینین...؟

- هەر وەکی ژ ئاخفتنا تە دیارە نە...ما نە...؟

- پا وەلێ هات..!

- دێ باشە ئەز موختارێ گوندی بم و بهێم ناڤ مالاتەو تو ئاخفتنا من ل عەردی بدەی باشە «ئاڤدەل»ۆ باشە دێ بینی دێ چ ئینم سەرێ تە. ب تورەیی دەرکەت.

نازك ب ژوورکەت ها باب و وی چ بو هند دکرە هەوار دەنگی وی خو دهاتە دمەزەلا دیڤە

- هات بو تە بو کورێ خوبخازیت..!

- من بخازیت ! بخودێ دێ بو ئاخێ بم و بو کورێ وی نابم ما ئەز دین بویمە..؟

- کچا من خو تورە نەکە دێ تە دەمە وێ‌یێ تە بڤێت خود بابێ خو وەرکرو ماچی‌کر دەرکەت ژ دەرڤە.

هەرا دبێژیت ئەی خودێ نەهات نەهات نە کە تشتەك بەرێ وی هات بیت. پا هەکە نەهێت؟ ئەڤ شەڤە خەوڤ چاڤێت من ناکەڤیت.. نە..نە..هەر دێ هێت هەکە ئەمروو ئێك و دوو نەبینین دێ مرین. هندی بەرێ خودا



بن وان سیڤانداچ دیار نەبو هەرو هەر ژدویر ڤە دا ئەلەمتریکا خو هەلکەت وڤەمرینیت نیشانا وی ئەو بو بەلێ ئەڤ شەڤە چ روناهی ناهێن و بچن. کە تە دەزراوی دا. هندیت روناهی یەك هەلبوو ڤەمری وەکی خەونێ هاتە پێش چاڤێت وێ ما دوارا فکری چ نەدیت خو ئامادەکر بو جارەکا دی روناهی هەلبو زانی یێ ل دویڤ ژڤانا خو هاتی راست قەستا روناهییێ کر...

ژدویرڤە خو تێك وەرکر (ئازاد) تو هاتی من باوەر نەدکر تو ئەڤ شەڤە دێ هێی..

- نازکا من چەوا دێ شێم خو شەڤەکێ تە نەبینم پاشی وێ شەڤێ هەمیێ دێ دەزرا تەدا بم...

دەستێت ئێك گرتن.

- نازك ما تا کەنگی دێ هەر ڤیانا مە شەڤ بیت ما بوچی ئەم شەڤێت خو ناکەینە روژ مادێ بوچی هەر رەڤین ژ بەر خەلکی. دێ تە خازم ژ بابێ تە

- من بخازە بخودێ ئەڤروکە ژی موختار هات بو من بخازیت.!

- چ... موختار.. ئێ تە چ گوت؟

- تو بخو دزانی من گوتێ نە مادێ چەوا تەهێلم ئازاد دوێ گاڤێدا

موختارێ گوندی یێ ل سەر بەربانکێ ل هنداڤ سەرێ وان گوهێ وی یێ ل ئاخفتنا وان.

ئینا گوتی:-

- ئەڤە خوش چێ بو دێ ئێك خازن مانێ ئەڤە ئەزێ ساخم خونە ئەز مریمە راست قەستا ژورکر دەست هاڤێتە دارێ تڤەنگێ و بەرێ وێدا ئازادی ژوێ کەلێ موختاری تبلاخو دانا سەر لەولەبکا تڤەنگێ و شداند ئازاد گرێل کرە وێرێ نازکێ کرە هەوارو گازیێ و خویسەر کە لە خێ ویدا بەردا خارێ.

موختاری تڤەنگەکادی دانا نازکێ وەکی بشکوکەکا گولێ هەکو مروڤ ژگولێ ڤەدکەت و دهاڤێت هێدی ئەوژی وەرگەریا سەرکەلەخێ ئازادی...

ئەرێ هەرێ ڤێجا چبکەم؟ کرە هەوار کو دزا گوند بەردا. هەمی دەرکەتن و کوم ڤەبون لدەف موختاری وچاڤێت وان مانە زیق ل بەر پێت موختاری ڤە....؟!!



# زەبەللاحە خۆپەرستەکە

نوسینی: ئۆسکار وایلد
وەرگێرانی لە ئینگلیزی‌یەوە:
عارف عمر گول

سەرچاوە: Self - Realization
کتێبی: Winter - 1978
لاپەرە p. 27 - 31

منداڵەکان ، هەموو پاش نیوەڕۆیەك هەر کە لە قوتابخانە دەکەڕانەوە، دەچوونە باخچە گەورەکەوە یاریان تێدا دەکرد ئەم باخچەیە فراوان و خۆش بوو، چیمەنێکی سەوزی هەبوو.

لێرەو لەوێ لەنێو چیمەنەکەدا جۆرە گوڵێکی جوان کە هەر لە ئەستێرە دەچوون قوت بووبوونەوە هەروەها دوازدە دارقۆخی لێ بوو، ئەم دارانە لەکاتی بەهاردا چرۆی ناسکیان دەکرد، کەهەر بە مرواریو گوڵە قەنەفڵ دەچوون.

لە پاییزیشدا بەرێکی زۆریان دەگرت. باڵندەکانیش لەسەر دارەکان هەڵدەنیشتن و زۆر بە شیرینی دەیان خوێند، منداڵەکان هەموو کاتێ هەر گوێیانلەو دەنگانە دەبوو یاری‌یەکەیان رادەگرت بۆ ئەوەی گوێ بۆ دەنگی باڵندەکان هەڵخەن. ئەنجا پێکرا هاواریان بۆ یەکدی دەکردو دەیان ووت:

«ئای لێرەدا چەندە بەختیارین!»

رۆژێ لە رۆژان زەلامە زەبەللاحەکە گەڕایەوە کەماوەی حەوت ساڵان بوو بۆ سەردانی هاوڕێیەکی چوو بوو، لەو ماوەیەدا هەرچی قسەی هەبوو بە هاوڕێکەی ووتبوو،

چونکە قسەکانی دیاری کراو بوون، ئەوجا بریاری دابوو بگەڕێتەوە بۆ قەڵاکەی خۆی کە گەیشتەوە جێ بینی وا منداڵان لە نێو باخچەکەیدا گەمان دەکەن.

زەلامە زەبەللاحەکە بە دەنگێکی گڕەوە هاواری کردە منداڵەکان و ووتی: «ئەوە لێرە چی دەکەن؟» منداڵەکانیش هەموو هەڵهاتن.

کابرا ووتی: «باخچەکەی خۆم هەر هی خۆمە، هەموو کەسێ ئەمە چاك تێدەگات، تەنها خۆم نەبێت، ئەز نایەڵم هیچ کەسێ گەمەی تێدا بکات.»

بەو شێوەیە پەرژینێکی بەرزی بەدەوریدا دروست کرد، ئەوجا تەختەیەکی ئاگادار نامەی لە سەر دانا، تێیدا نوسرا بوو؛-

[ئەوەی بێتە ئەم باخچەیەوە بە سزای خۆی دەگات]

کابرا زەبەللاحەکە زۆر خۆپەرست بوو، ئەو زارۆڵە بەستەزمانانە چ جێگەیەکیان نەما گەمەی تێدا بکەن جا هەوڵیان دا لەسەر ڕێگاو بانەکان گەمە بکەن، بەڵام ڕێگاو بانەکان یان خۆڵاوی یان بەردەڵان و ڕەقان بوون، لەبەرئەوە ئارەزووی ئەو شوێنانەشیان نەدەکرد زۆر جار وافێر ببوون کە دەرسەکانیان تەواو دەکرد، بە دەوری ئەو پەرژینە بەرزەدا دەسووڕانەوەو باسی ئەو باخچە دڵگیرەیان دەکرد کە لەو دیو ئەو پەرژینەدا هەبوو، ئەنجا بە یەکتریان دەوت: «لەو باخچەیەدا چەندە بەختیار بووین؟!»

پاشان بەهار هات، هەموو کونجێکی ووڵات پڕ لەپەلەوەرو هەموو دارێکیش چرۆی کرد. بەڵام تەنها باخچەی کابرای زەبەلاحە خۆپەرستەکە هەروەك خۆی مایەوە، لەوێدا هێشتا هەر زستان بوو. لەبەرئەوەی زارۆڵەکانی لێ نەبوو باڵندەکانیش تیایدا نەیان دەخوێند، دارو دەوەنەکانیش چرۆیان نەکرد.

جارێکیان گوڵێکی جوانکیلە لە نێو گیایەکەدا سەری دەرکرد، بەڵام ئەوەندەی نەبرد، بەغەمگینییەوە دوبارە خۆی شۆڕکردەوە نێو زەوییەکە بۆ ئەوەی جارێکی دی بخەوێتەوە، چونکە هەر کە تەختەی ئاگادارنامەکەی بینی بۆ ئەو منداڵانە زۆر بەپەژارە بوو. بەڵام ئەوەی بەم باسە خۆش حاڵ بوو، تەنها بەفرو شەختە بوو، پێکرا ووتیان: «وادیارە بەهار ئەم باخچەیەی لە بیرکردووە، کەواتە بە درێژایی ئەم ساڵ لێرە ژیان بە سەردەبەین». بەفر هەموو گیانی ناو باخچەکەی بە بەرگێکی سپی ئەستوور داپۆشی، شەختەش هەموو دارەکانی بەزیو نەخشاند پاشان هەردوکیان بای باکوریان داوەت کرد بۆ ئەوەی ماوەیەك لایان بمێنێتەوە، ئەویش بەشادمانییەوە هات خۆی بە بەرگێکی موودار پێچایەوە، ڕۆژ تا ئێوارە بە دەوری باخچەکەدا گفەی دەهات، لولەی دوکەڵ کێشی قەڵاکەی داڕوخاندە خوارەوە. بایەکە ووتی:

«ئێرە جێگەیەکی زۆر بە لەزەتە، پێویستە بانگی تەرزە بکەین بێت سەردانیمان بکات.» بەو شێوەیە تەرزەیش هات. هەموو ڕۆژێ بۆ ماوەی سێ سەعات زۆر بە توندی خۆی دەکێشا بە سەربانی قەڵاکەدا، تەقە تەقێکی زۆری دەکرد تا زۆربەی بەردی دیوارەکانی داڕوخاندە سەریەکتریدا، ئەو زۆر بە توندی تالە توانایدا هەبوو بە هوروژم بە دەوری قەڵاو باخچەکەدا دەهات و دەچوو. بەرگێکی خۆڵەمێشی کردبووە بەری هەناسەکەشی هەروەك بەفر بوو.

زەبەللاحە خۆپەرستەکە ووتی: «ئەز چ تێ ناگەم بەهار بۆچی وادواکەوتووە لە هاتندا.» لەم کاتەدا لەبەر پەنجەرەیەکدا دانیشتبوو دەی ڕوانییە باخچە سپی‌و ساردەکەی بە دەم خۆیەوە ووتی: «هیوا دارم بەم زووانە گۆرانێك لە ئاوو هەوادا ڕووبدات.»

بەڵام نەبەهارو نەهاوین قەت بۆ ئەم باخچەیە نەهاتن.

پاییز بەروبوومی زێڕینی خۆی بەهەموو باخچەیەك بەخشی، بەڵام تەنها بە باخچەی زەبەللاحەکە هیچی نەبەخشی. پاییز ووتی: «ئەو زەبەللاحە زۆر خۆپەرستە.» لە بەرئەوە زستان هەردەم تەنگی بەو باخچەیە هەڵچنی وە ،جا بەفرو بای باکوورو، گژلاو شەختە لە نێو دارو دەوەنی باخچەکەدا سەمایان دەکردو بەناویاندا دەهاتن و دەچوون.

زەبەلـلاحەکە لەبەرەبەیانی رۆژێکدا لە نێڤ پێخەف دا راکشـابـوو، بەدەنگی مۆسیقـایـەکی خۆش وە ئاگـاهـات. ئەوەنـــدە شیـــرین بوو لە گوێ‌ی‌دا وای زانی ئەمـە مۆسیقـا ژەنەکانی (شا)ن بەو ناوەدا تێپەڕ دەبن. بەڵام لە راستیدا تەنهـــا دەنگی باڵـنـدەیـەکی گچکـەلانـە بوو لەدەرەوەی پەنجـەرەکـەدا دەی خوێـند، کابرا لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو گوێ‌ی لە باڵـنـدە نەدەبوو لە باخچـەکـەیـدا بخوێنێ، لەبـەرئـەوە وای دەزانی ئەو دەنگـە خۆشترین مۆسیقـایـە لە جیهاندا. ئەوجا هەستی کرد کە گژڵ لە سەماکردن وەستا، بای باکـووریش گڤـەگڤ و دەنگـە دەنگی نەمـا، ئەنجـا بۆنـێـکی خۆشی لە پەنجـەرەکـەوە بۆ هات. جا لەســەر جێـگـەکـەی خۆیـەوە بازێـکـی داو وتـی: «وابـزانـم لەئاکامداهەر بەهار هات.» ئەوجا لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. چما چی بینی؟!

دیمەنێکی زۆر جوان و دڵگیری بینی منداڵەکان بەهۆی کونێکی بچکـۆلانـەوە، بەدیـواری پەرژینـەکـەدا هاتبـوونـە باخچـەکـەوە. هەمـووشیـان چووبـوونـە سەر لق و پۆپی دارەکان .هەردارێکی دەبینی منداڵێکی بە سەرەوە بوو.

دارەکانیش زۆر دڵشاد بوون بە گەڕانەوەی منداڵەکان، لەبـەرئـەوە خۆیـــان بەچرۆ داپـۆشی، زۆر بە هێمنی و بە سۆزەوە چڵەکـانیـان بەسەر سەری زارۆڵەکاندا دەلەرانەوە.

باڵندەکانیش بەو ناوەدا دەفرین و زۆربەسازوسۆزەوە دەیان خوێـند ،گـوڵـەکـانیش لەنـاو گیـایـە سەوزەکـانـەوە سەیری سەرەوەیان دەکردو پێدەکەنین. شێوەو دیمەنێکی زۆر دڵرفێن بوو، تەنهـا لەیـەك سووچی باخچـەکەدا هێشتا هەر زستان بوو، ئەو شوێنــەش دوورتــرین جێگـەی باخچـەکـە بوو، لەوێدا منداڵێکی بچکۆلانە وەستا بوو، ئەوەندە ساوا بوو، نەی دەتوانی سەرکەوێتە سەر لق و پۆیەکانی ئەودارە لەبەر ئەوە بەدەوروبـەریـدا دەهـات و لێ‌ی رادەماو بە پەژارەشەوە دەگـریـا دارە هەژارەکـەیش هەر بە بەفـرو خوێـسـار داپۆشرا بوو، بای باکووریش هەڵی دەکردو گڤەگڤی دەهات بەسەر دارەکەدا.

دارەکە وتی: «**سەرکەوە! ئەی کوڕە بچکۆلانەکە**».

هەتا توانی لقەکانی بۆ شۆڕکردەوە، بەڵام منداڵەکە نەی توانی سەرکەوێت چونکە زۆر ساوا بوو.

زەبەلـلاحەکەش هەرکە سەیری دەرەوەی کرد دڵی نەرم بوو، جا وتی: «**ئەز چەندە خۆپەرست بووم!**

**ئێستە هەستم کرد کە بۆچی بەهار نەدەهاتە ئەم باخچەیەوە.**

**هەنــوکـە ئەو منـداڵـە ساوایـە لەسـەر ترۆپکی ئەو دارە دادەنـێـم، ئەوســا پەرژینـی باخچــەکــەش دەڕوخێنم، باخچەکەیشم هەتاهەتایە دەبێت یاریگەی منداڵان بێت**».

زەبـەلـلاحـەکـە زۆر شەرمەزاری ئەو کردەوە خراپانە بوو کە پێشتر کردبوونی.

جا بە پێپلیکەکاندا چووە خوارێ زۆر بەهێمنی دەرگای باخچـەکـەی کردەوەو، رۆیشتـە نێـو باخچـەکـەوە. بەڵام منـداڵـەکـان کە زەبـەلـلاحـەکەیان بینی، زەندەقیان چوو! هەمـوویـان لەترسا هەڵاتن، باخچەکە جارەکی دی بەرگی زستـــانی پۆشی‌یـــەوە. تەنهـــا منـداڵـە ساواکـە نەی‌توانی رابکــات، چونکـە چاوەکـانی پڕ ببـوون لەفـرمێسـك، جا بەهـاتنی زەبـەلـلاحـەکـەی نەزانی. زەبەللاحەکەش هێدی لەمنـداڵـەکـە نزیـك بۆوە، بەسـۆزەوە منداڵەکەی خستە نێو دەستی خۆی‌یــەوەو هەڵی گــرت و لەسـەر دارەکـەی دانـا. دارەکەیش یەکسەر چرۆی کرد.

پەلـەوەرەکـانیش هاتنـە سەر لق وپـۆپی دارەکەو دەستیان کردەوە بە خوێـنـدن. منـداڵـەکەش هەردوو دەستی درێژکردو باوەشی کردە مل زەبـەلـلاحـەکـەو ماچی کـرد. منداڵەکانی تریش هەرکـە بینیـان زەبـەلـلاحـەکە گۆڕاوەو چیتر خراپەی نی‌یە، بەڕاکردن گەڕانەوە نێو باخچەکەوە، بەهاریش لەگەڵ هاتنەوەی ئەواندا هاتەوە زەبەللاحەکە بە منداڵەکانی وت: «**منـداڵینە، ئێستـە ئەو باخچـەیـە هی خۆتـانـە.**» ئەنجـا پاچێکی گەورەی گرتـە دەست و پەرژینـەکـەی باخچـەکەی هەموو داروخاندە خوارەوە. کە خەڵکەکەش سات د وازدە بەرەو بازار ئەرۆیشتن ئەیـــانبینی وا زەبـەلـلاحـەکـە لەگـەڵ

منداڵەکاندا لە باخچەیەکی زۆر ڕەنگیندا کە هەرگیز ئەوەیان لێ نەدیبوو یاری دەکات شادمان ئەبوون.

هەموو ڕۆژێ منداڵەکان لە باخچەکەدا یاریان دەکرد، بە ئێوارانیش دەچوونە نك زەبەللاحەکەو ماڵ ئاواییان لێ دەکرد.

ئەویش لێیانی دەپرسی: «**ئەرێ کوانێ هاورێ گچکۆلانەکەتان؟ ئەوەی کە لەسەر دارەکەم دانا.**» زەبەللاحەکە زۆری خۆش دەویست، چونکە منداڵە ساواکە ماچی کردبوو.

منداڵە کانیش لەوەڵامدا دەیان ووت: «**ئیمە نازانین؟ ئەو منداڵە دوور کەوتۆتەوە**» زەبەللاحەکەش دەی ووت: «**ئەبێ پێی بڵێن سبەی بۆ ئێرە بێت.**» منداڵەکانیش لەوەڵامدا دەیان ووت نازانن ئەو ساوایە لەچ شوێنێك دەژی، تەنانەت دەشیان ووت پێشتر ئەو منداڵەیان لەوناوەدا هەر نەدیوە، بەو شێوەیە زەبەللاحەکەش هەستی بەناسۆری‌و غەمگینی دەکرد.

هەموو پاش نیوەڕۆیەك کە قوتابخانە تەواو دەبوو، منداڵەکان دەهاتن و لەگەڵ زەبەللاحەکەدا یاریان دەکرد. بەڵام ئەو منداڵە ساوایەی کە زەبەللاحەکە خۆشی دەویست جارێکی تر نەبینرایەوە. زەبەللاحەکەش لەگەڵ ئەوەدا کەبۆ هەموو منداڵەکان زۆر بەسۆز بوو، بەڵام گەلێك یادی هاورێ ساواکەی دەکرد، زۆر جاران باسی دەکرد. هەموو جارێ دەی ووت: «**ئای چەندە ئارەزوو مەندم بۆ بینینی!**» ساڵان هاتن و چوون، زەبەللاحەکەش پیرو کەفتەکار بوو.

چیتر نەی دەتوانی هیچ جۆرە یارییەك بکات، جا لەناو کورسی یەکی گەورە دادەنیشت. ئەوجا سەیری گەمەی منداڵەکانی دەکرد. پاشان لەباخچەکەی ڕادەماو دەی ووت: «**من گەلێك گوڵی جوانم هەیە، بەڵام زارۆڵەکان جوانترینی هەموو ئەو گوڵانەن.**»

لەبەرەبەیانی زستانێکدا، زەبەللاحەکە کاتێ کەخۆی پۆشتە دەکردەوە، لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد ئێستاکێ ڕقی لەزستان نابێتەوە؟ چونکە دەیزانی کەبەهار خەوی لێ کەوتووەو، گوڵەکانیش پشووی خۆیان دەدەن.

لەپرتاو بەسەر سوورمانەوە چاوەکانی خۆی وڕلی، ئەوجا سەیری کردو ڕاما، دیمەنێکی گەلێك دڵرفێن و جوانی بینی. دارێك لە دوورترین سوچی باخچەکەوە بە تەواوەتی داپۆشرابوو بەچرۆی جوان و سپی لق و پۆپەکانی هەموو زێڕین بوون، بەری زیویش لێیانەوە شۆڕ ببووە خوارێ، لەژێر دارەکەشدا ئەو منداڵە ساوایە ڕاوەستابوو کەئەو خۆشی دەویست.

زەبەللاحەکە زۆر بەخۆشییەوە بە پێپلکەکاندا چووە خوارێ، ئەوجا چووە باخچەکەوە. بەخێرایی بە نێو چیمەنەکەدا ڕۆیی‌و لەمنداڵەکە نزیك بۆوە، کە بە تەواوەتی لێی نزیك بۆوە، دەم و چاوی سوور هەڵگەڕاو گەلێك توورە بوو، ئەوجا ووتی: «**ئەوە کێیە توانییەتی دەم و چاوی تۆ بریندار بکات.**» چونکە لەسەر لەپی هەردوو دەستی منداڵەکەدا جێگەی برینی دوو بزمار هەبوون، هەروەها جێگەی برینی دوو بزماری تریش لەسەر هەردوو قاچە بچکۆلانەکانی هەبوون.

زەبەللاحەکە نەراندی‌و ووتی: «**ئەوە کێیە توانییەتی بریندارت بکات؟ پێم بڵێ، بۆ ئەوەی شیرە گەورەکەم هەڵگرم و پارچە پارچەی بکەم**».

«**نەخێر!**» منداڵەکە وەڵامی دایەوە.

«**ئەمانە برینی خۆشەویستین؟!**».

«تۆ کێی؟» زەبەللاحەکە ئەمەی ووت و هەستی بەترسێکی غەریب و تایبەتی کرد، ئەوجا کڕنوشی بۆ منداڵە ساواکە برد.

منداڵەکەش بزەیەکی هات و، بە زەبەللاحەکەی ووت: «**جارەکیان تۆ ڕێگەی منت دا لە باخچەکەی تۆدا گەمان بکەم، ئەورۆ تۆیش پێویستە بێیت بۆ باخچەکەی من؟! کە بەهەشتە؟**».

لەو نیوەڕۆژەدا کە منداڵەکان چوونە باخچەکەوە، بینیان زەبەللاحەکە لەژێر دارێکدا ڕاکشاوەو مردووە؟! **هەموو لق و** پۆپەکانی دارەکەش بەچرۆی سپی داپۆشراوە؟



# مانگانه

هیمداد حوسێن لەفارس یەوە کردوویە
به کوردی
چیرۆکی: عەزیز نەسین

سەرەمانگ یەکەمجارم بوو لەم کارگێڕی‌یە مووچەم وەردەگرت ژمێرپاری کارگێڕی‌یەکە لە کاتێکدا لە مانگانەکەم دەگەڕا:

- زەحمەت نەبێ 30 لیرەم بدەرێ تا 300 لیرەت بدەمێ.

خەریك بوو پێ‌بکەنم. ئەو دەیویست من 30 لیرەی بدەمێ و لەبری ئەوەی تا 300 لیرەکەم بداتێ. هەروەك چۆن سەرم شۆڕکرد بۆوە ئەوها دەفتەرەکەشم ئیمزا کردو گوتم:

- بەداخەوە خووردەم پی نی‌یە!..

2 پارەی 100 لیرەیی، پارەی 50 لیرەیی‌و دوو ئەسکەپارەی 10 لیرەیی ژماردو دایمێ.

لە دەوروبەری سەعات 5 لە کارگێڕی هاتمە دەرەوەو قسەکانی دۆستێکی ددانسازم کەوتەوە بیر، کە دەیگوت:

- هیچ کاتێك گشت ئەو پارانەی هەتە مەیانخەرە یەك گیرفانەوەو دابەشی سەر گیرفانەکانتی بکە، نەوەك خوانەخواستە گیرفانت ببڕن، هەموو پارەکانت لە دەست ناچێ.

دەست بەجێ یەکێ لە 100 لیرەییەکانم خستە گیرفانی بن باغەڵی دەستەڕاستمەوە، ئەوەی تریانم خستە دەستە چەپەوەو 50 لیرەییەکەشم خستە گیرفانی پشتەوەی پانتۆڵەکەم و یەکێ لە 10 لیرەییەکانم خستە گیرفانی دەستەڕاست و ئەوەی تریانم خستە گیرفانی دەستەچەپی پانتۆڵەکەم، پاش جێ‌بەجێ‌کردنی ئەوان جا دەستم بۆ گیرفانی بچووکی پانتۆڵەکەم برد، کە هەر ووردەم دەهاوێشتە ناوێ، تەماشام کرد هەندێ ووردەی تیایە، لە ترسی ئەوەی نەوەك کاتێك دزدەسەسڕەکەم لەگیرفان دەربێنێ و دەست بە تاڵ و حەتاڵم بکات، دەستەسڕەکەم خستە گیرفانێکەوە، کە چی پارەی تێدا نەبوو.

دوای ماوەیەك ڕۆیشتن لە بەری دەستەڕاست ئاپارتمانێکی زۆر جوانم دیت، لەسەر دەرگا گەورەکەی ئاگانامەیەکی بچووك بەرچاو دەکەوت. وا دیار بوو خاوەن ئاپارتمانەکە دەیویست بەشێکی ئاپارتمانەکەی بەکرێ بدات. هەر لەخۆمەوە بەرەو ئاپارتمانەکە ڕێم گرت ولە دەرگای گەورە چوومە ژوورەوە. لە دیواری دەستە چەپی ئاپارتمانەکە وێنەیەکی زۆر گەورەو جوانی مزگەوتێکی تورکیای لەسەر هەڵواسرابوو و لە لایەکی دیەوەش وێنەیەکی گەورەی ویلایەتێکی جوانی چوار دەورگیراو بە گوڵی سوورو سپی هەڵواسرا بوو و سەرنج ڕاکیشەبوو دوای تەماشا کردنیان زەنگی دەرگای ئاپارتمانەکەم لێداو بانگی دەرگاوانەکەم کرد.

دوای ماوەیەکی کەم کابرایەکی تێکچەقیوی بەهێز دەرگاکەی لێ کردمەوە. بەبێ هیچ شتێك گوتم:

- داوای لێبووردن دەکەم، کە نارەحەتیشم کردن. ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەو ئاپارتمانەی دەتانەوێ بەکرێی بدەن لە نزیکەوە پێمی پیشان بدەن.

- فەرموو.

کاتێ دەرگای ئاپارتمانەکەی بۆکرێی کردەوە گوتی:

- سێ ژوورە، هۆڵێکە، حەمام و چێشت خایەکیشە

- کرێیەکەی چەندە؟

- یەك قسە، 500 لیرەیە

- زۆرە.

- زۆر زۆرە؟

- بەڕاستی زۆرە.

کاتێ هاتمەوە سەرجادەکە جارێکی دیش ڕوانیمە گیرفانەکانم شەقام زۆرئاسایی ئاپۆرە بوو. من بەبێ ئەوەی چ مەبەستێکم هەبێ سەرنجی کوگانم دەدا تا گەیشتمە ئەو چێشتخانەیەی کە بەزۆری نانم لەوێ دەخوارد. ئەو چێشتخانەیە و خاوەنەکەیم زۆر خۆش دەویست، چونکێ خاوەنی ئەو چێشتخانەیە بەبێ لاف و فیڵ خواردنێکی چاکی پێشکەش خەڵك دەکرد.

چوومە نێو چێشتخانەکەوە. یەکەمجار بوو لە وەختی سبەینەو نیوەڕۆ نەبێ من بچمە ئەم چێشتخانەیەوە. مێزەکان گشتیان خالی بوون.

شاگردەکەهاتە لامەوە و گوتی:

- فەمرموو قوربان.

- شا تۆ بریانم دەوێ.

**شاتۆبریان کە نووسەرێکی فەڕەنسەیی بوو بە چاکی دەمناسی. بەڵام دوایی تێگەیشتم کە خواردنێکیش بە هەمان ناو هەیە.**

ئەڵبەتە ئەم باسە سێ ڕۆژ لەمەوپێش لە برادەرێکەوە بیستبووم کە:

ماوەیەکی زۆر لەمەو پێش کابرایەکی ئینگلیز هاتبووە وولاتەکەمانەوەو لە شاگردی هەمان چێشتخانەی پرسی بوو:

- خواردنێکی لە ئاسا بەدەر خۆش چیتان هەیە؟

ئەویش خواردنێکی بەناوی شاتۆ بریانەوە بۆ هێنا بوو. کابرای ئینگلیز 20 ساڵ لەوە پێش شاتۆ بریانی لە پاریس خوارد بوو. کاتێ کە شاتۆ بریانیان بۆ هێنابوو و خواردبووی و بە خۆشحاڵییەوە گوتبووی:

**شاتۆ بریانی جگە لە جین نەبێ کەسی دی ناتوانی وا بەچاکی لێی نێ. ئایا چێشت لێنەرەکەی ئێوەش هەر وەستاجین)ە.**

- بەڵێ ئەوە.

- نەمگووت؟ من لە پێشبینییەکەم بەهەڵەدا نەچوو بووم. وەختێك شاگردەکە جارێکی دیش ڕووی تێ کردمەوەو گوتی:

- فەرموو قوربان.

گوتم:

- شاتۆبریان.

ئەویش بەسەر سوورماوییەوە لێم دوورکەوتەوەو چوو داخوازییەکەمی بە خاوەن چێشتخانەکە گوت.

لە خاوەن چێشتخانەکەم پرسی:

- ئایا چێشت لێنەرەکەتان دەتوانێ ئەم خواردنە لێ بنێ؟
- بەڵێ قوربان، نیزیکی عەسرێ تەشریفتان بێننەوەو شاتەوبریانێکی بە دڵی خۆتان ئامادە دەبێ.
- نرخەکەی چەندە؟
- لەو پرسیارەم بەجارێ سەری سوورما، دڵنیام لەپێش خۆی وای لێك دایەوە، کە من ڕەنگە یەکێ لە پشکنەرەکانی شارەوانی بم.
سەیری لیستەی ئەو خواردنانەم کرد کە لەو چێشتخانەیە دەفرۆ شران. چێشتە گۆشت دارەکان 5 لیرەو بێ گۆشتەکان 3 لیرەو چێشت و ماست یەك لیرە بوون.
لە کاتێکدا خاوەن چێشتخانەو شاگردەکانی لە من وورد دەبوونەوە، من لدیخۆمەوە حسێبێکی چاکم بۆکردو تێگەیشتم بە 15 لیرە دەتوانم لێرانە خواردنێکی چاك بخۆم.
خاوەن چێشتخانەکە گوتی:
- بۆ خواردنەکەش چاوەڕێت دەکەین.
- بەڕاستیمە ئاخر، باشە، خواحافیز.
50 - 60 هەنگاوێك لە چێشتخانەکە دوور نەکەوتبوومەوە بەڕێکەوت تووشی برادەرێکم بووم، دوای سەلام و لەیەك پرسین گوتی:
- ژنم هێنا. پرسیم:
- کێ؟
- هەفتەی ڕابردوو جەژنی مارەیی و شایی و گۆڤەندەکەمان بوو و پارەیەکی زۆرم چوو.
- پارەیەکی زۆرت چوو؟
- تەنها بۆ شایی و گۆڤەندییەکەی 5 هەزار لیرەم چوو، ئاهەنگەکەی لە سەعات 9ی شەوەوە تا بەیانی بەردەوام بوو.
- جێی خۆیەتی، بشت خواپیرۆزە.
بەبێ ئەوەی خواحافیزی لێبکەم لە ڕۆیشتنەکەی خۆم بەردەوام بووم. برادەرەکەم ماوەیێ سەیری کردم، کە خواحافیزیم لێنەکردو لێمدا ڕۆیشتم.

ڕوانیمەوە گیرفانەکانم. هەموو پارەکانم کە 270 لیرە بوون لەگەڵ برە وردەیەك هەموویان وەك پێشترێ لە جێی خۆیان بوون.
وەك کەسانێك کە بەچاوی خەوەوە بڕۆن بە ڕێوە نازانم چۆن بوو وەختێکم زانی لە نێو ساختمانێکی گەورەم و کە هاتمەوە هۆش خۆم سەیردەکەم لە سالۆنی یەکێ لە بەرگدرووە ناودارەکانم. کاکی بەرگدروو دوای ئەحوال پرسینێکی گەرم و گیانی بە گیانی پرسی:
- قوربان دەتانەوێ جل بدروون؟.
- بەڵێ
شاگرد بەرگدرووەکە چەند نموونەیەکی زۆری لە بەردەم دانام و گوتی:
- ئەگەر لەمەتان بوێ چاکەت و پانتۆڵ بە 400 لیرەو لە مەیانت بوێت چاکەت و پانتۆڵ بە 450 لیرەو لەوەیشیان ئەگەر بە پەسەندی بزانن 480 لیرە بۆتان دەردەچێت.
- زۆرە.
بەبێ خواحافیزی هاتمە دەرەوە. لە ڕاڕەوی ئەم بینایە گەورەیە تابلۆی دکتۆرێ سەرنجی ڕاکێشام. کاتێ نووسینەکەی سەریم خوێندەوە زانیم دکتۆری نەخۆشی نەفسی یە.
بەبێ ئەوەی لە دەرگا بدەم وە ژوورکەوتم. خانمێك بە جلێکی سپی و پاکەوە پرسی:
- سرەت گرتووە؟
- نەخێر سرەم نەگرتووە بەڵام زەحمەت نەبێ هەقی تەماشای نەخۆش کردنی دکتۆر چەندە؟
- 30 لیرەیە قوربان!..
- زۆرە.
لەوێ هاتمەدەرەوەو جارێکی دیش ڕوانیمەوە گیرفانەکانم گلۆپەکانی ئەو کۆڵانە داگیرسابوون و شنەیەکی نەرمیشی دەهات. بەبێ ئەوەی چ نیازم هەبێت لە دەرگای گەورەی گەورەترین و تازەترین مێوانخانە چوومە ژوورەوە. هەوای نیوەگەرمی نێو مێوانخانەکە هەستی بزواندم و

پێڵاوەکانم تان و پۆبەفەرشەکان سڕیەوە. لە کچۆڵەیەکی، کە دیار بوو لە شاگردەکانی و پندەری بوو، پرسیم:

- زەحمەت نەبێ کەسێ تازە بێتە ئێرە لە کام لاوەدای ئەکەن!

کچە منی بردە پێش کابرایەك. لەوێ سێ جێگای چۆڵیان هەبوو ،کە نرخەکانیان 50 لیرە، 80 لیرەو 110 لیرە بوون.

- زۆرە.

لە دەرگای گەورەی مێوانخانەکە هاتمە دەرەوە .ژنێکی جوان چەند هەنگاوێك لە پێش منەوە دەڕۆیشت.

بەپەلـە بەپێشی کەوتم و جوان جوان لە ڕووی وورد بوومەوە. زۆر لەوەش جوانتر بوو کە من خەیاڵم بۆی چوو بوو. ڕەنگە هونەرمەندێکی سینەمایی بووبێ یان (مانکۆن)ێکی بیانی بووبێ. چەند جاران بە پێشی دەکەوتم و خۆم بەپاش دەدایەوە بەڵام جوانیەکەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام.

دەستەکانم لەگیرفانەکانم ڕاکردەوە تا دڵنیابم پارەکانم ماون. 270 لیرەو برێ وردەم لە گیرفان دابوو .قاچەکانی ئەو ژنە جوانترین قاچ بوون کە من تا ئەو ڕۆژە دیتبێتم. ماسی 500 لیرە. بەڵام من کە لە 270 لیرەم زێتر نی‌یە.

یانی چی؟ واتا ڕۆژێ 16 لیرەو برێ وردە؟

زۆر باشە... پێڵاوەکانی خانم کە لە پێی کردوە .بەڵام چ پێیەك...

بەڵێ من 270 لیرەم هەیە. کەوابێ دەتوانم ئاپارتمانەکە بۆ ماوەی 16 ڕۆژ و 2 سەعات بەکرێ بگرم ،مانگانەکەم تەنها بەشی مانەوەم دەکا لەو ئاپارتمانە بۆ ماوەی 16 ڕۆژ و 2 سەغات...

خانمە جوانەکە گەیشتە جادەکە. بە چەند هەنگاوێك خۆم گەیاندێو لە لای شانی ڕاستمەوە بە نیو نیگایەك سەیرم کرد. بەڕاستی سەرنج ڕاکێشەرو بێهاوتا بوو...

ئەگەر لەو چێشتخانەی کە شاتۆ بریانم بۆ ئامادە دەکەن خۆم بە 15 لیرە تێر بکەم، بە دوو جاران 30 لیرەم دەچێ...

ئەو ژنە جوانە ماڵ خراپ نەبووە چ جوان بوو. دوو دەست کێشی زەردو قژی زێڕینی تاو ئاوی.

کەوابێ من 9 ڕۆژان دەتوانم لەو چێشتخانەیە نان بخۆم، چونکێ 270 لیرەو برێ. وردەیشم هەیە...

ژنە جوانەکە چووە کۆڵانێکەوە. ئەمجارەیان لەلای شانی چەپمەوە سەیرم‌کرد. ئەو چاوانەی چ جوان بوون ...ئەو لە پێشەوە دەڕۆیشت و من لە دواوە... هەندە جاران من بە پێشی دەکەوتم ...کاك ڕەزا تەنها بۆ شایی‌و گۆڤەندەکەی 50 هەزار لیرەی تێ چووە... سەیرە ئەم ژنە جوانە چتۆکەمەری باریکی هەیە... ئەو من ئەگەر ژن بێنم... (270) لیرەم ...هەیە... ژنە جوانەکە بە تالووکە بەرەو ژوور دەبۆوە. قۆڵ و باسکی چ جوانە ...باران دەستی پێ‌کرد... ژنە جوانەکە چەترەکەی هەڵکردو... دیسان گەیشتەوە جادەیەکی دی... ئەگەر بۆم بکرێ شایی‌و گۆڤەندێکی 9 سەعاتی بەرپا بکەم بە 270 لیرەو برێ خووردە، چەند سەعاتی پێ دەچێ؟...

کاك ڕەزای بەستەزمان بۆ هەر سەعاتێکی شایی‌یەکەی 555 لیرە وبرێ خووردەی چووە. جا ئەگەر وابێ من تەنها 35 دەقیقە شایی‌یەکم پێ‌ساز دەدرێ.

زۆر باشە... من 270 لیرەو برێ وردەم هەیە.

ژنە جوانەکە ماوەیێ وەستا... جوان جوان سەیری‌کردم و خۆی هەڵکوتایە باخێکی گشتی‌یەوە.

بەرگدرووە ناودارەکە کەمترین پارەیەك بۆ جل دروین 400 لیرەی داوا دگرد... ژنێکی تا ئلێی دڵگیرە .ڕەنگە ئەویش هەر هونەرمەندو چاودێرو (مانکۆن)ی.

بیانی بێ... ئەگەر قاتێك بە 400 لیرە بکەم ،پارەکەم لێی دەبڕێو بەش ناکات. ڕەنگە چاکەتەکە دوو قۆڵەکەی یان پشتەکەی لەگەڵ نەبێت چونکێ لە 270 لیرە زێترم نی‌یە.

ژنە جوانەکە لە باغەکە هاتە دەرەوە و بە قاڵدرمەکانی ئیستگەی ترامۆی‌دا سەرکەوت. ئۆهـ...چ ژنێکی جوانە،

ئەو سنگەی. . . ئەو سنگەپڕو دەرپەڕیوەی . . . بەکۆڵانێکی دەستەچەپ دا شۆڕ بووەوە. . . ئەو کۆڵانە زۆر تاریك بوو و بەچاکی دەمتوانی قسەی لەگەڵ بکەم.

ژنـە جوانەکـە لە ناوەڕاستی کۆڵانەکە وەستا وەك بڵێی کەوشەکانی پاژنەی پێی بگرێ.

(کرێ)ی دکتۆری نەفسی 30 لیرە بوو .ژنە جوانەکە گەڕایەوە. ئەشێ شتێکی بیرچوو بێ. بەرەو ئەو پەیکەرەی کە لە مەیدانی شتە سەیرەکانەوە دانرا بوو، هاتەوە.

من 9 جاران دەتوانم (سەر لە) دکتۆری نەفسی بەدەم وخۆمی پێشان بدەم. زۆر باشە.

ئەگەر لە باتی 270 لیرە 255 لیرەم هەبووایە 8 جار و نیو دەمتوانی خۆمی پێنیشان بدەم و لە نیوەکەی دیش ڕزگار دەبـووم. ژنـە جوانـەکـە ئەو جارە بەرەو کۆڵانێکی دەستە ڕاست ملی نا.

بەڵام ژنــە جوانـەکـە. . . نەخێر. . . ئەو مێوانخـانـە گەورەیە. . . ژنە جوانەکە ئاوڕێکی لە پشت خۆی دایەوە. کێها مێوانخانەی شەوی بە 50 لیرەیە، دەتوانم 5 شەوی لێ بمێنمەوە و 20 لیرەیشم بۆ دەمێنێتەوە.

بەڵام 5 شەو زۆرە ئەوەی دی 2 ـ 3 شەوان دەیدەمە شاگردە من 270 لیرەو بڕێ خووردەی خۆم هەیە.

**ژنـە جوانـەکـە وەستـا. . . ئیدی نەجووڵایەوە. منیش وەستام. ژنە جوانەکە بەرەو لام هات. هات هات تا ڕوو بە ڕووم بووەوەو دەستی کرد بە تێـروانینم و ئەمجـا بە نارەحەتی‌یەوە گوتی:**

ـ کوڕی چاك دەشتێ بڵێ.

من کە نەمدەزانی چ بڵێم خۆم کڕ کرد.

ـ ها. . چی‌یە لاڵی؟

کەوابێ قاتێکی بێ قۆڵم بۆ دەدرووێ. . .(8) جاران و نیویش دەتوانم خۆم پێشانی دوکتۆری نەفسی بدەم.

ژنە گوتی:

ـ وەرز بووم بە دەستتەوە دە شتێ بڵێ.

ڕوانیمـــەوە پارەکـــانم زانیم، کە دەتـوانم 5 شەو و چەلا سەعاتێك لە مێوانخانەکە بمێنمەوە.

**ژنە جوانەکە گوتی:**

**ـ ئەوە تۆ کەڕی؟**

باران تونـدتـر دایکـرد. دڵـۆپـە گەورەکانی باران لەسەر گڵۆپەکانی کۆڵانەکە جوانتر بەر چاو دەکەوتن. سەگێك لە پەنـایـەکـەوە دەرپەڕی. . . لە کاتێکا حەپە حەپی بوو هاتە تەنیشتمانەوە. بە هاتنی ئەو بووین بە سێ نەفەر!. . .

ژنە جوانەکە گوتی:

ـ نەکەی هاشێت دەبێ؟

سەگەکە کەوتە گەرم کردنەوەی دەمی. منیش بە پارەکەم دەستم بە شایی و گۆڤـەنـدێکی 35 دەقیقـەیی یان 9 جار خواردنی شاتۆبریانی ئەو چێشتخانەیە کرد بوو.

هەتـا دەمتـوانی 16 ڕۆژ و کەمێك ئەو ئاپارتمانە بەکرێ بگرم و هەر کارێ کە دڵم بخوازێ بیکەم.

ژنە جوانەکە:

ـ ئەی کەوابێ 2سـەعـاتـە بۆچی وا سوڕانم دەکـەی؟

منیش دڵم خۆش کرد بوو، کە ئەمشـەو مشتـەرییـەکی چەورم دۆزیوەتەوە.

**باران توندتر دەهاتە خوارێ ڕوانیمەوە گیرفانەکانم ژنە جوانـەکـە بە تووڕەیی‌یەوە تفێکی لە ڕووکردم و لە چاو نووقانێکا لە کۆڵانەکە سووڕایەوەو بزر بوو.**

سەگەکە ماوەیێك بە دوای ژنەکەدا ڕۆیشت بەڵام وەك بڵێی ماندوو بوویێ لە ژێر ڕووناکی گڵۆپێکەوە وەستاو قاچەکانی بەرز کردەوە.

منیش تەماشای گیرفانەکانم کردەوە دڵنیابووم لەوەی 270 لیرەو بڕە خووردەکەم هەر پێماوە.

ئاپارتمان: بینایە.

ئاپۆرە: قەرەباڵغ، ازدحام.

* پێزانین * ئەم چیرۆکە لە کتێبی [دزد نان، عزیز نسین، ترجمـەو گردآوری م ـ ر ـ فرازی، انتشارات فرهنگ روز، تهران ،لا 82 ـ 93] وەرگێردراوە.

# سوار ڕەشی گا ڕەش

ئەسعەد عەدۆ ئامادەی کردوە

[دیوەخانەیەکی کوردەواری بە چەند مافورو لبادی نەخشدار ڕازاوەتەوە، لە نزیك دەرگا سەماوەرێکی (میرسواری)و، کەرستەی چا لێنان دامەزراوە، پیرەمێردیکی بەساڵاچوو لە نێوان دوو سەرینی گەورە لەسەر چۆك دانیشتوەو سەرینێکی لوولی گەورەش پاڵ پشتییەتی، دارسیگارێکی نەخشداری لەبەردەم دایەو تەزبێحێکی سەدو یەك دەنکی لە دەست دایە..

دانیشتوانەکان پیرەمێردەکە هاندەدەن بۆ گێڕانەوەی هەقایەتی سوار ڕەشی گا ڕەش، ئەویش بە کۆکە کۆك و «هەبوو نەبوو. کەس لە خوا گەورە تر نەبوو» دەست بە گێڕانەوە دەکات]

**پیرەمێرد:** ـــــ دەگێڕنەوەو دەڵێن.. پاشایەك هەبوو، ئەو پاشایە یەك کوری هەبوو- کوڕێك بێ‌و کوری پاشی وڵات بێ‌و لەسەر سۆتیان بووبێ دەبێ چۆن بێ ؟! سەرتان نەیێشێنم سەری دوژمنتان بێشێ، ئەو کوڕە جحێڵ بوو، ئەو کارەی خواو خەڵك پێی ناخۆش بوایە دەیکرد - خەڵکەکە چ بکەن تاکە کوڕی پاشایە - ڕۆژێکیان شەیتان لە بەرگی پیاوێکی ڕیش درێژی پیس هاتە پاڵی..

**شەیتان:** ـــــ (بە پێکەنین) بیر لە چی دەکەیتەوە؟

**کوڕە پاشا:** ـــــ (بە توورەیی) ناپەسند! چۆن بەم جۆرە قسەم لەگەڵ دەکەیت؟ نازانی من کێم؟

**شەیتان:** ـــــ (بە هێمنی) بەڵێ گەورەم چۆن نازانم، بەڵام دەمەوێ خەونەکانت بێنمە دی!

**کوڕە پاشا:** ـــــ چۆن دەزانی من خەون دەبینم؟

شەیتان:

ـــــ قوربان من فریشتەم!

کوڕە پاشا:

ـــــ (لە دڵی خۆیدا.. دەبێ ڕاست بێ؟ خۆ زۆر جار گوێم بیست بووم کە دەڵێن لەمەچێتر هەیەو خدری زیندەش بە جل وبەرگی دەروێشان دێتە بەردەم خەڵکی هەژارو ئیماندار! بەڵام من نە هەژارم، نە ئیماندار) باشە ئەگەر فریشتەی چیم لە مێشکدایە؟

شەیتان:

ـــــ (بە پێکەنین) لە مێشکت دایە کە تۆ کوڕە پاشای، پێویستە هەموو خەڵك خزمەتت بکا، دەبێ خواردن و خۆراکت وەکو خەڵکی وڵات نەبێ، حەز دەکەیت زۆر ژن بێنی، بە خۆزگەی ئەوەیت کە لە شوێنی خۆت نەجوڵێتەوەو دەست درێژ بکەیت، جگە لە زیر هیچی ترت نەیەتە دەست!

کوڕە پاشا:

ـــــ (بەسەر سوورمان) بەڵێ، ڕاستە، بەڵام چۆنت زانی؟

شەیتان:

ـــــ (بە تووڕەیی) وادیارە گومانت لەوە هەیە کە من فریشتە نیم؟

کوڕە پاشا:

ـــــ نەخێر، نەخێر بەڵام چارە؟

شەیتان:

ـــــ (بە فیزەوە) چارە لە دەست خۆتە!

کوڕە پاشا:

ـــــ (بەسەر سوورمان) من؟

کوڕە پاشا:

ـــــ (لەسەر چۆك بەرامبەر شەیتان دادەنیشێ) ڕێگام بۆ ڕوون کەرەوە

شەیتان:

ـــــ (دەست بە دەم و چاوی دادێنێ) بڕۆ ئەو چیایە.. کێویەك ڕاوبکەو بهێنەوە، لە ژووری خۆت خزمەتی بکە..

کوڕە پاشا:

ـــــ (هەڵدەستێتەوەو قسە بە شەیتان دەبڕێ) دوایی؟

شەیتان:

ـــــ (بەتووڕەیی.. کڕنۆشدە) ئینجا داوای ژن هێنان بکە، کاتێ بووك گەیشتە ژوورەوە.. پێی بڵێ ئەو کێویە زاوایە نەوەك من!!

کوڕە پاشا

ـــــ (بە پاڕانەوە) چۆن؟ ڕازی نابێ

شەیتان:

ـــــ دەکوژرێ

کوڕە پاشا:

ـــــ (بە پێکەنین) ئێ وا بڵێ.. دوایی؟

شەیتان:

ـــــ ئەگەر ڕازی بوو، هێندەی پێ ناچێ ئاوس دەبێ! لە دواییدا ئاوسی یەکەی دادەنێ، ئینجا تۆ سەری ئەو دەعبایەی دەبێ لە نێو مەنجەڵێك ئەیکوڵێنی، دوایی وشکی دەکەیتەوەو ووردی دەکەیت!

کوڕە پاشا:

ـــــ (لەگەڵ زخ قووتدان) دوایی؟

شەیتان:

ـــــ (قاچی لەسەر شانی کوڕە پاشا دادەنێ) دەرخواردی هەر کەسێکی بدەیت، ئەوەی لە مێشکت دایە دێتە دی (بە پێکەنین وون دەبێ)

کوڕە پاشا:

ـــــ (لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ بە هاوار کردن) مەڕۆ، مەڕۆ

پاشا:

ـــــ (لەگەڵ دەنگی هاوار کردن وەژوور دەکەوێ) چ خێرە کوڕم؟

کورە پاشا:
ـــــــ ژنم دەوێ

پاشا:
ـــــــ (بە پێکەنین) هەر تۆو ژن؟!

پیرەمێرد:
ـــــــ پاشا کفری کرد، گوتی: «هەر تۆو ژن» کاکە گیان، ژن لەسەر ژن، لەوە سەیر تر. کاتێ ئێوارە بووک دەگەیشتە ژووری زاوا، بۆ بەیانی دەبرایە گۆڕستان، رۆژێک نەبوو سەد نەبوو، ماڵێک نەبوو لەو وڵاتە، بە دەستی ئەو ناپاکە جەرگی کون کون نەبێ! درێژەی پێ نەدەین قڕانی بە کچانی وڵاتەکە هێنا! جگە لە کچە نەشمیلانەکەی گاوانی هەزار - ئافەرین بۆ هەزاران، هەردەم بە خوزگەی خۆبەخت کردن سەر دەنێنەوە -

لە شەوێکی زستانی سامناک و ئاسمانی ئاوسا دوا خونچەی ئەو شارە کرا بە بووکی کوڕی پاشای وڵات..

بۆ سپێدە خەڵکی شارەکە هەروەک جاران بەرەو گۆڕستان کەوتنە رێ بۆ گۆڕ هەڵکەندنی دوا تەرمی کۆشکی پاشا، سەیر لەوەدابوو کە نۆکەرێکی پاشا هەواڵی نەکوشتنی بووکی پاشای بە گۆڕ هەڵکەنەکان گەیاند! دەمێک بوو خەڵکی شارەکە بە هیواو ئاواتی ئەو هەواڵە بوون، بەڵام جێگای سەرسوورمان بوو، دەیان بەڵکو هەزاران پرسیار بە مێشکی دانیشتوانی شارەکە دادەهات و پرسیارەکانیش لە جێگای خۆیدا بوو! دەبێ چ نهێنییەک لەو رووداوە - رووداوی نەکوشتنی ئەو بووکە - هەبێ؟ بۆ زانینی مەبەست پێویستە چاومان روون بکەینەوەو گوێچکەمان شل کەین..

تاکو بگەینە ئەو مەبەستە سەرسوورێنەرە، جا بفەرموون..

کورە پاشا:
ـــــــ (لەو کاتەی لە بووکی وەڕوور دەکەوێ) کچی گاوان.. ئەو هەموو کچانەی خواستمن و دەبوون بە خێزانم، بۆ بەیانی تەرمەکانیان دەگەیشتە گۆڕستان، لەبەر بەجێ نەهێنانی فەرمانی من بوو!

کچی گاوان:- بەڵێ! (بەهێمنی) چ فەرمانێک گەورەم؟

کورە پاشا:
ـــــــ داوام لە بووکەکان دەکرد کە ئەم کێویە رەشەی بەستومەنەوە لە جیاتی من ببێتە زاوا! ئەوانیش رازی نەدەبوون، بۆیە منیش بڕیاری خنکانم بەسەریان دەچەسپاند! ئەگەر تۆیش وەکو ئەوان نارازی بیت، سزای تۆیش هەر وەکو ئەوانە!

کچی گاوان:
ـــــــ (لە دڵی خۆیدا.. ئەو کورە نەفامەی پاشا، تا ئێستا سەدان بەڵکو هەزاران کچی ئەم شارەی بەو کارە نارەوایەی بوونەتە قوچی قوربانی، باشتر وایە بە بێ ئەقلی ئەو بکەم و کچانی تری ئەم جیهانەش، لەو کارە ناپەسندانەی رزگار بکەم) ئەو فەرمانەی تۆی پێ دڵشاد بێت بێ گومان جێگای رەزامەندی خێزانتە!

کورە پاشا:
ـــــــ (بەسەر سوورمان) (بەڵێنەکەت دەبەیتەسەر)

ـــــــ

پیرەمێرد:
ـــــــ کورە پاشا کێوییەکەی بەردایە بووکی نازدار، لە ئەنجامدا کچی گاوان سێ بێچوە کێوی بوو، لە شەوی بێچوە بوونیدا کورە پاشا نەیهێشت کەس پێ بزانێ! هەر بە تەنیا لەگەڵ کچی گاوان مایەوە تا بێچوەکانی لێ بەربوونەوە، ئینجا بێچوەکانی بردنە ژوورێکی ترو سەریانی بڕی و کەوری کردن و خستانییە مەنجەڵێکی گەورەو لەسەر ئاگری دانا - ژنەکەش لە دەلاقەیەکی ژوورەکە دەیڕوانیە کورە پاشا -

لە کولاندن بەردەوام بوو، تا هەمووی بوو بە رۆن..
ئینجا مەنجەڵەکەی لەسەر ئاگرەکە هێنایە خوارەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو رۆنەکە بوو بە پارچەیەکی رەق، لە دوایدا پارچە پارچەی کردو لە ناو هاوێنێک وورد ووردی کردو خستیە نێو هەمبانەیەک و لە شوێنێکی بڵندی دانا! بۆ

بەیانی هاتە لای باوکی..

**کوڕە پاشان ؛**

——— بابـە گیـان، بە بۆنـەی رزگـار بوون و سەلامـەتی خێزانـەکـەم دەمەوێ خەڵکی شارەکەمان بانگ بکەمە نان خواردن.

**پاشا:**

——— (بەزەردە خەنەوە) لەمە باشتر هەیە؟ سوپاس بۆ یەزدان خێزانەکەت سەلامەت بوو

**پیرەمێرد:**

——— خەڵکی شارەکە بۆ نان خواردن هاتنە ماڵی پاشا، کوڕەکەش بە خۆی سەرپەرشتی چێشتەکەی دەکردو لەسـەر هەر قاپێـك چێشت.. کەمێك لە دەرمـانـەکـەی بەسەردا بڵاو دەکردەوە، جگە لە چێشتی خۆی‌و کچە گاوان نەبێ کە ئەو لایەی بۆ خۆی تەرخان کردبوو هیچی بەسەردا نەکرد! - کچە گاوان لە چاودێری کوڕە پاشا بەردەوام بوو - هەر یەك مێوانەکان بەرامبەر قاپێك چێشت دانیشتن..

**کوڕە پاشا:**

——— (لـەسـەر پێ رادەوەسـتێ) کاتێ دەڵێم دەست پێ بکەن، پێکەوە دەست بە خواردن دەکەین!

**پیرەمێرد:**

——— لەو کاتـەی کوڕە پاشـا قسـەی دەکرد، کچە گاوان قاپە چێشتەکەی خۆی‌و مێردەکەی گۆڕی - واتە ئەو شوێنـەی دەرمـانـەکـەی بەسـەردا کرابـوو کەوتـە بەردەمی مێردەکەی -

به فەرمـانی کوڕە پاشـا دەست بە خواردن کرا، لەگـەڵ خواردنی یەکـەم پارووە نان.. ئەو کەسـانـەی چێشتـەکەیان خوارد هەموویان بوون بە پەیکەری زێڕ جگە لە کچە گاوان!!

کاتێ کچەکە ئەو دیمەنە سەرسووڕێنەرەی بە چاوبینی، ئینجـا لە مەبـەستی کوڕە پاشـا گەیشت، بۆیـە بڕیـاریدا جل و بەرگێکی پیـاوانـە بەسـەر خۆیـدا هەڵبکێشێ‌و بیبێتـە پاشـای وڵات، دەگێـڕنـەوە.. کاتێ کچـە گاوان بوو بە پاشـای وڵات، چەنـدان نەخشکێش و زێـڕنگـەری لە وڵاتـان هێنـا بۆ دروست کردنی هەزاران قاپ و قاپلەمـەو کەوچك لەو پەیکەرە زێڕانە! ڕۆژێکیان بانگی سەرکارەکەی کرد:

**زێڕ پاشا:**

——— هەر مێوانێك هاتە دیوەخانی من، بە بێ پرسیار خواردنی بۆ ساز دەکەن و بە قاپ و کەوچکی زێڕەوە لەبەردەمی دانێن و ئامانەکانیش پێشکەش بە مێوانەکە دەکەن!

**سەرکار:**

——— (کڕنوش دەبا) فەرمانی پاشا لەسەر چاو

**پیرەمێرد:**

——— ناوی پاشا لە دەورویشتی وڵات دەنگی دایـەوە.. زۆربـەی خەڵکی ناوچـەکـە بە دیـوەخـانی شاد بوون، شەوێکیـان دەروێشێکی گەڕیـدە ڕێگـای کەوتـە وڵاتی زێـڕ پاشـا.. ماوەی سێ ڕۆژ لە دیـوەخـانی پاشـا مایەوە، بە مێوانداری دیوەخانی پاشا سەری سووڕما بەڵکو حەپەسا! لە دوای ئەو ماوەیە دەروێش کەوتە گەرانی خۆی، تا لە هەواری (حـاتـەمی تەیی) جێگیـر بوو، لە دوای نان خواردن و قاوە خواردنەوە

**حاتەمی تەی:**

——— دەروێش.. تۆ پیـاوێـکـی بە تەمـەن و گەڕیـدەی، تۆ بڵێی لە من خانـەدان ترو نانـدەرتـر لەم جیهانە هەبێ؟

**دەروێش:**

——— گەورەم، بە ڕاستی پیـاوێکی ڕووخـۆش و ناوداری ئەم جیهانەی، بەڵام لەو ڕۆژەی کەشکۆڵم کردۆتە کۆڵ خۆما، لە لە زێڕ پاشاو تۆم خانەدان ترو دەست بڵاوتر نەدیووە.. بەڵام ئەو پاشایەی باسی دەکەم بەم دیمەنەم دیووە

- مێوانداریەتی خۆی لە دیوەخانی پاشای بۆ دەگێڕێتەوە -.

**حاتەمی تەیی:**

ـــــــــ (بەسەر سوورمان) چۆن وا دەڵێی؟! لە قسەی تۆ وا دەردەکەوێ کە ئەو پاشایە لە من خانەدان ترە!

**دەروێش:**

ـــــــــ بەڵێ گەورەم هەر وەك عەرزی جەنابتم کرد

**پیرەمێرد:**

ـــــــــ گوایە حاتەمی تەیی بڕیاریدا کە سەردانی ئەو پاشایە بکات، بۆیە شەوێکیان بە جل و بەرگێکی دەروێشانە لە هەواری خۆی بەرەو وڵاتی زێڕ پاشا وەڕێ دەکەوێت . . کاتێ گەیشتە دیوەخانی زێڕ پاشا، ئەو دیمەنەی کە دەروێشی گەڕیدە بۆی گێڕابوەوە . . بە چاوی خۆی بینی، بەڵام هەر چەندی هەوڵ و تەقەلایان لە گەڵدا . . نانی نەخوارد!

**قاوەچی:**

ـــــــــ مام دەروێش ئەوە ماوەی سێ ڕۆژە میوانی ئێمەیی و تا ئێستا نمەکت نەکردووین!

**دەروێش:**

ـــــــــ بڕیارم داوە تا نەچمە لای پاشای وڵات پاروێ نان نەخۆم!!

**پیرەمێرد:**

ـــــــــ سەرکاری پاشا هەواڵی دەروێشی میوانی بە پاشا ڕاگەیاندو پاشاش بڕیاری دیدەنی دەروێشی دا

**زێڕ پاشا:**

ـــــــــ ها . . دەروێش چ خێرە؟

**دەروێش:**

ـــــــــ ساغ و سەلامەتی پاشای وڵات

**زێڕ پاشا:**

ـــــــــ گوایە سێ ڕۆژە میوانی ئێمەیی و نمەکتنەکردووین

**دەروێش:**

ـــــــــ بەڵێ پاشا، پەیمانی من وایە تاکو سەربردەی ئەم دەوڵەمەندییەت نەزانم نمەکتان نەکەم!

**زێڕ پاش:**

ـــــــــ مام دەروێش، تۆ پیاوێکی هەژارو گەڕیدەی، چیت لەم سەربردانەیە؟

**دەروێش:**

ـــــــــ پاشا ئەم سەرەی هێناومە بۆ ئەم مەبەستەیە!

**زێڕ پاشا:**

ـــــــــ وا بڕیارمدا سەربردەی خۆمت بە مەرجێك بۆ بگێڕمەوە

**دەروێش:**

ـــــــــ مەرجی پاشام لەسەر چاو

**زێڕ پاشا:**

ـــــــــ (بە دەست درێژ کردن) لەو شارەی ڕۆژهەلاتمان پیاوێکی جۆلا هەیە، سەربردەی ئەو جۆلایەم بۆ بێنە، منیش لەسەر بڕیاری خۆمم!

**دەروێش:**

ـــــــــ بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارت خوا حافیز

**زێڕ پاشا:**

ـــــــــ خوات لەگەڵ

**پیرەمێرد:**

ـــــــــ سەرتان نەێشێ، سەری دوژمنتان بێشی، دەروێش بەرەو شاری جۆلا کەوتە ڕێ، پرسیار بە پرسیار تا گەیشتە بەردوکانی جۆلا . . بێ ئەوەی جۆلا ئاگاداربێ، دەروێش سەیری کارکردنی جۆلای دەکرد، لە بەیانیەوە تا نزیکی ئێوارە کابرای جۆلا کاری چنینی دەکرد، لە دواییدا کارەکەی بەجێ هێشت و چووە ژێر دار هەنجیرەکەی بەرامبەر دوکان . . هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، هێندەی نەبرد بە دەستەکانی لەسەری خۆی داو بە باوکەڕۆ هاتەوە دوکانەکەیو دەستی کردە هەڵوەشاندنی ئەو جاجمەی کە لە بەیانیەوە خەریکی بوو! لە پاش ئەوەی جاجمەکەی هەنجن کرد، ئینجا دەرگای دوکانەکەی داخست‌ئاوڕێکی دواوەی دایەوە . .

جوڵا:

ـــــــ خێره دەروێش؟

دەروێش:

ـــــــ بەڵێ مام جوڵا میوانی تۆم!

جوڵا:

ـــــــ بەخێر بێی، بفەرمو بچینەوە ماڵ

پیرەمێرد:

ـــــــ دەروێش و جوڵا گەیشتنەوە ماڵ.. لە دوای بەخێرهاتن و پشودانێك سفرەی نان خواردنیان لە پێش دانراو جوڵایش فەرمووی نان خواردنی لە دەروێش کرد

دەروێش:

ـــــــ بەو خودای دەیپەرستین دەمی لێ نادەم!

جوڵا:

ـــــــ (بەسەر سوورمان) چ خێره؟ ئەم سوێندەی بۆ چیە؟

دەروێش:

ـــــــ کاتێ ئەو کارەی تۆم بینی ئاگر لە جەرگم هەڵگیرسا، ئەگەر هۆی ئەو رووداوەم بۆ باس نەکەی دڵۆپە ئاوێکیشتان ناخۆمەوە!

جوڵا:

ـــــــ بە مەرجێك

دەروێش:

ـــــــ فەرمو

جوڵا:

ـــــــ (بە دەست درێژ کردن) لەو شارەی رۆژهەڵاتمان، کابرایەکی زیندروو هەیە، سەربردەی ئەو پیاوەم بۆ بێنە.. منیش سەربردەی خۆمت بۆ دەگێرمەوە

پیرەمێرد:

ـــــــ لەسەر ئەو بەڵێنە، دەروێش دەستی کردە نان خواردن، بۆ سپێدە رووی کردە شاری زیندروو، کۆلان بە کۆلان تا گەیشتە بەردوکانی زیندروو، لە پاش بە خێرهاتن.. کابرا لە دروست کردن و نەخشکردنی زینی مورەسەع بەردەوام بوو.. تا کۆتایی پێ هێنا، ئنجا بەرەو گۆرستانەکەی بەرامبەر دوکانەکەی ڕایکردو لەسەر گۆڕێك بە باوکەڕۆ لە خودا دەپاڕایەوە! لە دوای ماوەیەك بە پەلە گەڕایەوە دوکانەکەی‌و بە چاکۆچێ ئەو زینەی دروستی کردبوو لەتی کرد!!

بەم جۆرە، بۆ ئێوارە دوکانەکەی داخست و لەگەڵ میوانەکەی بەرەوماڵ کشان، بە هەمان دەستور وەکو کابرای جوڵا نانی نەخواردو داوای گێرانەوەی سەربردەکەی لێ کرد، لەسەر ئەو بڕیارە پێك هاتن، کە دەروێش بچێتە سوار ڕەشی گا ڕەش، سەربردەی ئەو سوار ڕەشەی بۆ بێنێ.. کاتێ دەروێش گەیشتە شاری سوار ڕەش..

دەروێش:

ـــــــ کاکە گیان، لەم شارە نابەڵەدم بۆیە هەواڵی ماڵی سوار ڕەش دەکەم، ئەگەر شارەزایت پێ هەبێ؟

کابرا:

ـــــــ بەڵێ مام دەروێش، ماڵی ئەو پیاوەی لێی دەپرسی.. نازانم لە کوێیە، بەڵام هەموو رۆژێك لە دوای نیوەڕۆ دێتە ئەم گۆڕەپانە، گایە ڕەشەکەی سەردەبڕێ‌و گۆشتەکەی دابەش دەکات و پێستەکەی لەسەر یەك دادەنێتەوەو شوورە دارێك لە پێستەکە دەدات و گایەکە وەك جاران هەڵدەستێتەوە!! ئەویش سواری پشتی دەبێ‌و بەرەو ئەو شاخەی بەرامبەرمان دەڕوات.. بەڵام خوا دەزانێ لە چ شوێن دادەبەزێ؟!

پیرەمێرد:

ـــــــ هەروەك دەگێرنەوە.. بۆ ئێوارە مام دەروێشی گەڕیدە چووە کۆنە ئاشێك بۆ ئەوەی لێی بخەوێ، بەڵام ئەو پیاوەی هەواڵی سوار ڕەشی پێ گوت کەوتە دوای..

کابرا:

ـــــــ (بە پەشۆکاوی) مام دەروێش هەر کەسێك لەم کۆنە ئاشە بخەوێ ئەنجامی مردنە! جا تکام وایە تا شەو دانەشکاوە وەرە دەرەوە!

دەروێش:

ـــــــ (بە زەردە خەنەوە) دەروێشێکی وەك من، چۆن

لە کۆنە ئاش و مردنی کۆنە ئاش دەترسیٚ! سەرێکەو هێناومە.. گەڕانەوەی بۆ نیە!

**پیرەمێرد:**
ئەو شەوە مام دەروێش لە کۆنە ئاشیٚ مایەوە بە خۆزگەی رۆژ بوونەوە، بۆ ئەوەی دیمەنی سەر بڕینی گا ڕەش ببینیٚ، لە ناکاودا دوو پیاوی درێژ بە جل و بەرگێکی سپی لِیٚی وەژوور کەوتن.. هەر یەکەو شیرێکیان هەڵکێشاو بە دەنگێکی زۆر بەرزو ترسناك گوتیان: «کوڕە ئەتۆ چی؟»

**دەروێش:**
(لەسەر یەك پیٚ ڕاوەستاو زۆر بە مەردانە بەرانگاریان بوو) من منم! ئێوە چین؟

**دوو پیاوەکە:**
(بە پێکەنین) ئافەرین پیاوی مەرد، ئافەرین نێرە پیاو ،ئێمە خێر خوازین، فەرموو ئەم نامەیە بگرە!

**پیرەمێرد:**
کاتیٚ دوو پیاوەکە نامەکەیان دایە دەروێش لە کۆنە ئاش وەدەر کەوتن و دەروێشی گەڕیدەش لە کۆنە ئاشیٚ تێر خەو، بۆ بەیانی هاتە ناو شار.. تا دوایٚ نیوەڕۆ، ئنجا لەگەڵ خەڵکە بەرەو گۆڕە پانەکە ڕۆیشت، هێندەی نەبرد سوار ڕەشی گا ڕەش هات ـ کابرا چۆنی بۆ گێڕابەوە، هەمان دیمەن دووبارە کرایەوە ـ لەگەڵ ڕۆیشتنیٚ سوار ڕەش، مام دەروێش کەوتە دوایٚ.. دۆڵ بە دۆڵ، شاخ، تا گەیشتە نێو شاخ و شاخاتێکی کاکی بە کاکی، سوار ڕەش لە گایەکەی دابەزیی و لە دەرگای کۆشکێکی جوان و ڕەنگین چووە ژوورەوە، دەروێشیش لِیٚیان وەژوور کەوت..

**سوار ڕەش:**
ئەگەر مێوانی فەرموو دانیشە؟

**دەروێش:**
(دەچێتە ژوورەوە) بەڵیٚ مێوانم

**سوار ڕەش:**
بەخێر بیٚی

**دەروێش:**
خوا لە گوناهمان خۆشبیٚ، ئەم ئافرەتەی ڕاکشاوە چ خێرێتی؟

**سوار ڕەش:**
سەربردەی ئەم ئافرەتە زۆر سەیرە! لە کاتی خۆیدا ئەم خێزانەم خوێندەوار بوو، هەموو ڕۆژێك کتێبی دەخوێندەوە، ڕۆژێکیان کاغەزێکی دەخوێندەوە، قەڵەڕەشێکی بەدفەڕ کاغەزەکەی لیٚ فڕاند.. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا بەم جۆرەیە!! بۆیە منیش لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەموو ڕۆژێکی خوایی ئەم گایە سەر دەبڕم و گۆشتەکەی بەخێری ئەم دابەش دەکەم بەڵکو خودای ئاسمان بەزەیی پیٚ دێتەوەو چاکی دەکاتەوە

**پیرەمێرد:**
کاتیٚ دەروێش سەربردەکەی بیست.. دەستی بۆ باخەڵی بردو نامەکەی دەرهێناو دایە دەست ئافرەتەکە، بیٚ یەك و دوو هەڵسایەوەو دەستی بە خوێندنی نامەکە کرد، ـ وەك بڵیٚی بە درێژایی ژیانی نەخۆش نەکەوتوە!! ـ شادیو خۆشی کەوتە نێو ماڵی سوار ڕەشی گا ڕەش، بۆ بەیانی دەروێش بۆ شاری زیندروو گەڕایەوە، سەربردەی سوار ڕەشی بۆ گێڕایەوە.. ئەویش:

**زیندروو:**
لە کاتی خۆیدا دوو سیٚ پیاوم لە دەست زەڕ بوو، بە م هۆیەوە ماوەی بیستساڵێك بەند کرام، لە پاش ئەوەی ئەو ماوەیەم لە بەندیخانە بەسەر برد، گەڕامەوە ماڵ.. کاتیٚ لە خێزانەکەم وەژوور کەوتم بینیم پیاوێك لە گەڵ خێزانەکەم لەسەر یەك ڕایەخ نووستوە! مێشك لە سەرم دا نەما! بە خەنجەرێکی دەبان کەوتمە گیان کابراو لە خوێنم گەوزاند، کاتیٚ ژنەکەم وەئاگا هات، ئەم دیمەنە دڵ تەزێنەی بە چاوی خۆی بینی.. لەگەڵ قیژاندن و هاوار کردنی بۆ ڕوون بۆوە کە ئەوەی کوشتم! کوڕەکەی خۆم بووا! بۆیە لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەوە کارو پیشەمە زین دەدرووم زین دەشکێنم!

**پیرەمێرد:**

ـــــــــ لە پاش ئەوەی مام دەروێش بەشدار کردنی ئەو خەمە دڵگیرەی کردو سەرە خۆشی لێ کرد، بەرەو شاری جۆلاّ کەوتە ڕێ، کاتێ گەیشت.. جۆلاّ زۆر بە گەرمی پێشوازی کرد، ئینجا دەروێش سەربردەی زیندرووی بۆ باس کرد..

**جۆلاّ:**

ـــــــــ (هەناسەیەکی دوورو درێژی هەڵکێشا) بنەماڵەی ئێمە کارو پیشەمان جۆلاّیی یە، ڕۆژێکیان لەم دووکانەی خۆم کارم دەکرد، پێش ئەوەی دووکانەکەم دابخەم باڵندەیەك هاتە سەر ئەم دار هەنجیرەی پێش دووکانەکەم، منیش چوومە ژێر دارەکەو بە هەردوو دەستم قاچەکانیم گرت! باڵندەکە فڕاندمی، بڵند، بڵند تا شوێنێکی شاخاویو لە نێو کۆشك و تەلانێك و دارستانێکی یەکجار خۆشی دابەزاندم و باڵندەکەش بوو بە کچێکی جوان و نەشمیلانە (پەری)و گوتی:

**پەری:**

ـــــــــ جۆلاّ قسەیەکت پێ دەڵێم ئەگەر بە دڵت بوو ..ئەوە باشە، ئەگەر نا بۆ بەر دووکانەکەی خۆت دەگەڕێنمەوە؟

**منیش وتم فەرموو**

**پەری:**

ـــــــــ ئەم کۆشك و نوکەرو زێرو مەڕو ماڵاتەی بە چاوی خۆتی دەبینی، هەمووی مولکی منە، ئەگەر بڕیاری سۆز هەڵسانی وولاّت و منداڵی خۆت هەرگیزاو هەرگیز نەکەیتەوە، ئەوە مێرد ت پێ دەکەم.. من خاتوون و تۆ پاشای وولاّت!

**منیش وتم زۆر باشە**

**پەری:**

ـــــــــ پەیمان بێ؟

**منیش وتم پەیمانی پیاوان**

کاکە گیان بەم جۆرەم رابوارد، دوو منداڵیشم لە پەرە جوانێ بوو، بەلاّم شەوێکیان بەفرە کرێوەیەك بوو ئیللاّ ماشاللاّ، خەمێکی داگرتم هێندەی نەمابوو شەق بەرم!

**پەری:**

ـــــــــ سۆزی وولاّتە؟

**جۆلاّ:**

ـــــــــ پەرە جوان چیت لێ وەشارمەوە، خەمی منداڵەکانمە لەم بەفر بارینە!

برا گیان هێشتا قسەکانم کۆتایی نەهاتبوو خۆم لەبەر دوکانەکەم دۆزیەوە!! ئەو کەسبەی ئێستا دەکەم هەر وەك بە چاوی خۆت بینی، چاوەڕوانی ئەو باڵندەم...

دەروێش: کاکەی جۆلاّ خەم هەڵگرتنی بێ ناوی بەڵکو ئەو منداڵانەی ئێستات پێویستیان بە کۆمەك کردنی تۆ هەیە، ئێستاش ماڵت ئاوەدان بێ.. ڕێگام دوورە دەڕۆم..

**پیرەمێرد:**

ـــــــــ (بە زەردە خەنەوە دەست بۆ ڕیشە درێژەکەی دەبات) ئەبینێ کاتێ دەروێش گەیشتەوە وولاّتی زێڕ پاشا، بردرایە لای پاشاو بەخێر هاتنێکی گەرمی کردو ئەویش هەموو سەربردەکانی بۆ گێڕایەوە، پاشاش سەربردەی خۆیو کوڕە پاشای بۆ باس کرد! کاتێ ئاشکرا بوو کە ئەم پاشایەی کە بە زێڕ پاشا بە ناوبانگە، ئافرەتەو جلی پیاوانی دەبەرخۆ کردوە! حاتەمی تەیی خوازبێنی کردو بە زەماوەندێکی گەورە ئەو دوو خانەدانە بۆ یەکتر بوون و خەڵکی وولاّت و دەوروبەری لەو پەڕی کامەرانیدا دەژیان...

شەهیدان ئەمڕۆ لەنزاوەی یاشی ڕۆژن..

# هەر بژی دختور...

# وچەند تێبینی

○ عصمت محمد بدل ○

ل هەژمارا (97) تەممـوز 1984 ژ گۆڤارا بەیان چیرۆکەکا نڤیسەڤانێ هێژا (خالد حسین) بەلاڤ بویە بناڤ و نیشانێت «هەر بژی دختۆر» براستی دەمێ من خواندی گەلەك تێبینی ل نك من کۆم بوون ل سەر چیرۆکێ. .و من گەلەك پاش و پێشی کر هەتا من ئەڤ تێبینی یە لسەر کاغەزێ ریز کرین و پاشی بەلاڤ کرین، و ئەڤ بۆ ئە گەرێ گیرۆکرنێ کو دڤیا ژ پێش سالەکێ بەلاڤ ببا.

ل پێشیێ ئەم دێ ڤێ پسیارێ ژ خوە کەین، بێ گومان «هەر بژی دختۆر» کورتە چیرۆکا هونەری یە ئەڤ دیار دبت دەمێ مرۆڤ یان خوێندەڤا دنێرتێ برەنگەك سەرڤە سەرڤە، بەلێ پا مەرجێت کورتە چیرۆکێ تێدا هاتینە ب جھ ئینان؟.. و ئەڤ پسیارە..

پشتی کو من چیرۆك باش خواندی. .و من بێ کۆلکا هەلسەنگاندنا وێ کری من دیت گەلەك کێماسی تێدا هەنە.

کورتە چیروك بکورتی: هەژار مرۆڤەك رێنجبەر و هەژارە، کارێ وی تشتێ خەلکی دکێشت، ئەو و کورێ خوە (نزار) پێکڤە دژین ل ژورەکا خانی، کورێ وی نەخۆش دبت پشتی کۆسێ رۆژا خوارنێ ئا خوت ژ بەرکۆ بارانە و هەژار ناچتە کاری..

ل شەڤەکێ د بەتە نەخوشخانێ پشتی کو حالێ وی تم نەخوەش دبت و ل وێرێ دەمێ نۆژدار ژێ دخوازت بچت دەرمانا بکرت دچتە ژدەرڤە و دۆستەکێ دبینت (بێ ناڤ) لێ چ ئالیکاریێ بۆ ناکت پاشی نۆژدار دزانت و ئالیکاریا وی دکەت.

- سەیدا ڤان رویدانا دئینتە پێش چاڤ بگەلەك وێنەکرنا و پەسنا..

ب ڤان خالێن ژێری ئەم دێ بزاڤێ کەین ڤێ چیرۆکێ هەلسەنگینن و شروڤەکین.

1 ـ ل پێشیا چیرۆکێ ئەڤ وێنە دهێتە پێش چاڤ «ژورەکێ رەشە، شەڤە، ئودە طاری‌یە...» ئەرێ ما ژوور و ئودە ئێکن؟..

چیرۆك نڤیس مرۆڤی دبەتە مالەکا هەژار و ژ رەنگێ مالێ و پەسنا دنیایێ (الطقس)و با گوردانی.. مرۆڤ دبێژت ئەڤ گوندە لێ دەمێ هەژار کورێ خوە د هلگرت و د «کەتە کۆلانێ ل ڤێ کۆلانێ ل کۆلانا دی.. تا د گەهشت سەرێ جالدێ»[1]

ئانکو جادێ و ئەم دزانن کو جاد ب گشتی ل باژێرا هەنە ئانکو باژێرە و ئەڤ د هێتە چەسپاندن پشتی کو د «گەهشت بەر دەرێ خانیەکی هندە نڤیسین ل سەر دەرگەهی هاتی نڤیسین»و ئەڤ نەخۆش ـ خانە یە ل ڤێرێ مرۆڤ دێ بێژت باژێرە و دبت مالا هەژار ل تاخەك کەڤنە ل ئالیێ باژێری لێ ل دیماهیێ دەمێ کو هەژار ژنك نۆژدارێ رادبت دەستێ نزاری دگرت و دبێژتێ «گەلە مرۆڤ وێ لبەر دەرگەهی ئەو ژی وەکە مە هەر ڤی شار و گوندینە...»

ل ڤێرێ مە نزانی کا شارە یان گوندە..

2 ـ بۆ مە دیار دبت کو هەژار تشتێت خەلکی دکێشت و ئەڤ کارە ل رۆژێت ساهی و بێ بارانە، لێ ئەم دزانن کو مێری ژی ل هاڤینێ قوتێ خوە دکێشت کونێت خوە ڤە و کۆم دکەت بۆ زڤستانێ، ما ئەڤ مرۆڤە رۆژا شول دکەت هەمیێ د خوەت چەوا پرتەك نانی ب دەست نە کەفتیە بدەتە کورێ خوە یێ نەساخ کۆ ئەو سێ رۆژە چ نە خواریە.. ئەڤ ژی دویرە.

3 ـ دەمێ هەژار چۆیە د نەخوشخانێ ڤە، ئەرێ ما کەسەك ل وارا نە بو؟ بەلی «هندەك مرۆڤ د راوستای بوون» ما کەسەکێ گوهـ لێ نە دا و نە گۆتن ئەڤی مرۆڤی خێرە؟ پاشی ل وارا گەریا ئەڤ دەرگەهە دەرگەهێ دی هەتا گەهشتیە دەرگەهێ شین، ئەرێ بۆچی دەرگەهێ نۆژداری تێ شینە؟ ئەڤ پاسایە ل کیدێ هەیە؟ و پشتی هنگی پەسنا تە بو ئەو مرۆڤێ ل بەر دەرگەهی و نۆژداری. هەمو زیدەیە و چ مفا نینە بو ئارمانجا چیرۆکێ.

4 ـ هەژارا گەشت بەر دەرێ نۆژداری و دڤێ بیڤێ دا بیرەك هاتە بیرێ «بەری چەند سالا.. هشتا خورت....» چۆبو دارا و بڤرەك ل پێ خوە دا بو..و سەیدا ب درێژی بەحسی دکەت چەوا بارێ وی نێزیك بیو کو درست بت ئەو دارە دیت و گوتی:

«گەر ئەز بشێم ڤی داری بکەلێشم وێ بارێ دارێت من ژێ دەرکەڤە» و چەوا بڤر ل پێ خوەدا و ل کەری سویار بو و..هتد ..من دڤێت بێژم کو دبت بیرەك هۆسا بێت بیدا مرۆڤی لدەراڤەك هۆسا و دبت گەلەك بیرهاتن بێنە بیرا هەژاری لێپا دبت هەموان بدارێژن.. هەلبەت نەء چنکو چ هاڤلی و گرێدان بئارمانجا مە پاسەرەکی ڤە نینن یا ئەم ژ بو چیرۆکێ د نڤیسن و ئەڤ بیرهاتنا هەژاری هەمو زیدەیە

5 ـ نۆژداری ژ هەژاری خواست بچت دەرمانا بکرت لێپا هەژاری پارە نینن و ئەز دبێژم د ناڤ نەخوشخانێ دە دەرمانخانە هەیە ئەڤە و ئەم دزانن کو نەخوشیا نزاری نەگەلەك بڤڤەیە چنکو ل دیماهیێ رادبت د گەل بابێ خوە ددەرکەڤت ب پیا، پشتی هنگی ل دەمێ هەژار دەرکەفتیە بەر دەرگەهی و هەڤالێ خوە دیتی..و دەمێ دیتی پارە ل دەستی دا بوون.. ژ بەر چ؟

دیارە کو سەیدای وە لێ کریە کو پارە ل دەستی دا بن دا هەژار بزانن کو ئەڤە درەوادکەت دەمێ گوتی: من پارە نینن.. لێ چ ئەگەر نینن کو بێ ناڤ پارا بکتە دەستێ خوەدا مرۆڤ پارا د کە تە د بەریکا خوەدا.

6 ـ ل دیماهیێ دەمێ کو نزار رادبتە سەر خوە هەژار دەستێ کورێ خوە دگرت و دبێژت:

«کورێ من دێ رابە مە ئەڤ جامێرە بخوەڤە گیرو کر و وی کارێ خوە وێ هەی گەلەك مرۆڤ وێ لبەر دەرگەهی ئەو ژی وەکە مە هەر ژ ڤی شار و گوندینە...»

ئەم د زانن دنیا شەڤە و ئەگەر بشەڤێ «گەلەك مرۆڤ»

بهێنه خەستی پا دێ ب ڕۆژێ چەند ئێن. . ژ هەژی گوتنێ یەکو سەیدای بەری نوکه گوتی یە «هندەك مرۆڤ دراوستای بوون» و ئەز دبێژم جوداهیەك مەزن هەیە د نیڤا پەیڤا (گەلەك) و (هندەك)

7 ـ دەمێ نۆژدار حەپکا د دەتێ یا زێدەیە ب درێژی ڕەنگێ حەپکا دیار بکەی و هەروەسا ڕێکا خوارنا حەپکا ژی دەست نیشان بکەی چنکو مە بەست دەرمان دانه و ساخ بونه. .

8 ـ سەیدایێ هێژا ل سەر گرفتاریەکێ ئاخفتیه کو هەژاری یە لێ مخابن درهـ و ریشالێت ڤێ گرفتاریا هند یا گرنگ نەچۆیە خوار و ئەگەر کریە ژیان و ئەڤ بۆ مە دیار دبت دەمێ نۆژدار گازندا ژ ژیانێ د کەت «ئەی ژیان تو چەندا بێ بەختی . . چ ئۆل تە نە بی یە و تە نابە ئەڤ مرۆڤێ هە چ ل تە کر یە و دێ چی ل تە کەت تە ئەڤ بسەری ئانی یە. . ئەرێ برچی هاتی یە دا کو دەم بۆ دەمی و گاف بۆ گافێ پێ بکەنی. .» و بڤێ ئاوایی گەلەك گازندێت دی ژی ژێ دکەت وکەته ئەگەرێ هەمی تشتی. . باشه ژیان چ یە؟ ما ژیان نە هەر ژیانه؟ و مرۆڤن د هێنە گو هۆرین و دبنه ئەگەرێت هەمی تشتی وەکو هۆزانڤانەکێ کورد بێ هەڤچەرخ دبێژت «هەر مرۆڤه . . هشتا خانیکێ وی گۆڤه بارگیرێ ئاغا و بەگانه. . . هەر مرۆڤه . . . هێژ ئەژ دەها لێ خودانه. . .» و دیت چیرۆك نڤیسی مە بەستەکا دی د ژیانێ را هەبت. . .

دێ هێنه سەر چارەسەرکرنا ڤێ گرفتاریێ.

هێژای ب کوژیەکی تەنگ بەرێ خودایه ڤێ گرفتاریێ. . و نێرایه ڤی بابەتی دکەسێ هەژار دا و گرفتاریا ڤێ کەسی چارەسەرکریە ل دەمێ کو نۆژداری پێنج دیناری سور داێ و گۆتێ کو بهێت ڤە گەر هەوجە بو. . و بمن گرفتاریا هەژار ژی چارەسەر نەبویە ژ بەرکو هەمو دەما هەوجەیە چنکو فلسێ سور نا هلگرت بو ڕۆژا ڕەش.

پێتڤی بو بۆ کارەك ریتبا یان تشتەکێ دی.

9 ـ کورته چیرۆك و ێنه کرنەکە بۆ گاڤەکا دەست نیشان کری ل ژینا کەسەکی یان ڕاوستیانەکێ نڤیسەر ڕۆناهیەکێ تنێ دهاڤێژن و ل کوژیەکی د نێرتێ .و هەمی رویدان و هەلکەفتن و وێنه بهەڤ دو ڤه گرێدانه و بئارمانجا سەرەکی ڤه د گرێدانه هەروەسا دڤیا ئەگەر و پالڤەدان ژی بو هەبت کو ئەڤ تشته چێبت. . باشه مە زانی ئەڤ ماله هەژاره لێ نزانی بوچی کانێ دایکا نزار چ کەس و کار نینن. . ئەڤ هەمی پسیاره دمینن هلا ویستی. .

ناڤێ چیرۆکێ (هەر بژی دختوره) و چیرۆك ل سەر هەژاریێ یە. . و (نقطة التنویر) کو ئەم دشێن پارچا دیماهیێ بهەژمێرن نقطه التنویره ل دەمێ هەژار دەستێ نزاری د گرت و دبێژتێ یان ژی دبت نڤیسەر بخوه دبێژت «خودێ ئەڤ دختوره بێ دای مرۆڤ و بێناڤ ژی مرۆڤه بناڤی وێ لناڤا مروڤا».

ئەڤه (نقطة التنویره) لسەر مروڤێ بێ سوز و خرابه و مروڤێ دلسوز. .و ڤی تشتی چ هاقلی نینه د گەل بابەتێ مە (هەژاری). .

10 ـ ل سەر شێوێ چیرۆکێ سەیدای بزاڤ کریه لسەر زاراڤێ بوتانی بنڤیست و ئەڤ کاره هێژایه. . لێ مخابنی گەلەك (اسهاب)د شێوی دا هەیه و گەلەك پەسن و وێنه دزیدەنه وەکو پەسنا هەژار دەمێ ژ بانی دهێته خوار و پێسترکا شکەستی و وەکی ژوورا وی دەمێ بانا دگێرن لێ ئەڤ وێنه ئەم دشێن بێژن د جوانن گەر چ دزیدەنه ژی.

ل دیماهیێ دێ بێژن ئەگەر هندەك جەوتی یێت ئەرمانی و (تعبیری) وەکو (ژ ورەکی) کویادرست (ژوور) وەکو (سنگەکێ طەنگ) کو سنك زراڤن نە دتەنگن وبێنا گران ولێ ئەڤ نە گرنگن لبەر بابەتێ چیرۆکێ و ئالێ (فنی) ژ چیرۆکێ ل دیماهیێ هویڤی دارم ئەڤ رەخنا من رەخنەکا ئاڤا کەر بت و شیا بت ڤێ چیرۆکێ بشاوایەك زانستی بهەلسەنگێنت و داخوازا لێ بورینێ دکەم گەر کێماسیەك تێدا هەبت.

(1) د چاپێ دە (جالد) هاتیه و ئەز نزانم (جادە) بویه (جالد) یان هەر (جالدە) وهەر ڤێ ڕامانێ ددەت



# چەند حەیرانۆك ژفولكلۆرێ كوردی

**• سعید حسین بروارى •**

ئەگەر ئەم باش بەرێ خوبدەینە فولكلۆرێ كوردی دێ بینین گەلەك یێ مشەیەو بەلاڤە بەلێ هێشتاهەمی نەهاتیە ڤەكۆلێنخستن و بسەخبێركرن چ حەیرانۆك بن یان سترانێت شاهی و دیلانابن یان سەرهاتی و مەتەلۆك بن... هتد ئو مخابن گەلەك ژی یێ هاتیە بەرزەكرن چونكی لسەر دەڤێ خەلكێ ئاتنە گوتن و ژبەركرن ئو چ چاپكرن. ژی نەبویە هندەك ژوان كەسان بچونا چەرخ و زەمانافە داژبیركەن و هندەك ژی دەمێ دچونە بەر دلوڤانیا خودێ داوان ژی دگەل خوبەن... ڤیجا ئەز دبینم بێتڤی یە ئەم هەمی كورێت ملەتێ كورد دەست پاڤێینە پێنوس و كاغەزا ئوڤی بەرهەمێ ملەتێ مەیێ بنرخ ڤەكێنخین و چاڤدێریەكا مەزن بدەینێدا ملەتێ مەژی هێدی‌هێدی بەریف پێشی‌ڤە بچیت و بگەهیتەرێزا ملەتێت جیهانێ... ئەڤ رەنگێ خارێ‌ژی چەند حەیرانۆكەكن بوخوێندە ڤانێت هێژا دكەمە دیاری...



سەرهەلزو کەڤینە
کەر بەرخك ڤێدا تێنە
ئەنی‌و برهێت مامێ‌نە

بەژن و بالێت خالێ‌نە

★ ——— ★

سەرهەلزو بن هەلز
لاوکێ منەیێ سەر بنێرگز

★ ——— ★

کورو کورو کورێلە
سەرێت ڕیانەکێلە
دێ‌لتەهێن ڕهـ و سنبێلە

★ ——— ★

کورکی ژ دەرڤە نەهێلن
کچکێت خەلکێ دبێ ڤێلن
دێ‌کورکی بخویەن ڤەشێرن

★ ——— ★

تویێ جانی بێ‌جانی
ترێێ مێوا سەدانی
گوری تەبن سەیرانی

★ ——— ★

مەرگێ دایێ‌و داپیرێ

سفرا لبانێ جزیرێ
کورکێ تێت و ژنێچیرێ

★ ——— ★

مەرگێ دایێ‌و خالەتێ
سفرا لبانێ دەولەتێ
کورکێ تێت و ژ داوەتێ

★ ——— ★

خودێ ووم ژنە منەتە
تەدامن سەرێ بدەولەتە
تەنەدا چ ژن و حورمەتە

تو هندکی هندکی — داب م نەمینن تەحلی‌و زەحمەتە

★ ——— ★

ترێێ مێوا زەرکی — خودێ ووتەیێ دایی
گوری تەبن گوندکی — سەرێ وی دزێری هلنایی
سەبرێ مەیێ بێ ئینایی — کیسکێ ڤوتنی‌یێ دبەر شیتکێ‌وو

★ ——— ★

چوم دەری دەرڤە نەبو — ڤاویشا زێری دپشتێ‌وو
چوم پەنجەرێ ڕێ‌تێ نەبو چاڤێ دوتمامێ بێ‌لێ‌وو
مراد من و کورکێ دەلال
حاسل نەبو

خودێ‌وو چ ژێ تێ‌وو

★ ——— ★ — ★ ——— ★

ڕێکا ڕەزا ڕێکا مەیە — عەلیك و میرا هەردوو کانێنە
ترێێ ڕەزا بالە تەیە — ئێکاتە حلەو ئێکا شرینە
ڤەولێ من و لاوکێ دەلال — من عەلی نیاسی بکیسك و ڤەلینە

★ ——— ★

ئەڤ هەیڤکا لسەر مەیە — عەلیك و میرائێت و ژهەبلێرێ

★ ——— ★

کێ گەنم کێ گەنم گێرا — کیسکێ ڤوتنی‌یە باسکێ کنێرێ
دورێت ڤاگوندو باژێرا — من عەلی نیاسی لبن دارا بێرێ

★ ——— ★

لاوکێ‌م تێت وشەش خولام — عەلیك و میرائێت و ژ بەربنی
ڤێرا
سەرسینگێ‌م ژی هرمێنا — کیسکێ ڤوتنی‌یە تێتاهنجنی
زێرا

★ ——— ★

چ دارە لسەر گەرێ‌وو — من عەلی نیاسێ توخو لامێ منی

★ ——— ★

ئەو کی‌یە ژ وێڤە تێ‌وو — عەلیك و میرائێت و ژ بەر شەتی
لاوکێ منە ژ ێڤە تێ‌وو — کیسکێ ڤوتنی‌یە تێتنا شەربەتی
من عەلی نیاسی وەختێ ئەوکەتی




# هیڤیا من

غازی ئاکرەیی

دروشمێن
چاڤێت دلبەرا من
ئەو هیڤییت
دناڤ دلێ من
کانێ ساریژ
بکت کولێن من
ژناڤ دەریا
ڤێ ئەڤینێ
لێمشت و
زڤرۆکا دور تینێ
لەو ئەزو جانا
خو کەفتنێ
ئەو نەخشێت
من و وێ داناى
بو سەر وی مافورێ
دا داى
ژ بو سەر کەفتنێ

بێ دامای دامای
ئیرو ڤەماین
ئەم دل پڕ ژکولین
کا جارەکادی جان

بشکڤین
بزاڤێ بکەین
نێ خودان ڕەڤین
لێیا شەمالکێت مە
نەڤە مرین
نەڤە مرین
دێ هەر مینین دێ هەر مینین
دێ هەر بینین
دێ هەر بینین

# تەمەن

- سەباح ڕەنجدەر -

هەتاوی زەرد دەمسووتێنێو
لەپێك سێبەری فێنکم دەسناکەوێ
تا ئانیشکی سەرخەوێ دەم
گەواڵەی گریەی ئارەقەش
داو داو تووکی سینگی کوتام
وژەی گەڕاپیچەی شێتیش
داوەڵی پشتەوشکێن کرد
کولەش قەدی گوڵەگە نمی چەماندەوە
هێرووی شەنگیش چ لاسکی کەسکی هەیە
ڕەگی ڕەشبوو نووشتایەوە
ئاسمان دەمی چەقۆی چاڵی ڕێکهێناوە
شایی بە ئەستێران بەردا
چاوەڕێتم
شەو دەمامکی بکاتەوەو
ئەستێرەکان
پێرو تەرازوو بە بووکبەن
تەدارەکی شایی سازکەن
بەڵام کە دەتبینم نامۆیت
من دەمەوێ
بەهار باڵا لە خوناو گرێ
بە فریکی ئەستووری کۆستێ
درزی بینینی بەستوومە
چاوەڕێمە
فرمێسکی تەمەنی برژێ
حەزم لێیە
کێشکە دوور لەچاوی واشە هەناسەدات
من دەمەوێ
ناڵەی چەمێ
دڵنەوایی ئاشقە وێکنە گەیوەکان بداتەوە
ئەو ئاشقانەی لە کەناری گۆڕی مەرگا
بێشکەی ژیان دەهەژێنن
من دەمەوێ
تریفەو ڕووبارو هەور
باران و کەنارو بەفر
هەموو شتی سروشتی بەنگین
بین بەسەر جۆیی‌کێشی مرۆڤ و ژیان
گەروانەبێ
دەنا یاسای سرووشت بێ‌شك
ئاوەژووی ڕووی هەموومانە

★ ★ ★

دەمەو بەهارێکی ووشك
داڵم بینی
چنگی برسی لەناخی دێبەری برین گیر کردبوو
ڕەگی تینووی زیوانی زریشم بینی
دواقومی ئاوی وەستاوی
چاڵی چاوی خەتە جووتەکانی مژی
تارای مەرگی
خۆی لە باڵای گوڵەگەنمدا وەرهێناو
چەکەرەی تەمەنی کورت کرد
گڤەی هوڕەش
ڕێی زەنوێر گەڕی ڕیش سپی تەماوی کرد
بەڵام ئیمڕۆ
تارای سووری بووکی بەفر
لە دێی ئەودیو سەرەی شیرین
هەڵدرایەوە
سۆزە بریندارەکانم بانگم دەکەن




بەدوایان دێم
تائەوکاتەی ئەستێرەی هەستم لەناخی
ئاسمانی گەشدا وون‌دەبێ
کەچی هەردێم
تاخۆم لەناخی دڵی تۆ دەدۆزمەوە
وونبوونی من
رەنگی تیشکی بۆ گەرووی شەو هەڵگرتووە
چاوەڕێتم
لە یەکەم دیداری زیندووت
وپەل و پۆی خۆم
لەئاونگی کنێراندا وەردەم وە
خۆری کارت بۆ دادەگرم
مۆسیقای شەوی تەنیاییم
کوڕژنی ئەسپە شێتی رەوهانە
دێیت و هەروەکو قوڵینگە و باز
لەبەردەمی ئەشقی پیرۆز سەما دەکەیت
لە سۆراغی گەردوونی مات و مەلوولم
هەگبەی دیوانەم لە کۆڵە
موچرکی ساتەکانی دڵنیایی
بۆتە حەوز دواژێی کسپەو خولیام.

## شیعری ئۆرخان وەلی

وەرگێرانی ـ محسن احمد عمر
لە تورکی‌یەوە

1 ـ سێیەرم
ئەوەندەی بەدوای خۆم ڕابکێشم، پەست بووم.
ساڵانێکە لە دەورەی پێیەکانمە
با کەمێك لەم دونیایە بژیم.
ئەویش بە تەنیا بۆخۆی
★ ★ ★

2 ـ کۆچ
لە پەنجەرەکەیەوە لەنگە ر گاکانی دەبینی
زەنگی کەنیسەکانیش بێ بچران دەنگیان دەهات
لە ناو پێخەفەکەی گوێی لە دەنگی شەمەندە
ـ فەر دەبوو.
لە کاتێك . . . ساتیکی‌تر، لە شەوان
کیژێکی خۆشویست،
کە لە باڵەخانەکەی بەرامبەری دەژیا.
لەبەر ئەم هۆیانە ئەوی‌ی بەجێ هێشت

پارچە شیعر

اسماعیل أنور شفیق

## 1 ـ لیکدانەوە

هێشتا
خامۆشیەکی یەگجار زۆر
بەرووی گەردوونەوە دیارە
باخۆم شیعر خنکێن کەم
ژنێکی میهرەبان
ئەو جەنجاڵیەم بۆناو دێر دەکا
[نووستنی ئەزەلی، دونیایێ پڕ لە سوراتیەکی تۆخ]
کیژێ
جێو بالینگانی جێ دەهێڵێ
وەکو هەموو ناکۆکیەکان تێم بڕوانە
ئەی نزیکترین کەسم
چەند لێمەوە دووری
وا هەموو بوون
بۆتە تۆپەڵی لە میهرەبانی تۆ
ئەی ئادەمیزادی ئاڵوو دەبیم
با ڕابکشێین
چۆنیەتی جێ هێشتن و فڕینت، فێردەکەم
ڕۆژ لە جاران زەردترە

## 2 ـ بەرەو ناخ

ئەو سنوورەی
وا لە نێوانی ئەشقی بێهودەیی و
مژینی هەتا سەردایە، کۆچە
شێتی یە
هاری یە



بۆ شارێکی تر کۆچی کرد.

★ ★ ★

ئێستا لە پەنجەرەکەیەوە، بەدرێژایی کەنداوەکە
درەختی بی دەبینێ
بەرۆژان باران دەبارێ
بە شەوانیش مانگ دەردەکەوێ
بازارێك لەم گۆرەپانەی بەرامبەر هەیە
لەبەر ئەوە بیر لە شتێك دەکاتەوە
لە سەفەر
یا لە پارە
یا.. لە نامە.

3 ـ چۆلەکەو پەڵەهەور
مامەی چۆلەکە فرۆش
چۆلەکەشمان هەیە!
درەختمان هەیە
لاتە پەڵە هەورێکمان بفرۆشیتێ؟
تەنیا پەڵە هەورێك..
بەنرخی سەد لیرە.



# ئەڤین

- حسن تەنیا -

ئەشمیلەکەم
کاتێ هەموو ئازارەکان..
هەموو قین و پەشم و ڕقی
جل خوارەکان..
لەناو دڵاجۆش ئەسێنن،
شاڵاوی مەرگ بۆ شالووری
دەروونی پڕ خۆشەویستیم
هەربە هەڵمەت بۆ دەهێنن..
کاتێ ڕۆژگار لە ئاخەوە
بەسەر سەری مات و وورِما
ئەگرمێنێ..
لەکاتێکا ئەنجومەنی هەموو چەقۆو
سەر بڕەکان
تەووژمی تین بۆ جەستەی من
بە وەك گڕ بەگور بۆمن دێنن
ئەهامەتی ئەبارێنن
ئەو ساکە من لەجوانیتا لەناو یادی نیاتیتا
ئەتوێمەوە...
بەناوی بەرزی تۆ سەد سڵاوات

ئەو پەری هۆشە
برینی قووڵی لارانە
ئەمڕۆ.. سبەی.. بەرەو دواگۆڕ
بۆنت دەکەم
ئەی عەتری بەخشش و
لەزەتی بوورانەوە
ڕەشەبای کۆچبارێن، ڕاپێچمان دەدات
ئەمشەوە دەبینە هەڵم
سبەینێ بەسەر پنجە نێرگزانەوە گیر دەخۆین
بەرەوناخ
بەرەو..
ئارامگای هەمیشەیی

ئەخوێنم وا . . .
ئەژییمەوە
ووردیلەکەم
کاتێ باڵی ڕەشی شەوگار . .
دەبێتە گۆڕ
تەسک، تاریك، پڕ لەئازار . .
لەکاتێکاکە مێردەزمەی ناهەموار
تاسێنەری ژین و
بەهار . .
نەخشەی پیسی
تاوانێکی تری دژوار . .
دەخاتەکار . .
لە کاتێکاوە یشوومەی مەرگ
هەموو خواستە پیرۆزەکان
ئەتاسێنێ . .
لە کاتێکا ئەهریمەنی ڕووگرژو مۆن
گشت خواوەندان ئەتارێنێ . .
کاتێ هێزی چەپەڵی شەڕ
گڕی ڕقین و ئازارو کۆست
بەسەر هەموو خێر خواهانا
ئەبارێنێ .
ئاتەوکاتە تەنیایی من لە سەنگەری
خۆشەویستی چاوەکانتا
هەموو ژین و خەڵك وزەمین
ئەلاوێنێ . .
کوێرایی مەرگ لە ناو دیدەی
ناحەزانا .
ئەچە سپێنێ .

---

خنجیلەکەم
کەمن بەندی جادووی گەرمی
زەردە خەنەی پڕ لە شەرمی



جوانیەکەت بم . .
کە من ماسی‌ی گۆمی مەنگی
ناونشێوی شۆخ و شەنگی
سنگەکەت بم . .
کەمن وێڵی چۆڵ و هەردی
تاڵی خاوی قژی زەردی
پرچەکەت بم . .
کەمن کۆیلەو شەیدایەکەی
گشت جوانی‌یە بێ هاوتاکەی
وێنەکەت بم . .
کە من مەستی ناو ئامێزی
گەرم و گوڕی سەرپەرێزی
دلەکەت بم . .
ئیتر هێزی گشت ناحەزان
لە کونگرەی پڕ تاوانی . .
ئەندێشەو ژان




هەرچی بڵێن من بێباکم..
چ پرسیارێ..؟
چ پرسیارێ..؟
هێشتا، هێشتا
من بەهێزی ژیان بەخشی
جوانیەکەی تۆ..
هەرسوار چاکم..
هەرشەیداکەی
ئەڤینەکەی
ئاووخاکم..
هەر سوێند خۆری
بە ئەمەکی..
دڵداری یەکی...
جوان و پاکم..
لەپێناوی کامەرانی..
نیشتمانی دڵی تۆدا
هەموی ئەکەم بە قوربانی..
گیانی خۆم و
داك و...
باب و...
خوشك و..
کاکم..

# خەوی سوور

شیعری دڵشادی عومەرکاکی
1984 سلێمانی

شەوێکی درێژ ئەخەوتم
وەکو نمەی سەر پەلکەگیا
وەکو هەوری دەم ڕەشەبا
ئەلەکەوتم
ئەلەسرەوتم
تۆرێگا بووی
من هەنگاوی کورت و درێژ
تۆهیوا بووی
من برینی پڕ سوێ و سارێژ
من لەنێو زیندە خەوا بووم
تۆ لوتکە بووی
من دەوەنێکی بن چیا
بەفرێکی ڕوولە کوێستان بووی
من درەختێکی بێ گەڵا
کاتێ کە بەئاگاهاتم
لەسوچی ژوورەکەی خۆمدا
لێی کەوتبووم

بەدەم ئاسۆی خەوێکەوە
نە بەئاگام و نەخەو تووم
لەودەمەدا
وەنەوزێکی عومری شەوبووم
لەوشەوەدا
بەندێکی نێو زیندەخەوی
سەردەمێکی عومری ئەوبووم

★ ★ ★

ئا ئەوەتا کورتەی تەمەنی خۆش ویستن
ئائەوەتا
ئەوپەڕی هانابۆ بردن
تۆ خۆت لەخەوی شیرین دای
دەزولەیەك لەخوێنی چاوی ئەستێرەت
ڕژاندوتە هەر دوو چاوم
تۆ خۆت پەنای
ئێستاوا ڕوولەمن دەنێی
شەوانە وەك بارانێك وای
تك . . تك دەتکێیتە هەناوم

★ ★ ★

ئەگەر خورپە یەکی بۆمن
ئەگەر دووری
تۆهەمیشە
باڵایەکی بۆ شەوی من
هاودەمێکی «خەوی سووری»
بەڵام ئاخۆ
هەتاکەی بۆ
لای تۆمن چیم
ئاخۆ لە نیگای شەوێکتا
یالەدیدەنی خەوێکتا
من هەم یان نیم.

- - -



# راپـۆرتی هەولێـر دیـداری شانۆی کوردیو.. هەنگاو

- شێرزاد عبدالرحمن -





سازکـردنی دیـداری شانـۆ، لە سەرووی هەموو ئەو چالاکی‌یـانـە دێت کە لەم ماوەیـەدا لە شاری هەولـێـر سازکراون، بایەخی بەستنی ئەم دیدارە، هەر تەنیا لەوەدا نەبـوو، کە یەکـەم «هـەنگـاو» بوو لە بواری شانـۆو دەرگـا کردنـەوە لە رووی گەلـێـك باس و لێ کۆڵـیـنـەوەی هەمەرەنگ بە شانۆو پاشە رۆژی شانۆی کوردی، بەڵکو، بووەکـەرنـە ڤاڵێکی شیـرینی هونـەریو بەیـەك گەیشتنی هونەرمەندان و بەردی بناغە بۆ ئاواتی گەورەتر...

لە رۆژی یەکـەمی دیدارەکـە، کە دەزگـای رۆشنبیری وبـڵاوکـردنـەوەی کوردی بۆماوەی (٥) رۆژ لە سەریەك بە چاوەدێـری بەرێـز یحـی جاف سەرەکی ئەنجـومـەنی راپـەڕانـدن سازی‌کـرد، بەرێز مامـۆستـا مصلح جەلالی بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگا وتەیەکی خوێندەوە کە تیایدا بە شێوەیەکی تێروتەسەل دەربارەی بایەخی هونەری شانۆو شانـوگـەری دوا لە ژیـانی کـۆمـەڵداو ئەو رۆڵە بەرفراوانەی روون کردەوە کە شانـۆ بۆ مرۆڤ و خۆشبـەختی مرۆڤ و ژیان دەیگێڕێ... پاشان باری تیپە هونەرییەکان لە نێوان دوێنێو ئەمرۆدا کە لە ئەنجامی بایـەخ دانی فراوان بەرەو گه شانەوە رۆیشتوە، سازکردنی دیدارەکەش، نموونەیەکی راستی ئەوە دەگـەیـەنێ کە دەزگـای رۆشنـبیـریو بڵاوکـردنەوەی کوردی درێغی نە کردووە لە بایـەخ دان بە شانـۆو پاشـە رۆژی شانـۆی کوردی، هەروەکـو بەرێـزی روونی کردەوە کە چاپکـراوەکـانی دەزگـاکـەمـان چ وەکـو کتێب، چ وەکـو گۆڤـارو رۆژنـامـەی دەزگـا بایـەخێکی









تەواویـــان داوەتـــە بڵاوکـــردنـــەوەی بابـــەت و دەقـــە شانۆییەکان و، هیوای ئەوەی خواست کە هونەرمەندان بە هاوکاری و خۆشەویستی داهێنان شانۆی کوردی بەرەو پاشەڕۆژێکی گەشتر بەرن.

جگـە لە وتـە کەی بەڕێز مامۆستا مصلح جەلالی، چەنـدان وتـار لە ڕۆژی یەکـەمی دیدارەکە خوێندرانەوە، لەوانـەش، وتـەی ئەمیندارێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان کە مامۆستا محمد محي الدين خوێندیەوەو تیایدا دەستی ڕێزگرتنی لەو هە نگاوە پیرۆزە نا کە دەبێتە مایەی دروست بوونی خۆزگـەو ئاواتی چاکتـر، هەروەهـا وتـەی یەکێتی نووسـەرانی کورد کە مامۆستا سعید یحیێ خوێندیەوەو وتـەی نەقابـەی هونەرمەندان و کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کوردو تیپی هونەری هەولێر.

## لە ڕۆژانی دیدارەکەدا...

هەر لە ڕۆژی یەکـەمی دیـدارەوە، تا کۆتـایی هاتنی، کۆمـەڵێکی زۆر لە هونـەرمـە ندو نووسـەرو ڕۆشنبیران ئامادەبوون، کۆبونەوەی خەڵکی لە دەوری دیدارەکە یەکێك بوو لە دیـاردە ڕێ خۆشکـەرەکـانی دیـدارو بنـاغە دانان بۆ خەونی گەشتر...

لە ڕۆژی یەکـەمی دیـدار، مامۆستا خلیل بابە کریم باسێکی بە ناوونیشـــانی «ئـەکتـەرو هونـەری نوانـــدن» خوێندەوە، دوای ئەوەی مامۆستا زامدار دیدارەکەی کردەوە بە ووشەی بەخێرهاتن و خۆشەویستی بۆ هەمووان..

دوای ئەوە، هەردوو خوشك دڵپاك تایەرو شلێر ئەحمەد هاتنە سەر شانۆ... شلێرخان باسی بەرهەمە شانۆییەکانی خۆی کردو بە درێژی هۆو ئەنجامـەکانی دوورە پەرێزی ئافـرەتی ڕووون کردەوە لە بواری شانـۆو شانۆگـەریدا، دەستی گوناهبـاری بۆ کۆمـەڵ برد، کەرێی گەشـانـەوە لە خونچـەکـانی هونـەر دەگـرن و دەیـان ژاکێنن... لە پاڵ ئەمیشدا گفتوگۆی والا کرا دەربارەی کێشەی ئافرەت.

دوای ئەوە، کاك ابـراهـیـم حکیم - باسێکی بە ناوونیشانی «ئەرشیفی تیپی شانۆی لادێ» خوێندەوە، کە تیایدا بەدرێژی لەو ڕۆڵە کاریگەرە دوواکە تیپی هونەری لادێ لە ماوەی ساڵانی کارکـردنیدا نوانـدوویـەتی، لەمـەشـدا، چەنـدان بەرهـەمی بە نمـوونـە هێنایەوە کە بە لگـەی ئەم تیپـەیـەو کۆششی ڕاستـەوخـۆی هونـەرمەندانی







تیایدا پەنجەی خستە سەر دیارترین ئەو گیروگرفت و کێشانەی کە شانۆی کوردیمان بە دەستیەوە دە ناڵێت، بە تایبەتی لە رووی قات وقڕی دەق و هۆڵ و ئافرەت و جەماوەرو هەموو لایەنەکانی تری کاری شانۆیی..

ئەنجا نۆرە هاتەسەر دڵپاك تایەرو بە ناوی «ئافرەت و شانۆ»وە بابەتێکی پێش کەش کرد کە لە ئاوردانەوەیەکی ئەرشیفی، چاوی بە بەرهەم و کۆششی ئەو خوشکانەدا گێرا کە لە مێژووی شانۆوە تا بە ئەمڕۆمان رائەگات، بەردەوام بوون لە خزمەتی پەیامی هونەر بە گشتیو شانۆی کوردی بە تایبەتی.. بەلام باسەکەی تەنیا بریتی نەبوو لە ئەرشیف، بەڵکو بەو هۆیە سەرەکیانەدا چووەوە کە ئافرەتی کوردی لە تەختەی شانۆ دوور خستۆتەوەو بە درێژی لەم لایەنەوە بیروراو تاقی کردنەوەی خۆی لە بواری شانۆو کاری تەلەفزیۆن و لە ناو کۆمەلدا روون کردەوە.. لە کۆتایی باسەکەی، سەرژمێری ئەو تیپانەی کرد کە لە شانوگەری پیشان دراویان دا رۆلی ئافرەتیان دەرخستووە..

بەلام، کاك صلاح خۆشناوی هونەرمەند دەربارەی



تیپەکە دەخاتە روو.

**بۆ ئێوارەی هەمان رۆژ، مامۆستای هونەرمەند فەرهاد شریف باسێکی بە ناوونیشانی «ئیستاتیکا لە هونەری شانۆیی‌دا» پێش کەش کرد، کە بەدرێژی لەم لایەنەی هونەر قسەی کردو بیروڕای خۆی دەربری.**

## رۆژی دووەم...

دەتوانم بلێم، رۆژی دووەمی دیدار کەلێك کەمتربوو، ئەویش بە هاتنی گەلێك هونەرمەند لە قوتابیانی پەیما نگای هونەرە جوانەکان، کە بەشداری زۆربەی لایەنەکانی کۆری ئێوارە بوون، ئەوەبو سەرلە ئێوارەی ئەو رۆژە کاك حیدرعبدالرحمن لە دووتوێ باسێکی فراواندا باسێکی بە ناوونیشانی «کێشەکانی شانۆی کوردی» خوێندەوە، کە

«دەنگ و هونەری دەنگ» دوواو لەم باسەدا پەنجەی خستەسەر هونەری دەنگ و لێ هاتوویی هونەرمەند لەم بوارەدا گەلێك نموونەی بۆ بەڵگەی باسەکە هێنایەوە.

کاك محمود بیوەی لە نێوان باسەکانی ئەو ئێوارە کورەدا «ئاوڕدانەوەیەك بە شانۆی کوردی»ی پێش کەش کرد کە بریتی بوولە تێ ڕوانین و پێداچوونەوەیەکی بەرهەمە هونەرییە شانوگەرییەکانی کوردیو سەرنجی خێرا بەو بەرهەمانە و دەربڕینی بیروڕای نووسەر لەم لایەنەوە...

بەڵام کاك مؤید فقی ـ باسەکەی خۆی بە ناوونیشانی «ئەکتەر لە شانۆی گریکی کۆندا» پێش کەش کرد کە چەندان سەرچاوەی باس کرد و دوای ئەوە گفتوگۆلە سەر تێکڕای باسەکان کرا.

جارێکی‌تر ئافرەت...

کێشە، کێشەی ئافرەت بوو، بۆ ئێوارەی سێیەم، جارێکی‌تر باسەکەی کاك مەغدید حاجی لەم لایەنەدا گیرسایەوە، بەڵام هەر بەتەواوی جیابو لەوەی پێش کەش کرا، لە نێوان باسەکەی نووسەردا ناوی گەلێك ئافرەت و بەرهەم و سەرچاوەو پەراوێزی واهات، دەتوانم بڵێم، هیلاکی تەواوی پێوە دیاربوو، بەتایبەتی لەکاتی گەڕانی‌دا بە شارەکانی کوردستان بۆ دۆزینەوەی زانیاری ڕاستەوخۆ لە بارەی ئافرەت و مێژوو... ئافرەت و شانۆو ئەو تیشکە تازانەی لەبەردەم ئافرەتی کورددا کرانەوە بۆ نزیك بوونەوەی شانۆو بەرەو پێشەوەبردنی.

کاك دڵشاد سامان ـ یش بە باسێك بەشداری لە دیدارەکە کرد کە بریتی بوو لە هونەرمەندی شانۆیی «جان ڤیلار»و بەدرێژی لە ژیان و بەرهەمی دووا.

شێرزاد حسن ـ ی چیرۆك نووسی هونەرمەند، بە دوای بابە تێك کەوت، کە شێوەیەکی تایبەتیو لەزەتێکی تازەی‌دایە دیدارەکە، ئەویش بە دواکەوتنی ئەو پرسیارەبوو «کێ ویلی لۆمانی کوشت» کە زۆر لە سەر خۆو هێمنانە کارە کتەرەکانی ئەو بەر هەمە ڕەنگینەی ڕوون کردەوەو زۆر بەزیرەکانە بۆ شیتەڵ کردنی کارەکتەرەکان چوو، سەرباری شێوەی جوانی دەربڕین و ئاخاوتن.

ئێوارەی ڕۆژی چوارەم، سێ باسی‌تر یەك بە دوای یەك پێش کەش کران کە وای لە بینەرانی دیدارکرد زیاتر ئاستی دیدارەکەیان بێتە پێش چاو...

هونەرمەند چەتۆ حسن، باسی چەند سەرنجێکی شانۆیی‌کرد.. بەتایبەتی ئەو بەر هەمە شانۆیی‌یانەی کە لە هەولێردا پێش کەش کراون و هونەرمەندی ناوبراو لەگەڵ سەرنجەکانی‌دا تاقی کردنەوەی هونەری خۆی لەم ڕووەوە گێڕایەوە لەگەڵ شانۆو هونەری شانۆ..

بەڵام زایەر عبدالله ـ ی ئەکتەر دەربارەی «ئەکتەرمان لە بواری شانۆدا»ی باسی خوێندەوە، کە تیایدا لە ڕۆڵی ئەکتەری کورد دوواو ئەو ئەرك و پێویستی‌یە گرینگانەی ڕوون کردەوە کە پێویستە لە هونەرمەندی ئەکتەردا بێتەکایەوە..

هەروەکو لە باسەکەدا، چەندین سەرچاوەی بە بەڵگەی هێنایەوە و لە کۆتایی‌دا زۆر لە سەرخۆ وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە کەپەیوەندی بە تێرکردنی باسەکەوە هەبوو.

ئازادی مولود بە باسێك دەربارەی هەندێ لایەنی هونەری لە شانۆ نامەکانی حەفتاوە تا ئەمڕۆ بە شداری کرد کە بەتێرو تەسەل دەربارەی تێ بینی‌وتێ ڕوانینی خۆی دووا لەبواری ئەو بەرهەمە شانۆیی‌یانە کە پێش کەش کراون، لە ڕووی دەق و لایەنەکانی ترەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی..

«زۆرانبازی لە شانۆی ستدنڵێرگ»دا ئەو ناوونیشانەبوو کە کاك ڕێدار ئەنوەر بۆ باسەکەی خۆی هەڵی بژاردبوو...

هەروەها هونەرمەندی لاو شاهێن نجم الدین باسێکی بە ناوونیشانی «بەڕێوەبەری شانۆیی» پێش کەش کرد، لە باسەکەدا بە درێژی لە ئەرك و هۆو پێویستی پەیدابوونی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو قسەی کرد...

پاشان هونەرمەند تەلعەت سامان بەتێکڕا باسەکانی دیدارەکەی بەروون کردنەوەو بەراووردو ڕەخنە

هەڵسەنگاند. . .

دوای ئەوە بەیاننامەی کۆتایی دەزگاکە بەبۆنەی سازکردنی دیدارەکە خوێنرایەوە.

لە ڕۆژانی دیدارەکەدا، لە هۆڵ و لەسەر شانۆو لە دەرەوەیدا، گەلێك قسە دەربارەی دیدارەکەکرا، لە هەموویان گەورەتر، خەون و خۆزگەی هونەرمەندان بوو بۆ هێنانە دی دیدارێکی تر کە هەموو کوردستان بگرێتەوە، بۆیە، کە هونەرمەندان قسەیان دەکرد، بە خۆشەویستی و عەشقەوە، خۆزگەیان دەخواست، هەموو ساڵێ، ئەم دیدارە بێتەوە، تەنانەت لە سەرئاستی هەموو کوردستان کە گەلێك دەرگای نوێتر دەخاتەوە سەر پشت بۆ خزمەتی پەیامی شانۆ. . ئەم خەونەش کارێکی پیرۆزو ڕەوایەو هیوامانە بێتەدی. .

ڕۆژانی دیدارەکە لەیادناچنەوە.

بەدڵنیاییەوە دەڵێم، ڕۆژانی دیداری شانۆ، ڕۆژانێك بوو لە یاد ناچنەوە، وەك زامداری سەرپەرشتی کارو خەمخۆری دیدارەکە ووتەنی، سڵاو لە داهێنان و شەڕە داهێنان، سڵاو لە شیعرو چیرۆك و شانۆی پێشڕەو. . .

سڵاو لە دیداری پێشڕەو.

ئەمەش دەقی ووتەی کۆتایی هاتنی دیدارەکەیە

## بەیاننامەی کۆتایی یەکەم دیداری شانۆیی کوردی

لە 26ەوە بۆ 30تشرینی یەکەم دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی یەکەم دیداری لە مێژووی شانۆی کوردیداو کارگێران لە بزوتنەوەی شانۆیدا لە پارێزگای هەولێر سازکرد بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆو ئەدەبی شانۆیی لە هۆڵی نەقابەکانی کرێکاران و بە چاودێری بایەخدارانەی بەڕێز سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن مامۆستا یحی جاف و لە کاروباری ئەم دیدارەدا ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و لێکۆڵەرەوەو ئەدیبەکان لە ئەوە جۆر بە جۆرەکان بە باس و لێکۆڵینەوە بەشدارییان کرد کە لە زۆر لایەنەوە لە شانۆو ئەدەبە کەی دەدوان.

ئەم بایەخدانە بە شانۆ لەوە هات کە خەزێنی هەرە گەورەی ڕووناکی تاقی کردنەوەی ژیانی مرۆڤەو لە خاوەن فەلسەفەیەکی واقعی مرۆڤی لە نیشتمانە ئازیزە کەماندا و دەربڕی مەسەلەکە بە قوڵی و بایەخدانی بە ڕەوتی مرۆڤ و خەباتی بەدرێژایی مێژوو لە ماوەی دەستەیەکی چاك لە کاروباری درامای ڕەسەن و وەرگێڕراو هەروەها چونکە شانۆی کوردیمان گەیشتۆتە قۆناخێکی پێگەیشتویی نیسبی لە هوشیاری و دەربڕینە بە بەهاکانیان.

باس و لێکۆڵینەوەکان لە دیدارەکە زۆر لایەنی یانیان گرتەوە: مێژوو و هونەری جوانکاری و ڕوانین و دەربڕینی ڕاست و شان بەشانی لێکۆڵینەوە لە باسەکان و قسە لە سەر کردنیان لە کۆبوونەوەکانی دیدارەکەدا کە پڕ بوون لە ڕاستی و دەربڕینی دیموکراتی یانەی برایانە لیژنەی سەرپەشتکار پۆستەرێکی نموونەیی چاپ کرد کە وێنەیەکی تەواوی دیدارەکە دەنوێنێ، مرۆڤ و شانۆو شارستانیەت، سەرەرای چاپکردنی بەر نامەی دیدارەکە لەگەڵ بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی چالاکی یەکانی دیدارەکە لە هەموو لقەکانی ڕاگەیاندنەوە.

ڕستەی ئەوەی لەم دیدارەدا لە چالاکی و باس و لێکۆڵینەوەی جدی کە پێشکەش کران لە چوارچێوەی هەوڵی نەخشەکێشراوی دەزگاکەماندا بوو کە ڕەوتی بەخشش فیکری و ڕۆشنبیری و هونەری کوردی یە لەماوەی نێوان شانۆو داهێنان و جەماوەری خاوەن هەست.

کە ئەمرۆکە پێ لە سەر ئەرزیەتی یەکەم دیداری شانۆی کوردی و دنیا بەرفراوانەکەی دەچەسپێنن و بەهیوای ئەوەی دیدارەکانی ڕێگای پاشەڕۆژ بەرەو چەسپاندنی ئەم هونەرە مەزنە لە مێژووی گەران و ئاوات و شارستانیەتی ڕووناکیا.

سەرجەمی بزووتنەوەی هونەری لەسەرتاپای وڵاتا لە سایەی چاودێری و بایەخی بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام

حسین ەوە (خوا بیپاریزێ) بە هەموو لقەکانیەوە لەبرەودایە لە ژیانی کۆمەڵدا هەروەها لایەنی بزوتنەوەی شانۆیی جێگای بایەخی گەورەی بەرێزی‌یەتی، بێ شانازی‌یە ئەم بایەخە بە کاری رۆژانەمان ببینن لە سەرجەمی بزوتنەوەی شانۆدا بەتایبەتی شانۆی کوردی‌مان. کە سەر کردایەتی شۆرش و حزب بایەخی گەورە دەدەن بە پیشکەوتنی کۆمەلی کوردی‌و ئاسۆی ژیانی کۆمەلایەتی‌و رۆشنبیری‌و هونەری.

ئیمە کاتی کاروباری دیدارەکە دوای دێنین کە بەراست دیدارێکی پێشرەو بوو لە شانۆی کوردیدا رێزی تەواو و قولمان ئاراستەی ئەوانە دەکەین بەشداری سەر کەوتنی‌یان کردو چاومان لەوەیە هو نەرمەندانی شانۆ چالاکی‌یان لە بزوتنەوەی بەردەوامی شانۆدا بەردەوام بێ بە بەخشش زیاتر لە پێناوی مرۆڤی عیراقی داهێنەرو بیناکاری شارستانیەت لەسەر دەمی سەرکەوتنی عیراق و پیشکەوتنیا بەسەر کردایەتی سەرەکی تێکوشەرمان هاورێ صدام حسین - خوا بیپارێزێ -.

## کۆمەڵەو دوو پیشانگا لەمانگێك دا..

دیاردەیەکی گەش لە هەولێر، کردنەوەی بەردەوامی پیشانگایەو هۆڵە خنجیلانەکەی قوتابخانەی ئەیوبیە مانگە نیە چەند پیشا نگایەك نەخاتە ئەمێز خۆی..

کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لقی هەولێر دوو پیشانگای‌یەك لە دوای‌یەکی بۆ هونەرمەندان کەمال سەعدی‌و جەوهەر محمد کردەوە..

پیشانگاکەی کەمال سەعدی وێنەی سرووشت و جوانی‌ی وگەلێك بابەتی کۆمەلایەتی نەخشاندبوو، هونەرمەندی ناوبراو جگە لە دەستی هونەری ئارەزووی نووسینی‌هەیەو گەلێك بابەتی بلاوکردۆتەوە، بەتایبەتی نۆبەرەی «وون بوون».

ئەندامی نەقابەی هونەرمەندان و کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردە.. دەربارەی پیشانگاکە ووتی..



هەولم داوە لە پیشانگاکەم دا ریبازی واقیعی بەکار بێنم، کە نزیکە لە کۆمەڵەوەو شێوازێکی نزیکە بۆ دەربرین.. کە تابلۆکانم دەکێشم، وێنەی مرۆڤ و ژیان دەکێشم و هەولێ دەربرینی ژیان دەدەم و بابەتەکانم لە تێرامانی ژیانەوە لە دایك دەبێ...





**بەڵام، هونـەرمـەنـد جوهـر محمـد، لە هەگبەی ئەمجارەدا، هەوڵی ئەوەی دابوو لە گەڕان بەردەوام بێ بۆ دۆزینەوەی دەنگ و ڕێبازی خۆی. . .**

ئەوەی لە هونـەری جوهـر محمـد دا دەردەکـەوێ، ووردەکاری‌و داهێنانی ڕەنگە، هەروەکو خۆی بۆ گۆڤاری ـ بەیان ـ دوواوتی. .

کارێکی ئاسان نیە هونەرمەند ڕێبازێکی دیاربۆ خۆی بدۆزێتەوە، لە بەرئەوە بە دوای خۆی‌دا دەگەڕێ. .

لەم پیشانگایەدا سوودم لە کە لە پوورووەرگرتووە، کە هەمیشە یارمەتی هونەرمەند دەدات و بەرهەمی تاقی کردنەوەی تیژ دەکات. .

جوهر محمد، هونەرمەندێکی لاوی لێ هاتووەو پیشانگای یەکەمی لە 1978 کردۆتەوە، تا ئێستا بەشداری لە زۆربەی پیشا نگاکانی هاوبەش دا کردووە.

## کۆڕێکی زانستی، یان شەختەشکاندن؟

سازکردنی ئێوارە کۆڕێکی زانستی‌و بە ناوی «مایەسیری» لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی لە هەولێر بۆ کاك جلال صدیق صالح، شەختە شکاندن بوو، چونکە بۆیەکەم جار بابەتی وا زانستی لە هەولێر پێش کەش بکرێ. . بەتایبەتی بە نیشان دانی وێنەو سلایدو بە ڵگەی زانستی. . .

هەروەکو زۆر بەزیرەکانەو لە دووتوێ باسێکی نەنرخ دا، توانی سەرکەوتن لە بابەتەکەدا بەدی بێنێ. .

جلال ـ ی دوکتور، لە باسەکەی‌دا بە شێوەیەکی لە سەرخۆ، لەو نەخۆشی‌یەو هۆو ئەنجامەکانی دووا، سەرباری دەست ـ نیشان کردنی ئەو ڕێ‌و شوێنانەی کە دەبنە هۆی خۆ پاراستن لەم نەخۆشی‌یە پاشان، گفتوگۆ دەربارەی بابەتەکەکرا، شایانی باسە کە مامۆستا محمود زامدار کۆڕەکەی بەڕێوە بردو دەستی ڕێزی لە کۆشش و جورئەتی کاك جلال ناو ئومێدی خواست کە ئەم جۆرە کۆڕانە بەردەوام بن.

## خەج و سیامەندو کۆڕێك. . .

هەر لە دەزگای خۆمان، کۆڕێکی ڕەخنەگرتن بۆ نووسەر حیدر عبدالرحمن لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر سازکرا، کە



بریتی بوو لە پێش کەش کردنی بابەتێکی ڕەخنەیی دەربارەی شانوگەری ـ خەج و سیامەند ـ ، لە سەرەتادا مامۆستا زامدار ووتەیەکی خوێندەوە، کە بایەخی ئەم چەشنە کۆڕانەی روون کردەوە لە بواری شانۆدا، هەروەها دەست نیشان کردنی هەنگاوی پاشەڕۆژی شانۆی کوردی. . .

ئەنجا کاك حیدر باسەکەی خوێندەوە کە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی دەقی شانوگەری‌و کاراکتەرەکان و بەراووردکردنی بە ب همەکانی ترو توانای دەرهێنەرو ئەکتەرەکان. . .

لە نێوان ئەوکۆرەکە ژمارەیەکی چاك لە نووسەرو هونەرمەندان ئامادەبوون، گفتوگۆ دەربارەی ناوەرۆکی باسەکەی کاك حیدرکرا، بەتایبەتی لە لایەن نووسەری شانوگەرییە کە کاك نازم دڵبەند، کۆرەکە نزیکەی سی سەعاتی خایاند.

لە کۆتاییدا، دەڵێین، چالاکی‌یەکانی هەولێر، لەم ماوەیەدا، زۆربوون، ئەمەش دیاردە یەکی ڕۆشنبیری پیرۆزە ومایەی بە ختەوەری گەورەیە بۆ پەرەپێ دانی بزووتنەوەی هونەرو ئەدەبی ڕەسەن کە لەم شارەدا ئەگەشێتەوە.

**«محي الدین طاهر» وێنەکانی گرتووە.**

## رابۆرتی سلێمانی

### گۆڤاری بەیان
### باوکی‌شنه - ئامادەی کردووه
### «کۆمەڵە چالاکیەکی شانۆیی»

لەم ماوەیەی دواییدا هۆڵە شانۆیی‌یەکانی سلێمانی کۆمەڵە چالاکیەکی شانۆیی لەئامێز گرت کەلەلایەن هەندێ تیپی ساوا بەڵام خەملیوی بەهرەو داهێنان پێشکەش بەخەڵکی کرا، لەڕاستیدا ئەگەر بشێ دەڵێین ووزەو سەلیقەی هونەری نامـرێ بەڵام تۆزێـك ئارام و بڕوا بەخـۆبـوونی دەوێ ئەو شانۆیی - یانەی بینیمان بەڵگە ڕاستی بۆچونەکەمانن.

[دەنـگ دانـەوە] یەکێك بوو لەو شانـۆیی‌یانەی لەلایەن تیپی شانۆی ڕۆشنبیری جەماوەر - ەوە پێشکەش کرا.

شانۆیی‌یەکە لەنووسینی - مەجید حەمید - و بەکوردی کردنی مامۆستای چیرۆك نووس - محمد ڕەشید فەتاح - و دەرهێنانی - کاوەجوتیار - بوو

دەرهێنەری شانۆیی‌یەکە لەزمانی - پیرۆز - ەوە «شەونم محمـود» بە بینـەران دەڵێ: دایك وەکـو زەوی‌وایە بەرامبەر نەوەکـانـی دڵ ڕەق نابێت بەڵام گەر پشت گوێ خرا، ئەوا ڕەق هەڵدێ‌و دەقلیشێت بەڵام ناڵێ هەر بەتەرویری دەڵێنێتەوە.

حەمە «مەریوان ئیبراهیم» دوای بەجێ هێشتنی دایکی «نـەرمین قادر» دەگـەڕێتـەوە بۆلایـان.. بەڵام بۆلای کێ؟ بۆلای دایکێکی کەڕەواڵەی بەساڵداچووی کوێر.

دوای ئەوەی جەمـە - بەسـەر دەست وپێ‌ی دایکـی کەفتـەکـاری نێوجێگادا دەکەوێ کە لەو وون بونەی ببورێ هیـچ وەڵامێـك نابیسێ بۆیـە تووشی هیستـریـا دەبێ‌و ئەو بێـدەنگی‌یـەی دایکی ئەوەندەی‌تر ویژدانی دەگوشێ‌و شێت گیـری دەکـا. لەگـەڵ ئەو حاڵـەتی هیستـریایەی ئەم دا - دایك - لەبەر خۆو لەژێر لێوەوە ئاواتی بەدیدار شادبوونەوەی - حەمـە - دەخـوازێ ئەگـەرچـی حەیـف بۆ ئەو خاك بەجێ هێشتنـەش دەخـوازێ.. ئەنجـام «پیرۆز» شەونم محمود - گرێی نهێنی‌یەکە دەکاتەوەو بە - حەمە - دەڵێ: دایکت نەدەبینێ‌و نەدەبیستێ.

بەڵام چونکـە کابـوسی ژیـان و تەمـەنی پڕ لە ژان و کوێـرەوەری نائومێـدی تێدانیـە بۆ ئەو کەسـانـەی هەمیشە چاویـان لەئـاسۆیە.. لەکۆتایی شانۆیی‌یەکەدا دوو منداڵێ ژیکەڵەی ئاڵ و والاپۆش بەگوڵێکی سورەوە دێنە حزوری - دایك - و چاوەکانی بەئاسۆ دەکەنەوە.

بەبێ هیـچ ئیشـارەت دانێـك تەواوی بەشـداربـووان سەرکـەوتـو بوون تەنیـا ئەوەنـەبێ کە ڕوناکی وەك پێویست زاڵ نەبـوو - حەمـە گیـانیش هەنـدێـك لەحیوارەکـانی پەلـەکـردنی تێـدابـوو من کە لەڕیـزی پێشەوە بووم بەحاڵ تێ‌دەگـەیـشـتـم بەڵام سەربـاری ئەو بۆشـایـی‌یـە چکۆڵانەیەش.. پیرۆزبایی گەرم بۆ ماندوبوون و تەقەللای ئەو لاوانەی کە هەموو دەست پێ کردنێك بەسەخت دەزانن

## چیرۆکی تەمسیلی «پێڵاوی سوور»

«خەڵاتی ئەندرسن» لەو خەڵاتە شۆرەت بڵاوانەیە کە بە نووسەرانی ئەدەبی منالان دەبەخشرێ.

«پێـڵاوی سوور» یش یەکێکـە لە چیـرۆکـە نایاب و سەرکەوتووەکانی «هانز کرستیان - ئەندرسن»ی دانمارکی.

- رزگـار کەریم - ی هونـەرمـەنـد دوای شانـۆنـامـەی - پەلـەمی ئەفسـونـاوی - وەك دووەم ئەزمـوون ئەم نۆرەیـە بەداهێنانێکی نوێ‌ترەوە.. یانی بەکوردی کردنی - دەقەکەو دەرهێنـان و ئامـادە کردنیـەوە چیـرۆکی تەمسیلی «پێڵاوی سوور»ی کرد بەدیاری بۆ منالان.

لە پرۆڤـەدا بوون ئێمـە وەك پەیـامنێـری گۆڤـاری‌بـەیـان دیـدەنی‌یـەکمـان کردن لەکـاك - رزگـار - مان پرسی: سەلیقەتان بۆ هەڵبژاردنی ئەم دەقە چۆن بوو؟

ئەویش ووتی: لەبەر چڕوپڕی بیروفەلسەفەی دەقەکە بۆ پەروەردەکردنی ڕاستەقینەی مێردمنالانی کورد هاتمەسەر ئەو قەنـاعـەتـەی ئەم دەقـە پەسەندبکەم.. جەوهەری چیرۆکە تەمسیلی‌یەکـەش ئەوەیە: ژنێـك هەیـە لەگـوندێکدا پێڵاو





دەدوری و دەیفرۆشێ، پیاوێکی کۆچەری کە ڕەمزی شەڕپەسی یە دەیەوێت لەڕێگای ڕەتاندنی «هۆمەرەی بێ کەس و دەرەتانەوە ئاواتە پیسەکانی خۆی بهێنێتەدی و ئاژاوە بۆ کوڕی میر «شازادە» بنێتەوە بەبەکارهێنانی

پێڵاوێکی سوری ئەفسوناوی کە هەوڵ ئەدات «هۆمەرەی بێ پەتی پێڵاوە سورەکانی شازادە بدزێت و ئەم پێڵاوە ئەفسوناوی یەکانی بۆدانێ.. ئیتر ئەوەی لەپێ ی بکا ئەم شمشاڵی بولێ ئەدات و پێڵاو لەپێ بۆی دێتە سەما. کەچی مەسەلەکە

وا ئەکەوێتەوە ئەو پێڵاوانە ئەبن بەتووشی «هۆمەرەی بێ کەسەوەو ئاژاوەیەکی زۆر لەناوچەکەدا بەرپا ئەبێت و کەسانی بەرەی خێر خوازیش کە «باپیرەخدرو دایەن و قالەو کاکە بۆرو منالانی وەك گۆران و چنورو چرۆن... هەوڵ

ئەدەن بەیارمەتی گاردەکە بەسەر ئەو پیاوە کۆچەری یە شەیتانەدا زاڵ بن و لە ناوچەکە دەری پەڕێنن.

لەئامادە کردنی ئەم نامە ڕۆشنبیری یەدا بووین کە



بیستمانەوە چیرۆکی تەمسیلی «پێڵاوی سوورە لەتەلەفزیۆنی تەئمیم نۆرەی تۆمار کردنی هاتووەو لەداهاتویەکی نزیکدا ڕووناکی دەبینێ..

# پایزۆری بەغدا

## ★ ڤیستیڤاڵێك

یەکێتی ئێسگەکانی وولاتە عەرەبیەکان لە 15 ـ 25 ئەکتۆبەر ـ تشرینی یەکەم لە تونس دا یەکەمین میهرەجان بۆتەلەفزیۆن ساز ئەدەن و خەلات بە چاکترین سیناریۆی تەلەفزیۆنی و باشترین دەرهێنان و بە نرخترین بەرهەم ئەدەن و دەستی ڕێزلێ نان لە ئەکتەری چاك ئەنێن.

ئەشێ بلێین ئەمە یەکەمین ڤیستیڤاڵە کە بۆتەلەفزیۆنی ولاتە عەرەبیەکان برەخسێ.

## ★ چاکترین کتێب خەلات ئەکرێت

لە پیشانگای دەیەمی کتێبی عەرەبی دا کە لە کوێت دا سازدرا هەندێ کتێب لە سەرجەلەدا دانراو بە باشی نرخێندراو نوسەرەکانیشیان خەلات کران وەکو:

1 ـ کتێبی «دڵ لە کاتی نەخۆشی و لەش ساغیدا» نوسەرەکەی

سەعید سایغە.

2 ـ بنەماکانی زانیاری فسیولوجیا نوسەرەکەی رشدی فتوحە.

3 ـ مێژووی ئەدەبی عەرەبی بەشی 6 نوسەرەکەی عومەر فروخە.

4 ـ ئاوێنەی نزیك بەیەك نوسەرەکەی جابر عوسفورە.

5 ـ لە بواری تەرجەمەکردندا فؤاد زکریا خەڵات کرا..

ئەم کتێبانەش یەکەم و دوهەم دەربارەی زانیارین، سێیەم و چوارەمیش دەربارەی هونەرووێژەو بوارەکانی ترن..

بێجگە لە خەڵاتی پارە بروانامەی رێزلێنان ومەدالیای زێرین و... هەروەها چ لایەنێکیش چاپی کردبێ ئەوە ئەویش خەڵات ئەکرێ..

خۆزگە ئەمەیش لەلای خۆمان ئەکرا.

## ★ سەمیح ئەلقاسم و کۆمەڵە شیعرێکی بێ‌هودە؟!



سەمیح ئەلقاسم ـ ی شاعیری فەلەستینی.. کۆمەڵە شیعرێکی تری بە چاپ گەیاند.

ئەڵێن ئەمە دوا کۆمەڵە شیعرێتی و بێ‌هودەییشی پێوە دیارە..

بەڵام کێ ئەزانێت؟ چونکە تا خوێن لە گیانی شاعیردا بگەڕێت شیعر سەوز ئەکات وگرێی زمان ئەکاتەوە.

## ★ هەزار ساڵە شەریف ئەلرەزی شاعیر کۆچی کردوە

بەم بۆنەیەوە وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن میهرەجانێکی گەورەی رۆشنبیری سازدا. گەلێ لە پسپوران و شارەزایان توژینەوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم کەڵە شاعیرە پێشکەش کرد لەوانە:



د. نوری حەمودی ئەمینداری گشتی‌ی کۆری زانیاری عیراقی

د. عناد غزوان مامۆستایە لە زانکۆی بەغدا.

حەمید هیتی عەمیدی کۆلێژی ئاداب زانکۆی موستەنسرییە

د. عبدالاله سائیغ.

د. کامل مستەفا شیبی.

مامۆستا گۆرگیس عواد

مامۆستا محمد شەلەشی شاعیر

د. ئەحمەد مەطلوب.

## ★ فەرەنسا لە بواری رۆشنبیری‌دا.. بەچیەوە سەری قاڵە؟



فەرەنسا ئاهەنگ بە بۆنەی جەژنی دەیەمی دەرچونی گۆڤاری لیرو زنجیرەی (500)می بەرنامەی تەلەفزیۆنی (ئەبوستروف)ەوە ئەگێرێت. .

برنار بیفۆ خاوەنی ئەو دوو شاکارەیە واتە گۆڤاری لیر کە گۆڤارێکی رۆشنبیری ی گشتی یەو لە جیهاندا رەواجێکی* زۆری هەیە. . هەروەها ئامادەکەرو پێشکەش کەری بەرنامە تەلەفزیۆنیەکەشە واتا (ئەبوستروف). . لە بەرنامەکەیدا هەر جارەی پێنج شەش نوسەر بانگ ئەکات کە تازە کتێبیان کەوتبێتە بازارەوەو پەیوەندی یەکی گەرچی کەمیش بێت لە نێوان کتێبی هەر پێنج شەیتان دا هەبێت. . جا ئەم پیاوە سەیرە. . پرسیاری سەیر سەیریان ئاراستە ئەکات. . . خویشی دیمەنی سەیرەو بۆ گاڵتە جاری ئەشێت خەڵاتی باشترین نوسەریشیان ئەوەیە زۆر بە خێرایی کتێبەکانی ئەفرۆشرێن.

## ★ شیعری کۆن و نوێ لەکوێدا ئەپارێزرێت؟!



لە خانووبەرەکەی ئەحمەد شەوقی شاعیری پایە بەرزدا شیعری کۆن و نوێ ئەپارێزرێت، چونکە خانووبەرەکەی ئەحمەد شەوقی خواڵی خۆشبو ئەکرێ بە کتێبخانەیەکی تایبەتی و شیعری کۆن و نوێی هەموو شاعیرەکانی جیهانی تێدا ئەپارێزرێت ـ هەروەها هۆڵی پێشانگای ئەشکلیشی لێ دروست ئەکرێت. . ئایا بۆ هەڵگرتن و پاراستنی چیرۆکی کۆن و نوێی جیهانیش هەمان شت ساز ئەدرێ ئایا خانووبەرەی کێ شیاوێتی؟!

## ★ ئەستێرەی رۆمانوسێکی ئیتالیا ئەکوژێتەوە



ئیتالو کالفینو کۆچی دوایی کردوبەم کۆچ کردنەش زیانێکی گەورە لە ئیتالیاو بزوتنەوەی ئەدەبی ئیتالیا کەوت. . . ناوبراو رۆمان نووس و رەخنەگر بو. . . لە بواری رۆژنامەگەری و چاپ و بڵاوکردنەوەشدا ئەوپەڕی زیرەکی ئەنواند. . بە گەلی زمان تەرجەمەی ئەکرد.

لە ولاتانی جیهاندا ناوبانگی دەرکردبو. . فەرەنسابیەکان چاکی ئەناسن، چونکە لە نێوان ساڵی 1965 ـ 1980 لەوێ بوە لە بواری رەخنەدا نرخێکی زۆری بە قوتابخانەی رەخنەیی و فەلسەفی نوێ ئەدا. . رۆلان بارت و جاك داریدا کاریان لێ ی کردبوو.

## ★ گۆڤاری لوتس

دوا ژمارەی گۆڤاری لوتس دەرچو، ئەم ژمارەیەش ژمارەیەکی تایبەتیەو هەمو لاپەڕەکانی بۆ ئەدەبی لاوان تەرخان کراوە. .

لوتس گۆڤاری یەکێتی نوسەرانی ئاسیاو ئەفریقیایە گەلێ لە نوسەرانی بە توانا لەم گۆڤارەدا ئەنوسن. . لەم ژمارەیەدا ئەلەکسی لاغوما (سازەکە فڕی تا پشوبدات)ی نوسیوە لە بارەی چیرۆکی ئەردەنیەوە مۆنس رەزاز نوسیویەتی هەروەها گورگن لسکین ـ ی جەرمەنی و جەمعی قادری جەزایەری و کامل ناسرولوی شاعیری یەکێتی شورەویی و رفعت حوسەینی ئەفغانی و. . . بەرهەمی خۆیان

بڵاوکردۆتەوە.

هۆنراوەیەکی (ئەزراج عمر)ی جەزایەری خەلاتی لوتس ـ ی پێ بەخشراوە.




## ★ «سلێمانی 200 ساڵ»

لەلایەن دەزگاکەمانەوە ـ (دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیەوە) کتێبی «سلێمانی 200 ساڵ» کە دەربارەی هەموو لایەنێکی شاری سلیمانیە چووتە ژێر چاپەوە..

مامۆستا ئەکرەم مەحمود رەباتی نوسەری ئەم کتێبەیە د. عیزەددین مستەفا رەسول پێشەکی بۆ نوسیوەو پێیدا چووەتەوە.

ئەم کتێبە بەنرخە نزیکەی هەزار لاپەڕە ئەبێ وگەلێ وێنەی بەنرخیشی تێدا هەیە.

## ★ شاری ئەوین

کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ـ هەولێر لەسەر تەختەی شانۆی رۆشنبیری جەماوەر ـ ی هەولێردا شانۆگەری شاری ئەوین پێشکەش ئەکات.

کاك طلعت سامان ـ ی هونەرمەند ئەم شانۆگەرییەی نوسیوەو خۆیشی دەریهێناوە.

ئەکتەرەکان:

1 ـ غازی غەفور
2 ـ دڵپاك تاهیر
3 ـ شلێر ئەحمەد
4 ـ دڵشاد سامان
5 ـ ئاسایش عوسمان
6 ـ شوکروڵلاە شێخانی
7 ـ جەلال ئەحمەد
8 ـ ئازاد مولود خدر... هتد

کارە هونەریەکان:

| | |
|---|---|
| دیکۆرو جێبەجێ کردن | دارا حەمە عەلی و غازی غەفور |
| بەڕێوەبەری شانۆ | نەوزاد رەمەزان |
| مۆسیقا | شێرزاد عوزێری |
| ئارایشت | موئەیەد فەقێ |
| فۆتۆگراف | ( ) سەعدی |

## ★ هونەرمەندە تەشکیلیەکانیشمان کەوتونەتە چالاکی

کاك کەمال سەعدی لە 10/15 تا 10/18 پیشانگای خۆی لە هۆڵی فوتابخانەی ئەیوبیەی هەولێردا کردەوە.

هەروەها کاك جەوهەر محەمەد عومەری هونەرمەندیش لە 10/25 ـ 10/28 پیشانگای خۆی لە هەمان هۆڵدا سازداوە...

بڕیاریش وایە کاك ئیسماعیل خەیاتی هونەرمەندیش لە 11/15 تا 11/20 پیشانگای خۆی لە دیوەخانەی جەمیل ئەفەندی لە قەلای هەولێردا بکاتەوە.

لە 10/12دا ئەم هەواڵانەمان لە کاك طلعت سامان و غازی غەفورەوە پێگەیشت سوپاسیان ئەکەین.

## ★ تیپی نواندنی چراو یادی

## «200 ساڵەی شاری سلێمانی»

تیپی نواندنی چرا بەبۆنەی تێپەڕبونی یادی 200 ساڵەی شاری هەڵمەت وقوربانیەوە «سلێمانی» بەرهەمی «بوکی سلێمانی» بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرد.

کاك لەتیف سابیر ساڵح قەراخی ئەم بەرهەمە واتا بوکی سلێمانی نوسیوە. شێخ ئیسماعیل بەرزنجی راهێنانی گرتبوە ئەستۆو کاك زوهێر عەبدول مەسیح ـ ی هونەرمەندیش بۆ تەلەفزیۆنی دەرهێنا... زۆربەی دیمەنەکانی (بوکی سلێمانی) لە ناوچەی قەڵاچوالان ودەربەندی بازیان وتەپاڵ و «ووڵ وبلاخ» گیراوە. گەلێ دیمەنیشی لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی تەئمیم دا تۆمار کراوە.

لێرەدا ئەتوانین بە ناوی هەمولایەکەوە سوپاسی ئەو هاوڵاتیانە بکەین کە هاریکاریان لەگەڵ هونەرمەندان دا کردووەو بە هەمو شێوەیەك دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کردوون...

● ناوەرۆکی ئەم بەرهەمە باسی دروست بونی شاری سلێمانیە بێگومان لە کاتی بابانیەکانەوە...

(بوکی سلێمانی) کارێکی گەورەیەو بەسەر 24 بەشدا دابەش کراوە کە سەرجەمیان ئەکاتە دەورەی 12 سەعات تیپی چرا کە ئەم کارە پیرۆزەی جێبەجێ کردووە سەر بە تەلەفزیۆنی (تەئمیم)ەو لەم بەرێزانە پێك هاتووە:



1 ـ شێخ ئیسماعیل بەرزنجی ـ سەرۆکی تیپ.
2 ـ حەسەن حوسەین دلسۆز ـ بەرێوەبەری هونەری.
3 ـ کەمال ئەحمەد حەمە غەریب ـ رازگری گشتی.
4 ـ جەمال محەمەد شەریف ـ ژمێریار.
5 ـ کەمال رەحیم حوسەین ـ رازگری پەیوەندی دەرەوە.
6 ـ ئاوات حوسەین عەلی ـ ئارایشتکەرو دیکۆرکێش و خۆش نووس.
7 ـ عومەری هونەرمەند ـ یەدەگ (احتیاط)

داوای سەرکەوتن بۆتیپی چرا ئەکەین هیوادارین کە وەکو چرا شوعلەداربێ و هیوادارین بەم زووانەش بوکی سلێمانی نیشان بدرێت و دیدەی بینەران مەست بکات.

---

لە مەربەدەوە بۆ بەغدا ، میهرەجانی وشەی ڕاستی گوێی ئەمڕۆ و پاشە ڕۆژ..

# یانەی بەیان

ئەوەی کەشیاوی باسە گۆڤاری بەیان تائێستا تەمەنێکی باشی لەژیاندا بەسەربردووە، بەرهەمی هەمەرەنگە و بابەتی بەپێزو نووسینی پتەوی بڵاوکردۆتەوە. راستە جاروبار هەندێ بەرهەمی کزولاوازیشی بەخۆیەوە گرتووەو هانی خونچەگوڵەکانی داوە زیاتر بپشکوون و ببن بەگوڵی گەشاوەو، دەستی ئەو لاوانەی گرتووە کە تازە پێ‌دەنێنە جیهانی ئەدەب و رۆشنبیری، بەڵام کە خوێنەر مافی‌ئەوەی لەسەر هەیە بەرهەمەکەی بۆبڵاوبکاتەوە ئەویش هەقی ئەوەی هەیە کە پەساپۆرتی بڵاوکردنەوە بەهەموو نووسینێ نەدا کە هێشتا ئەوەندە بەهێز نیە لەسەر زەمینەیەکی پتەودا هەردوو پێی دابکوتێ ،کەواتە نابێ ئەو گلەیی‌یە بکرێ کەهەندێ بەرهەم بڵاوناکرێنەوە، با پێشووش خاوەن بەرهەمەکان نووسینەکانیان تێپەڕبووبن. هیچ مەرج نیە هەموو بەرهەمێك بڵاوبکرێتەوە. ئیتر بەیان چاوی لەخامەی رەنگینی ئێوەیە. چی‌تیایە ئەگەر کەمێك خۆتان بەنووسینەکانتانەوە خەریك بکەن و ئەوەندە پەلە نەکەن لەنووسین، گۆڤارەکەشتان پشت و پەنای ئێوەن و چاوی لەقەڵەمی دەستی ئێوەیە.

- بەیان -

. بۆ کاك ل. ش. بابە: ئەو کورتە باسەی کەناردبووت لەگەڵ ئاستی شیعری شاعیر نەدەگونجا، لەراستیدا شیعرەکە لەنگەری کێش و ئیقاعەکەی تێکچووبوو، ویستم دەستکاریان بکەم، ئەو ئەرکەشم بەخۆم نەسپارد. چونکە شیعرەکە ئەوەندە بەپێزو بەهێز نەبوو کە رووی ئەوەی هەبێ لە «بەیان»دا بڵاوبکرێتەوە. وا بۆ نموونە دوو دێڕی بڵاودەکەینەوە:

وەسیەت بێ لەهەقی خۆتان نەکەن قەت دەس هەڵگرن
لای مەردان جەوهەری تۆڵە والەبازووی هەقدایە
گوڵ گوڵی ئەم خاکە خوێنی جەرگی رۆڵەی خۆتانە
حەیفە چاوی غیرەت ئەمرۆ بۆتەماع لەخەودایە

لە دواییدا نووسینی لەسەر شاعیرێ دەبێ رووێکی لێکۆڵینەوە بەخۆیەوە بگری، نووسەر بەقووڵایی دەروونی شیعرەکاندا شۆڕبێتەوە، لەرووی هونەرییەوە هەڵیاسەنگێنێ، تەنیا نووسینێکی رووت، شتێکی ئەوتۆ بەدەستەوە نادا.

ئیتر ببوورە کە نووسینەکەمان بڵاونەکردەوە.

● کاك .ب.ع. حەسەن پێنج خشتەکی‌یەکی بۆناردووین لەسەر شیعرێکی (ئەخۆڵ) بەڵام بەداخەوە سەرکەوتنی وەدی نەهێناوەو ئیقاعەکەی تێکداوەو ووشەی دووپات کردۆتەوە، دەبێ کردنی شیعر بەپێنج خشتەکی هونەرکاریی ئەوجۆرە شێوازە تێدابێ کە شاعیرەکە خۆی پەیرەوی کردووەو مەرجی بەهرەو بەپێزی شاعیرەکە نەخرێتە ژێر لێوەوە کە لە نرخی شیعرە ئەسڵی‌یەکە کەم کاتەوە، هەرچەندە لە هەندێ دێردا باشی بۆچووی بەڵام بەگشتی لەئاستی شیعرەڕەسەنەکە نیت. ببوورە.

● خاوەن هۆنراوەی (بەرەوسەنگەر) لەرووی دارشتن و رێنووس و ناوەرۆکەوە لاوازەو شیاوی بڵاوکردنەوە نیە.

دەبێ هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بدەیت بۆئەوەی لەجەوهەری شیعر بگەیت و بەئارەزووی خۆت ووشە ریزنەکەیت و بڵێی شیعرە. شیعر دەبێ لەدەروونەوە هەڵقوڵێ و مرۆڤ لەناخەوەبهەژێنێ.

● بۆ خوشکە گ. ش. عەلی: هەنگاوێکی پیرۆزە کە ئەمرۆ ئافرەتی کورد رووبکاتە مەیدانی ئەدەبیاتی کوردی‌و بەهۆنراوە هەستی خۆی دەربڕێ. هۆنراوەکەت گەیشتە پۆستەی بەیان. وەك دەردەکەوێ بەهرەی شیعریت تێدایە. بەڵام سوودت بەتەواوەتی لێ‌نەبینیوە، هەندێ‌جار هەستێکی شاعیرانە پاڵت پێوە دەنێ کە بە شیعر دەربڕیت

کەچی پاش چەند هەنگاوێك مەسەلەکەت لێ تێکەڵ دەبێ و شیعر دەبێ بە پەخشان. ئومێددەکەین ئەم خاڵە چارەسەر بکەیت و ورە بەرنەدەیت و بەردەوام بی. وا کۆپلەکی لێ بڵاودەکەینەوە:

ئارامەکەم
بۆ حەز دەکەی خونچەی ژینم
بوەرێنی!
شیرینەکەم
بۆ ئاواتە سۆزی دڵت
پەڕەی دڵم بسووتێنی؟
نازانم بۆ؟
ئارەزووتە بەگاسنی خەووخەیاڵ
کێڵگەی دڵم هێدی هێدی
هەمووکاتێ هەر بکێڵی
بۆ کڵوڵیم بەجێبێڵی..

● کاك (أ.م) لەرانیەوە دووپارچە هۆنراوەی بۆ ناردووین یەکەمیان بەناوی «لەگەڵت دێم»، کە ڕێچکەی خۆی گرتووەو چووتە قالبی شیعرەوەوە چاوەروانی بڵاوکردنەوەی‌یە، ئەوی دیکەیان کە بە ناوی «ئەوشەوەی کەبووم بە ئیمپراتۆر»ە وەیە ئەگەر بەخەیاڵیش بووبی بە ئەو، شیعرەکەت بەپێچەوانەوە مەرجی هونەری لەدەس داوە، ببوورە کە بڵاونەکرایەوە.

● بۆ خاوەن چیرۆکی «سەڵکە بزۆتك» چیرۆکەکە تەنیا گێرانەوەیەکی رووتە، تەکنیکی بەکارهێنانی چیرۆکی هاوچەرخی پێوە دیارنیە.

بابەتی بەیان نیە. ببوورە کە بڵاونەکرایەوە.

● بۆخاوەن هۆنراوەی «ژیانی جووتیار لەلادێ» هۆنراوەکەت درێژەو ساکارەو لەنگە. ئەم جۆرە هۆنراوانە هی ئەوە نین بۆ گۆڤارێکی وەك «بەیان» بنێردرێن. تەنانەت بۆ بەرهەمی لاوانیش دەست نادات. بەرهەمی بەپێزترمان بۆ بنێرە کە جێگەی خۆی بەچاکی بکاتەوە، نەشمانویست چەند دێرێکی بڵاو بکەینەوە چونکە چەنددێرێك مانا بەخش نین. ببوورە کەبڵاو نەکرایەوە چاوەروانی بەرهەمی ترت دەکەین.

● بۆخاوەن وتاری «کورتە سەرنجێك لە هەڵوێستەکانی شانۆی ئیرلەندی» کاکی‌برا ئەم جۆرە نووسینانە ناچنە خانەی لێکۆڵینەوە، چونکە تەنیا نووسینی دووسێ سەرچاوەو لەکۆتایی نووسینەکەدا مەرجی سەرەکی لێکۆڵینەوە نیە، دەبێ پێ‌بەپێ جێ‌پەنجەی ئەو سەرچاوەو رایانە دیاربێ و بخرێنە ناو دووکەوانەو لەکۆتایی باسەکەدا پەراوێزیان بۆبکرێ، ئەگینا کەی دیارکردنی یەك سەرچاوە نووسەر دەکات بەلێکۆڵەری باسەکە.

نووسینی ئاوا ئامادەکردنە، یا ڕێکخستنە یا کۆکردنەوەیە.

ئێمە پێویستمان بەلێکۆڵینەوەی تێرو تەسەلە لەسەر شانۆی کوردی وەك لێکۆڵینەوەی مەیدانی. ببوورە نووسینەکەت بڵاونەکرایەوە.

● «بۆ خاوەن وتاری دیمەنە شانۆیی‌یەکان» ئەم نووسینەی تۆش ڕێبازێکی کۆنی گرتۆتەبەر، خوێنەر نازانێ تۆچیت وتوە، کوا رای‌تۆ بەرامبەر بابەتەکە؟ ئایا ئەمە ئامادەکردنە یاخود وەرگێڕان؟ بۆ پەنجەت بۆ ناوی نووسەری کتێبەکان و ژمارەی لاپەڕەکان یەك یەك درێژنەکردوە؟ وابزانم لێ هاسان ترنیە کە لەرێگەی چەند کتێبێکەوە نووسینێك گەڵاڵە بکەیت بەڵام لەم نووسینەدا کە هیچ ڕایەکی نوێ تیانەبێ خۆ بەوەرگێڕانی دابنێیت زۆرباشترە لەوەی موڵکی خەڵکی‌تر بکەیت بەهی خۆت.

ڕاستە گۆڤاری «بەیان» باوەشی بو نووسینی نووسەران و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان کردۆتەوە، بەڵام بائێمەش پەیرەوی شێوازی نوێ‌بکەین، کە بابەتێك بەنووسینی خۆمان دادەنێین دەبێ جێ‌پەنجەی خۆمانی بەتەواوەتی بەسەرەوە دیاربێ، نەك هەمووی گواستنەوەبێ و ناویشی بنێین لێکۆڵینەوەو نووسینی خۆمان.

# دواوشە

## بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدەوە
## ڕۆژی لە هەموومان شکۆمەندتر...

شەهید.. ئای لەم ووشە بەرزو بەنرخ و نەمرە کە بەلاشەی پاك و بێگەردی خوێنەخت گەراندا هۆنراوەتەوە... گیانی نەمری رازاندوتەوە کە لە ڕێگای نیشتماندا بەخشیویانە.. لە پێناوی سەربەستی و سەربەخۆیی و ژیانێکی گەشەسەندوو بەختەوەرو کامەرانیدا.. بوگەل و نەتەوە...

گەلی عیراق... بەسەرکردایتی و هەموو کەرتە جەماوەریەکانیەوە لەر ڕۆژی 1985/12/1دا - یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە... ڕۆژی لە هەموومان شکۆمەندتر، کە ڕۆڵە دلێرو چاونەترساوە نەمرەکانمان، بەدەستی ناپاکی خوێنخواران و خوێنرێژان لە رژێمی چەپەڵی ئێرانی خومێنی شەهید کران بە کردارو کردەوەیێکی نامرۆڤایتی و دوور لە هەموو یاساکانی ئاسمانی...

بەڵێ... یادی ڕۆژی نەمری شکۆمەندەکانمان دەکەینەوە.. کە لەو ڕۆژەدا ئاسمانی نیشتمانی عیراقی پیرۆزمان ویستی پێشی گەلەکەمان دەست پێشگەر بێت پێشی بەرز بوونەوەی بانگ و سەلای - الله اکبر - الله اکبر لە مزگەوت و پەرستگاکاندا.. لەم ڕۆژە ئازیزەدا کە بەدڵ و هەناوی گەلەکەماندا چەسپاوە.. ئاسمانی ئەو ڕۆژە دەست پێشگەری خۆی نواند، لەژێر هەورێکی بەخشندە کە نیشانەی بەخشێنێکی خوایی بووە بۆسەر زەوی و خاکی شەهیدان... بۆسەر خاك و زەویی پەیغەمبەران بۆسەر خاك و زەویی شەهیدانی قادسیەی صدام..

ئەستێرە گەشەکانی رووی ئاسمانی خەبات و شکۆمەندان.. ڕۆژی ئەو ڕۆژە کە دایکان و باوکان.. خوشك و برایان شانازی پێوە دەکەن.. بەرۆڵەکانیان کە خۆیان بەخت کردوە لە پێناوی نیشتمانا کە پێویستێکی پێویست و قەرزێکی نیشتمانییە ئەبی بدرێ.. هەموو خێزانانی عیراق بەیەك دڵ و یەك دەنگەوە بانگەوازی شانازی خۆیان دەردەبرێ بە شکۆمەندەکانمان..

بەڵێ... بەڵی لە هەموومان شکۆمەندترن لە پێناوی هەمیشە شەکاوەی ئاڵای عیراق.. لە پێناوی دووبارە نەگەرانەوەی عیراقی خۆشەویستمان بۆژێر دەستی و درندەیی و بێگانەو پەرستی.. لەپێناوی مێرگ و مێرغوزاری هەمیشە هەشتی سەربەرزمان.. عیراقی قادسیەی صدام.. قادسیەی هەموو عیراقییەکی شەرەفمەند...

● بەیان ●

رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير
مصلح مصطفى الجلالي

بەيان
مجلة ادبية شهرية
تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغداد



**BAYAN**

Litrary Monthly Magazine
Ministry of Culture and Information
Issued by: The Kurdish House for Cultuer and Publişhing
Baghdad - Iraq

EDITOR IN CHIEF

**MUSLEH MUSTAFA JALALY**

نرخی (200) فلسه

دار الحرية للطباعة - بغداد